ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٨١١ ■ یەکشەممە ٣٠ی گەڵاڕێزانی ١٤٠٠ _ ٢١ی نوامبری ٢٠٢١
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## کوژران و برینداربوونی ١٥٣ کۆڵبەر و دەسبەسەرکردنی ٤٠٧ کەس لە کوردستان

لە دوو مانگی پاییزی ئەمساڵدا هەر نەبێ تا ئیستا ١٩ کۆڵبەر بە دەستڕێژی هێزە چەکدارەکان کوژراون یان بریندار بوون، ١١٤ کەس بە تۆمەتی ئەمنییەتی گیراون و ٥ بەندیی کوردیش لە زیندانەکانی کوردستان‌دا ئێعدام کراون.

«چاونیوز» دەڵێ کوژران و برینداربوونی ١٩ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە مانگی دوو مانگی ڕابردوو لەحالێکدایە کە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ١٣٤ کۆڵبەر بەر تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کەوتبوون، بەو پێیە ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا کوژراون یان بریندار بوون گەیوەتە ١٥٣ کەس.



لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ١١٤کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی، یان هاوکاری‌کردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کردووە. بە زیادکردنی ئەوە کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٢٩٣ کەس لە کوردستان بە تۆمەتی ئەمنیەتی دەسبەسەر کرابوون، ژمارەی گیراوەکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لانیکەم ٤٠٧ کەس بووە.

# خوێن نابێ بە ئاو، گەل بە سەرتانەوە ناچێ




سەروتار

## ئەو بارە لارەی بە کەس ڕاست نابێتەوە

عەلی بداغی

سەت ڕۆژ لە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ڕەئیسی، هەشتەمین سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانی تێپەڕی. سەت ڕۆژی یەکەمی دەسەڵاتی هەر سەرکۆمارێک بە قۆناغی زێڕینی دەوڵەتەکەی دادەنرێ، بۆوەی دەری بخا کە چەندە پێبەندی وادە و بەڵێنەکانی بووە، بۆوەی هێڵێکی گشتی و وێنایەکی سەرەتایی لە سیاسەت و ستراتیژییە سیاسی و ئابوورییەکانی بەدەستەوە دابێ و، بۆوەی بۆ بەردەوامیی خۆی، متمانەی خەڵک و دەنگدەرانی لە پشت کابینەکەی هێشتبێتەوە. لەو سۆنگەیەوە جێی خۆیەتی بزانین پێشکەوتنەکانی ڕەئیسی لەو ماوەیەدا چی بوون و ئەوەی خەڵک دەستیان کەوتووە و بینیویانە کامانەن؟ هەروەها عەداڵەت و دادپەروەری، خەبات دژی فەساد و ناکارامەیی و بووژاندنەوەی ئابووریی وڵات کە تەوەری سەرەکیی دروشمەکانی ڕەئیسی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بوون، چیی لە واقعی سیاسیی وڵات گۆڕیوە؟

سەرۆککۆمارەکانی ئێران هەرکام بە ناسناوێک لێک جیا دەکرێنەوە کە پێوەندییان بە وێژمانی سیاسی و کارنامەی بەڕێوەبەریی ئەوانەوە هەیە. تەمەنی سەرۆککۆماریی بەنی سەدر و ڕەجایی کەمتر لەوە بوو کە لە تاقیکارییەکان دەربچن و پاشناوێک بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، لە سەردەمی سەرۆککۆماریی خامنەییشدا کە ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات لە ئەستۆی سەرۆکوەزیران بوو. دوایە هاشمیی ڕەفسەنجانی ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## نرخەکان گوێڕایەڵی بڕیار نین

ڕەئیسی، سەرۆککۆماری داندراوی ئێران کۆمەڵە بڕیارێکی لەسەر سەقامگیریی نرخەکان لە بازاڕدا دەرکردووە، بەڵام پێچەوانەی بڕیارەکانی ئەو نرخەکان بەتایبەت نرخی کاڵا و خواردەمەنییە سەرەکییەکانی ژیان هەر دێ و گرانتر دەبێ.

پەیامنێری «کوردستان» لە ڕاپۆرتێکی مەیدانیدا دەڵێ نرخی برینج بۆ کیلۆی ٧٠ هەزار تمەن بەرز بۆتەوە. هەروەها نرخی شەکر و ڕۆن و گۆشتیش لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا سەتا ٣٠ زیادی کردووە. پێشتریش وەزارەتی سەنعەت و مەعدەن و بازرگانی ڕایگەیاندبوو سەتا ٨٠ی کاڵا بنەڕەتییەکانی ژیان نرخەکانیان بانتر لە قەیرانن کە هێلکە، ڕۆنەکەرە، سێو، پرتەقاڵ، پەتاتە، لوبیا، نیسک، چای و پەنیر بەشێک لەوانن.

کاربەدەستانی ڕێژیم دەڵێن چوونە سەرێی نرخی دراوی بیانی، کەمیی هاوردە و دابینکردنی کاڵا سەرەکییەکانی ژیان و گەمارۆ ئابوورییەکان هۆکاری ناسەقامگیریی نرخەکانن. بەڵام کارناسانی ئابووری بێ‌کیفایەتیی دەوڵەت لە کۆنترۆڵی ئاوسان و چاودێریی نرخەکان لە تەنیشت گەندەڵی و دزینی دۆلاری ١٤٠٠ تمەنی کە بۆ هاوردەی دەرمان و خۆراک تەرخان دەکرێ بە هۆکاری ئەو بارودۆخە دەزانن.

چاودێرانی سیاسی و چالاکانی مەدەنی دەڵێن لە ئێستادا کە قووتی ژیان و گوزەرانی خەڵک گرینگترین بابەتی کۆمەڵگەیە، بەڵام هەم دەوڵەت و هەم مەجلیس گوێیان لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک نووقاندووە و هەردوولا هیچ بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەری کێشەکانی بژیو و بەڕێچونی خەڵک نییە.

## تەڵاق، ئاسان وەک ئاوخواردنەوە

لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان لەبارەی لێکترازانی خێزانەکان لە ئێران دەڵێن هەتا دێ لە تاڵی و ناشیرینیی تەڵاق و جیابوونەوەکان لە کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە.

بەپێی تازەترین ئامارەکان سەتا ٥٥ی جیابوونەوەکان لەسەر ڕەزامەندیی دوولایەنن، سەتا ٣٤ی لەسەر داوای ژنان و ئەو جیابوونەوانەش کە لەسەر پێداگریی پیاوان بووە تەنیا سەتا ٧ بووە؛ ئەمە دەردەخا کە ژنان پتر لە پیاوان لە دۆخی ژیانی هاوبەشیان ناڕازی بوون.

داتاکانی لێکۆڵینەوەکان سەرنجڕاکێشن: لە نێو ژناندا سەتا ٨٩ی کەسەکان دوای جیابوونەوە هەستیان بە ئاسوودەیی و ڕەزامەندی کردووە و تەنیا سەتا ١١ لە دۆخی دواتریان نارازی بوون. لەنێو پیاوانیشدا سەتا ٨٣ لەسەر بڕیارەکەیان سوور بوون و سەتا ١٧یان هەستیان بە پەشیمانی کردووە. هەروەها ژنان گوتوویانە کە دوای جیابوونەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان پتر بووە. دەرەنجامێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیە کە سەتا ٥٧ی ئەوانەی ئەزموونی جیابوونەوەیان بووە، سەرلەنوێ ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوەتەوە کە لە پیاواندا سەتا ٦٨ و بۆ ژیانی پێشتر جیابۆوە سەتا ٤٨ بووە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هیوا بە ژیانێکی هاوبەشی باشتر و سەرکەوتوو پاش تەڵاق لە ژیاندا کەمترە، یان دەکرێ ئەو ئاکامەشی لێ وەربگیردرێ کە ئەو هەلە دواتر بۆ پیاوان زیاتر بووە. توێژینەوەکان دەڵێن نێونجی ماوەی ژیانی هاوبەشی زۆربەی زۆری تەڵاقەکانی ئەمساڵ لە نێوان ١ تا ٥ ساڵ بووە.


دادخوازی و نەبوونی عەداڵەت لە نێوخۆی وڵاتدا
٣


ئەخلاق لە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەییدا
٥


دادگای گەل چەند وانەیەک بۆ نەتەوەی کورد
٦


کێ لە خوێندنی چەند زمانە دەترسێ؟
٧


ئەو دەریای خوێنەی قەت هەڵنەچۆڕا
١٠

کوردستان
ژمارە ٨١١
٣٠ی گەلاڕێزانی ١٤٠٠ _ ٢١ی نوامبری ٢٠٢١

درێژەی سەروتار

# ئەو بارە لارەی به کەس ڕاست نابێتەوە

... بە ئیدیعای «سازەندەگی» و بنیاتنانەوەی وڵات -دوای شەڕی عێراق- جڵەوی کاروباری گرتە دەست، خاتەمی ناسناوی مێعماری وتووێژی شارستانییەتەکانی! پاوانی خۆی کرد و جاڕی ئیسلاحاتی دا. ئەحمەدینژاد بە دروشمی عەداڵەتخوازی ٨ ساڵی بە داهاتی زۆروزەوەندی نەوت بەڕێ کرد و ڕوحانی کە هەموو مەراقی سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا بوو. بەڵام ڕەئیسی نە بە کارکردی وەک سەرکۆمار، بەڵکوو بەو ئەکتە سیاسییەی لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا لە دەزگای قەزایی گێڕاویێتی دەناسرێتەوە و قازیی ئێعدامی ئەوکات و سەرۆککۆماری نوێی ئێران مانگەکانی یەکەمی سەرکۆمارییەکەی بە دەسپێکی دوو دادگای سوید و لەندەن (دادگای لێپێچینەوە لە تاوانەکانی حەمید نووری و دادگای گەلیی خەزەڵوەری ٩٨) بەڕێ کرد.
ڕەئیسی کە دەیگوت دەوڵەت نابێ ئابووری بە دیپلۆماسی و دیپلۆماسی بە ئابوورییەوە ببەسترێتەوە، لە سەت ڕۆژی یەکەمی دەوڵەتی خۆیدا ئابووریی وڵاتی لە نەبوونی ستراتیژی و بێپلانیدا بەرهەڵدا کردووە و چاوی هیوای لە ئازادکردنی پارە دەستبەسەرداگیراوەکان و ئاکامی دانوستانەکانی بەرجام بڕیوە. لەو سۆنگەیەشەوە نرخەکان نەک لەو سەت ڕۆژەدا سەقامگیر نەبوون، بەڵکوو ڕەوتی گرانبوونی نرخی شتومەک و کاڵا سەرەکییەکانی ژیان و ئاوسان لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی چۆتە سەرێ. پێودانگە سەرەکییەکانی ئابووری خراتر بوون، چاتر نەبوون؛ ئاوسان دوو ڕەقەمییە؛ نرخی دۆلار بۆ سەرتر و بایەخی دراوی نیشتمانیی وڵات پتر دابەزیوە، سفرەی ژیان و بەرێچوونی خەڵک چووکە و بچووکتر بۆتەوە، هەڵدان و گەشەی ئابووری بەتەواوی ڕاگیراوە؛ یارانە دەوڵەتییەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ژیانی خەڵک نییە و دەوڵەت بەهۆی کورتیهێنانی بودجەوە دەستی بۆ هیچ پڕۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە نەبردووە. ئەو کە دەیگوت بازاڕی بۆرس ڕێکدەخاتەوە، لەو ماوەیەدا سڕ و کڕ و دەستەوەستان تەنیا سەیری ڕەوتی ڕووداوەکانی کردووە و ئەوە هەر خەڵکن سامان و سەرمایەیان لەدەست دەبێتەوە.
ڕەئیسی بەڵام لەو ماوەیەدا ڕەفتاری پۆپۆلیستیی و خەڵکهەڵخەڵەتێنی بە قەت هەر هەموو سەرۆککۆمارەکان بووە. ئەو لە ماوەی سێ مانگدا سێ یەکی خاکی ئێران گەڕاوە، سەردانی دە پارێزگای وڵاتی کردووە و، بە گیرفانی بەتاڵ و لە حاڵێکدا بە لەقەلەق توانیویەتی مووچەی مانگی ڕەزبەری کارمەندەکانی تێ بکا، کەچی خەڵوار خەڵوار بڕیار و پەسندکراوی لەپاش خۆی بەجێ هێشتووە. ڕەئیسی ئەگەرچی ئەم سەردان و بەسەرکردنەوانە و لە نیزیکەوە دیدار و دانیشتن لەگەڵ خەڵکی دەستچنکراو بە دەسکەوتێک بۆ خۆی دادەنێ، بەڵام بەهۆی ناکامی لە دەستەبەری وادە و بەڵێنەکانی نەک هیچی لێ هەڵناگرێتەوە، بەڵکوو پتر لەوەندەش لەو نیزامە دەتەکێنەوە.
ڕەئیسی ئەگەر توانای چارەسەری قەیرانی سیاسەتی دەرەوە و ئابووریی وڵاتی نییە، ئەگەر لە دابینکردنی کار و خۆشبژیوی بۆ خەڵکی بێکار زەبوون و داماوە، بەڵام لە کار و پیشەی پێشووی خۆیدا تەواو وەستایە و بە شارەزایی لێی بەردەوامە. قازیی مەرگ نیشانی دا کە ڕاستە نە دەزانێ قسە بکا و نە ئەزموونی سیاسەتی بەڕێوەبەریی وڵاتی هەیە، بەڵام لە شوێنی خۆی و لە سنووردارکردنی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵک، لە سەرکوتی جیابیران، لە داخستنی ڕۆژنامە و کپکردنی دەنگی ڕەخنەگران کەس دەسکی لە دوو ناکا و سیاسەتی کرومات‌کردنی کۆمەڵگە لە قۆناغی سەرۆکایەتیی ئەودا پتریش وڵات دادەگرێ. بە ئەمنیەتی‌کردن و ڕەشبگیرەکانی ئەم ڕۆژانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانیش پێمان دەڵێ ڕوانگەی داخراوی دەسەڵاتی ناوەند لە سەردەمی ڕەئیسییش بۆ کوردستان هەر وا لەجێی خۆیەتی.
چارەنووسی دەوڵەتی ڕەئیسی بەڵام بەشێکی بەستراوەتەوە بە یەکلابوونەوەی بووژانەوەی بەرجام کە ئەگەرچی هەتا ئێستاش تیمەکەی گوێی خۆی لێ خەواندووە، بەڵام ناچارە و دەبێ ملی بۆ ڕابکێشێ. چونکی بەردەوامیی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە کەمبوونەوەی گرژییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە، کرانەوەی سیاسی و ئابووری و بەربڵاوکردنی ئازادی و دێموکراسیی نێوخۆیی گرێ دراوە. هەڵێک کە بەتەواوی دەوڵەتی پێشوو دەکرا و دەیتوانی بیقۆزێتەوە، بەڵام نەک هەر ئەو کرانەوەیە ڕووی نەدا، بەڵکوو کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵانی خەڵکی ئەوەندەی دیکەش لە دەسەڵات بێهیوا و تەمابڕاو کرد. بەشەکەی دیکەی ئەم چارەنووسە لە دەستی خەڵکدایە. ناڕەزایەتییەکانی خەڵک کە هۆکارە سەرەکییەکانی لەجێی خۆیانن، ئاگرێک نین کە دامرکێن، ئەویش لە کاتێکدا خەڵکی وەزاڵەهاتوو ئامادەن تێچووی ئەو خۆڕاگری و بەربەرەکانییە بە زیندان و ئەشکەنجە و تەنانەت مەرگی خۆشیان بدەن. بەڵام سەرکەوتنی ئەو ناڕەزایەتییانە و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر. بە ئەزموون وەرگرتن لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و پاشخانی دەیان ساڵەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕین لە دژی کۆماری ئیسلامی، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان کاتێک بە ئامانج دەگەن کە مەبەستی ڕوون و دیاریکراویان لەپشت بێ. وێژمانی سیاسی و چوارچێوە کردەییەکانی خۆی بە دیاری دەستنیشان کردبێ. لە ئاستی سەرانسەریدا حکوومەت بە چالش بکێشێ و ڕێبەری و سەرکردایەتیی دیاریکراوی هەبێ. هەڵبەت لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا فاکتەری دەرەکییش گرینگە.
ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەگرەوی یەکیەتی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕێبەریکردنی یەکدەستی ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکاندایە، لەوەدا کەس چاوەڕوانی پشتگیری و دەستێوەردانی دەرەکی نییە. هەر ئەوەندەی وڵاتانی زلهێزی یارمەتی بە مانەوەی ڕێژیم نەکەن و لە هەڵدێری ڕزگار نەکەن، خەڵک بۆ خۆیان تۆماری ئەو دەسەڵاتە تێکەوە دەپێچن. گرینگ ئەوەیە کۆمەڵگەی جیهانی تێ بگا کە کۆتایی کۆماری ئیسلامی، لاوازیی ئیسلامی سیاسیی بناژۆخواز لە سەرانسەری جیهانی بەدوودا دێ و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەگەر نایەنە پشتی خەڵک، هەر نەبێ پشتی ڕێژیم بەردەن و ببینن کە چۆن خەڵک ئەم ڕێژیمە هەم لە کۆڵ خۆیان و هەم لە کۆڵ کۆمەڵگەی جیهانیی دەکەنەوە.

# ئێران حکوومەتێک بە ئیسلام قەرزدارە





رەحمان سەلیمی

"ئێران، حکوومەتێک بە ئیسلام قەرزدارە". ئەو گوزارەیە نزیک بە سەدەیەک لەوە پێش و کاتێک هاتە گۆڕێ کە تازە لە ئێران دامەزراوە ئایینییەکان لە هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی جەماوەریی خۆیاندا بوون. لەوانەیە ئەو کاتەی ئەحمەد کەسرەوی، مێژوونووسی بەناوبانگی ئێران باسی حکوومەتی ئیسلامیی لە ئێراندا دەکرد، ئاخوندەکان بۆخۆشیان بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە ڕۆژێک دێت دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و بە وتەی "ڕەشید موتڵەق" لەگەڵ کۆنەپەرستیی سوور (ارتجاع سرخ) یەک دەگرن بۆ ئەوەی دەورانێکی ڕەش لە مێژووی ئێراندا تۆمار بکەن. بەستێنەکانی سەرهەڵدانی کۆنەپەرستیی ڕەش (ارتجاع سیاه) دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی سەرهەڵدانی بەفەرمیکردنی ئایینزای شیعە بۆ بەرەنگاربوونەوەی عوسمانیی سوننی لە لایەن سەفەوییەکانەوە. حەمەڕەزای پەهلەوی لە دوای ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی ١٥ی جۆزەردانی ساڵی ٤٢ کە ڕووحانیەتی شیعە بە ڕێبەریی خومەینی دژی چاکسازیی زەوی و زار ڕێکیان خستبوو، لە ڕێوڕەسمێکدا لە هەمەدان کە بۆ دابەشکردنی بەڵگەنامەی بەناوکردنی زەوی و زار بۆ جووتیاران پێکهاتبوو، هێرش دەکاتە سەر ڕووحانیەت و بە "کۆنەپەرستیی ڕەش"ی ناو دەبا.
گەراکانی سەرهەڵدانی دیکتاتۆریی ئایینی تەنانەت زۆر پێش سەپاندنی "مەشرووعە" بەسەر شۆڕشی مەشرووتە لەلایەن ڕووحانیەتەوە لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێراندا داندرابوون. پەیوەندیی پتەوی نێوان ڕووحانیەت و بازاڕی تاران وەک توێژی دەستڕۆیشتووی شاری، هەر لە سەردەمی قاجارەکانەوە ئەو بۆچوونەی کەسرەوی دەسەلمێنێ کە ئێران حکوومەتێک بە ئیسلام قەرزدارە.
کۆماری ئیسلامی تەنیا درێژکراوەی دیکتاتۆریی عورفیی پەهلەوی بەسەر دیکتاتۆڕی ئایینیدا نەبوو، بەڵکوو جیهانبینییەکی نوێ و تاقینەکراوە بوو لە شێوەی خۆیدا، کە کۆمەڵە گرووپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەرژەوەندیخواز بۆ دابینکردنی ویستە نامەشرووعەکانیان یەکیان گرت بۆ ئەوەی ئەزموونی چەند سەد ساڵ لەوە پێشی دەسەڵاتداریێتیی کلیسا ئەوجار لە فۆرمە ئیسلامییەکەیدا دووبارە بکەنەوە.
پاشەکشەی هێزە چەپ و دیمۆکڕاتەکان لە مێژووی نوێی ئێراندا چ ئەوکات کە بەرامبەر کودەتای حەمەڕەزاشا دژی موسەددیق بێدەنگییان هەڵبژارد و چ لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا، هەروەها بێهیوابوونی ڕۆژئاوا لە دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا لە کۆنفرانسی گوادلۆپ و هاوکات بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئەمریکا لە لایەن دێمۆکڕاتەکانەوە، تەنیا وەک کاتالیزۆر دەوریان گێڕا و یارمەتیی سەرکەوتنی پڕۆژەی ئیسلامی سیاسیی شیعی لە ئێرانیان کرد. چونکە لەڕاستیدا مەزنیخوازانی شیعەی ناوەندگەرا بڕیاری خۆیان بۆ دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی دابوو بۆ ئەوەی لەلایەک وڵامی هێزە دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵگە بدەنەوە و لەلایەکی تر بە وتەی کەسرەوی قەرزی خۆیان بە مێژوو دابێتەوە.
کە وایە ئاشکرایە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا ماتەوزەی دیکتاتۆریی ئایینی بە ڕووداوە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دیارە و بەدەسەڵاتگەیشتنی ڕووحانیەت ڕێکەوتێکی سیاسی نەبوو، بەڵکوو هەڵقوڵاوی پەیوەندییە بەردەوامەکانی هێزە چالاکەکانی کۆمەڵگە بوو. ساڵی ٥٧ و ڕووداوەکانی، درێژکراوەی فراوانخوازیی تاکی ناوەندگەرای شیعی بەرامبەر بە شوناسە جیاوازەکان بوو کە زەمینەی کۆکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان لە ئایینی و چەپ و دێمۆکڕاتی ئامادە کردو ئەوەش باشترین هەلی بۆ ڕووحانییەت ڕەخساند تا خوێندنەوەی تایبەتیی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ. سەپاندنی ئەو هێزەش بێگومان پێویستی بە "ڕەئیسی" و "هەیئەتی مەرگ" و دامودەزگای سەرکوتکەر و ئابووریی ڕانتێر هەیە، پێویستی بە "حەمید نووری"یەکانە بۆ ئەوەی دەنگە جیاوازەکانی پێ کپ بکەن.
دەسەڵاتێکی لەو چەشنە کە لانیکەم زیاتر لە سەدەیەکە وەک دیسکۆرس خۆی حەشار داوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بەو شێوەیەی دەیخوازێ ئاراستە بکا، هەموو ئامرازێک بەکار دێنێ بۆ وەدیهێنانی مەبەستەکەی. هەر بۆیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی پڕە لە جینایەتی سامناک و پێشێلکاریی گەورەی مافی مرۆڤ و بنپێکردنی ئەو بەها و نۆرمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێزیان لێ دەگرێ و دەیانپارێزێ. سروشتی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی ئەوە دەخوازێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مێژووییەی لە چەند سەدەی ڕابردووەوە بەرامبەر دەسەڵاتە نەیارە دراوسێکانی دروست بووە، فۆرمێکی تایبەت لە حوکمڕانی تاقی بکاتەوە و بە چنگ و ددان بیپارێزێ.
لەداوکەوتنی حەمید نووری لە وڵاتی سۆئێد و دادگاییکردنی لەسەر بەشداری لە ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسی لە ساڵی ٦٧، ڕیسواییەکی گەورەی کۆماری ئیسلامی و سەرەتای ڕەوتێکی نوێیە لە دادخوازیی قوربانیانی پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی ڕێژیم. تاوانی ئێعدامی هەزاران زیندانیی سیاسی کە بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و یەک لەوان سەرکۆماری ئێستا ئیبراهیم ڕەئیسی تیایدا تاوانباری سەرەکین، بوونەتە بابەتی بەدواداچوونی دادگایەکی سەربەخۆی بێلایەن. ئەوەش زیاد لەوەی دەتوانێ دیواری ئەمنی تاوانباران بڕووخێنێ و ترس و دڵەڕاوکێ بخاتە دڵیانەوە تا نەتوانن سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن و بەشداریی کۆبوونەوە و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان بن (بۆ وێنە ڕەئیسی نەیوێرا بەشداری کۆنفرانسی کەشوهەوا بکا لە گلاسکۆ)، و دەتوانێ کاریگەری دابنێ لەسەر گۆشەگیرکردن و لێدان لە پێگە و ڕەواییەتی کۆماری ئیسلامی.
لە لایەکی دیکەوە و لە پێشهاتێکی نوێ و سەرنجڕاکێشدا کۆمەڵێک دامەزراوە و کەسایەتیی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ پەروەندەی کوشتاری بەکۆمەڵی ناڕازییانی خۆپێشاندانەکەی ساڵی ٩٨ لە ژمارەیەکی زۆر لە شارەکانی ئێرانیان هەڵداوەتەوە و لە دادگایەکی خەڵکیدا لە بریتانیا خستوویانەتە بەردەم لێژنەیەکی شارەزا لە دادوەرانی نێودەوڵەتی و بە کۆکردنەوەی بەڵگە و بانگهێشتکردنی ژمارەیەک شایەد لە دەرەوەو نێوخۆی ئێران، هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن کە کۆماری ئیسلامی لەو خۆپێشاندانانەدا تاوانی دژەمرۆیی ئەنجام داوە. هەرچەند بڕیاری دادگا ناتوانێ پابەندکار بێ، بەڵام گرینگییەکەی لەوەدایە کە لە ئەگەری سەلماندنی ئەو تاوانە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی پێشکەوتوو ناتوانن بەبێ تێچوو لەگەڵ ئەو ڕێژیمە مامەڵە بکەن. سەرکۆنەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانەوە دەتوانێ دەسکەوتێکی گەورە بێ بۆ بزووتنەوەی ناڕەزایی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و لە هەمان کاتدا ڕەواییەتی زیاتر دەدا بە پشتگیریی نێودەوڵەتی لەو بزووتنەوەیە.
هەروەها دادگای خەڵکیی قوربانیانی خەزەڵوەری ٩٨ دەشێ دەرگایەکی نوێ بەڕووی سیستەمی دادوەری نێودەوڵەتی چ لە ئاستی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی دادگا نیشتمانییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکاتەوە تا بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکەن و لە ڕێگەی دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە وەک پرەنسیپێکی نێودەوڵەتی، هێزی پابەندکار دژی کۆماری ئیسلامی وەگەڕ بخەن.
ئەوەی تا ئێستا لە سیاسەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دیتوومانە بریتی بووە لە سەرپۆشدانان لەسەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران لەپێناو درێژەدان و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان. تەنانەت لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی ئورووپاییەکان دوای یەکلابوونەوەی کەیسی میکۆنووس، پاش ماوەیەکی کورت بە هەڵەداوان باڵوێزەکانیان ناردەوە تاران تا پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نەڕووشێ. خۆ ئەگەر پێداگریی ئازایانەی دادگای بێرلین لە دادگاییکردن و حوکمدانی تاوانبارانی میکۆنووس بەشێوەی سەربەخۆ و خۆڕاگرانە بەرامبەر حکوومەتی ئاڵمان نەبوایە، لەوانەیە وەک زۆربەی تێرۆرەکانی دیکەی ئێران لە دەرەوە بێدەنگی لێ کرابا.
تەنانەت تا ئێستاش کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو قەناعەتە نەگەیشتووە کە کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی نابەرپرسە بەرامبەر بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان و بۆتە مایەی تێکدانی ئەمن و ئاسایشی ناوچەو تەنانەت جیهان، ئەوەی کەمترین بایەخی پێ دەدرێ، پرسی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلانە لە لایەن ڕێژیمەوە. هەوڵدان بۆ دەسڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و پشتگیری لە هێزە تێرۆریستەکان تەنیا ڕووکاری دەرەوەی سیمای کۆماری ئیسلامین کە ڕۆژئاوا بەرامبەریان ڕاوەستاوە. ئاوڕدانەوە لە ڕووکاری ناوەوەی ئەو ڕێژیمە بە سەرنجدان بە دۆخی مافی مرۆڤ دەتوانێ وەک بەهێزترین چەکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەکار بێ بۆ کۆنترۆڵکردن و پاشەکشەپێکردنی ڕێژیم لە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا. دادگاییکردنی حەمید نووری وەک کەسایەتییەکی حوقووقی لە سیستەمی سیاسی ئێراندا بە تاوانی دژەمرۆیی و هەروەها دادگای خەڵکیی قوربانیانی خەزەڵوەری ٩٨ لە بریتانیا ڕاستەوخۆ باندۆریان هەیە لەسەر پێگەی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی. درێژەدان بەو ڕەوتە لە لایەن دادخوازان لە دەرەوەو ناوخۆ و پشتیوانیی ئۆپۆزیسیۆن لەو ڕەوتە دەتوانێ وەک شاڕێی فشارهێنان بۆ کۆماری ئیسلامی و لاوازکردنی هەرچی زیاتری ڕەواییەتی ئەو ڕێژیمە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا کەڵکی لێ وەرگیرێ.
لەماوەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتی سۆئێد بە ئامانجی ڕاگرتنی دادگایی حەمید نووری دەست پێ کردووە. ئەوە لە کاتێکدایە دەزگای دادوەریی سۆئێد بوێرانە و پیشەییانە کۆبوونەوەکانی خۆی بەڕێوە دەبا.
حەمید نووری بەرهەمی مێژوویەکی تاڵە لەو گۆڕانکارییانەی لە لایەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەی ئێراندا بەدرێژایی چەند سەدە چەکەرەی کردووە و گەورە بووە تا گەیشتۆتە ئێرە. حکوومەتێکی دینی کە زۆربەی کۆمەڵگە بەکافر و شایانی هەموو سزایەک دەزانێ و لە هەمان کاتدا هەڵگری بیرێکی مەزنیخوازانەی وەهمییە کە هەوڵ دەدا هەموو جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینی و عەقیدەتییەکان بسڕێتەوە، پێویستیی بە تیرۆر و ئێعدام و پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە و تەنیا ڕێگای مانەوەی بریتیە لە سەرکوت. کرانەوەی دەرگایەکی نێودەوڵەتیی تاڕادەیەک نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوانبارانی ئەو سیستەمە، دەرفەتێکی گرینگە بۆ گەلانی ئێران و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان کە بتوانن دادخوازیی هەموو ئەو تاوانانە بکەن کە کۆنەپەرستیی ڕەش دژی ئازادیخوازان و جیابیران ئەنجامی داون. هاوکات دەرفەتێکی گرینگە بۆ ئەوەی سیمای ڕاستەقینەی دەسەڵاتبەدەستانی ئێران لە دەرەوەو نێوخۆی ئێران بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی دەرچوو لەو چەشنە دادگایانە نیشان بدرێ تا ڕای گشتی بەهێز بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوە و نێوخۆی ئێراندا شکڵ بگرێ. ئەوەش بێگومان زەمینەی کۆتاییهێنان بەو ڕێژیمە لەبارتر دەکا.
لەو نێوەدا ئەرکی لایەنەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی کورد زۆر قورس و مێژووییە. گەلی کورد لە قوربانییە سەرەکییەکانی تاوانە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ٤٣ ساڵەی ئەو ڕێژیمە دەبینین بە دەیان و سەدان تاوانی کۆمەڵکوژی و ئێعدام و ئەشکەنجەی ڕێکخراو و سیستماتیک دژی ئەو گەلە ئەنجام دراون. وەگەڕخستنی ئەو پەروەندانە لە کات و ساتێکدا کە دەرگای سیستمە دادوەرییەکانی ڕۆژئاوا بۆ بەدواداچوونی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کرانەوەی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ، دەسکەوتێکی گەورە دەبێ بۆ سەلماندنی حەقانییەتی خەباتی گەلی کورد دژی ڕێژیم.
خەباتی دادخوازانەی گەلی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێران لە کۆنتێکستی ئەو ڕەوتە نوێیە لە دادگایی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە دادگا نێودەوڵەتییەکاندا هاتۆتە گۆڕێ، دەکرێ سەرەتای کۆتایی ئەو حوکمڕانییە بێ کە کەسرەوی پێش سەدەیەک بە جەبری مێژووی ئێرانی لەقەڵەم دابوو و دەشێ کۆتایی دیکتاتۆریی ڕەش لەو ڕێڕەوە بێتەدی.

# دادخوازی و نەبوونی عەداڵەت لە نێوخۆی وڵاتدا



فەریبا ڕەشیدی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە لەندەن مەحکەمەی خەڵکیی "ئابان" بەڕێوە چوو کە ڕۆچنەیەک بوو بەرەو دەرخستنی ڕاستییەکان و، جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی پتر ئاشکرا کرد. بێجگە لەم ئەم مەحکەمەیە لە سویدیش یەکێک لە ئەندامانی "شاندی مەرگ"ی ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی - حەمید نووری- کە لە ئێعدامی زیندانییە سیاسییەکانی دەیەی ٦٠دا ڕۆڵی هەبوو، دەستگیر کرا. دادوەری گشتیی وڵاتی سوید، حەمید نووریی تۆمەتبار کردووە بە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و لە بەشێکی سکاڵاکەدا ئەم تۆمەتانە هاتووە: بەشداریی لە جینایەتی جەنگی، بەشداریی لە جینایەتی دژی مرۆڤایەتی، بەشداریی لە ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی، بەشداریی لە دەستبەسەرداگرتنی تەرمی کوژراوی زیندانییەکان و نەدانەوەی بە بنەماڵەکانیان.

لەلایەکی دیکەوە عەداڵەتخوازیی بنەماڵەی کوژراوان و هەوڵی بێوچانی چالاکانی سیاسی لە ئورووپا و پێشوازیی گەرمی خەڵک لەم مەحکەمەگەلە، جێی ئومێدە بۆ ئەو کەسانەی کە هێشتا لە چارەنووسی کەسوکاری خۆیان بێخەبەرن و خوازیاری وەدیهاتنی عەداڵەت -لانیکەم- لە مەحکەمەکانی ئورووپان؛ هەروەها بێباوەڕی و نائومێدیی خەڵکیش لە وەدیهاتنی عەداڵەت لە دەزگەی دادی ئێران دەنوێنێ. بەپێی بەڵگە و شایەتەکانی مەحکەمەی "ئابان"ی لەندەن، ١٣٣ کەس لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە کوژرانی سەدان هاووڵاتی تۆمەتبارن کە دەکرێ ئاماژەیەک بکرێ بە عەلی خامنەیی، حەسەن ڕووحانی، عەبدولڕەزا ڕەحمانی (وەزیری پێشووی ناوخۆ)، عەلی شەمخانی، مەحموود عەلەوی، ئیبراهیم ڕەئیسی و.... .



**سۆهراب ڕەحمەتی**، پارێزەر و یاساناس لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن تاوانبارێکی وەک حەمید نووری کە لەلایەن دادگای وڵاتی سویدەوە دەسبەسەر کراوە و لێپێچینەوەی لێ دەکرێ، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیدا سەربەست و کاربەدەستە؟"، دەڵێ: "ئەگەر زۆر بەکورتی بمانەوێ وڵامێکی ڕوون بدەینەوە ئەوەیە کە حەمید نووری و هاوکارەکانی بۆخۆیان لە بنەڕەتدا یەکێک لە ئامراز و مۆرەکانی جێبەجێکاری دەزگای بەناو دادوەرین لە ئێراندا. بەڵام ئەگەر وردتر بڕوانینە بابەتەکە، دەبێ ئاماژەیەک بە بنەمای سیستەمی سیاسیی ئێران و هەروەها سەرچاوە و ژێدەری یاساکانی بکەین. ژان ژاک ڕۆسۆ لە کتێبی بەناوبانگی خۆی "گرێبەستی کۆمەڵایەتی"دا دەڵێ دەبێ چوارچێوەیەک پێک بێ کە تیایدا هەموو هێزە هاوبەشەکان داکۆکی لە هەر هاوبەشێک و بەرژەوەندییەکانی ئەو بکا، و هەر هاوبەشێک لە سایەی ئەو چوارچێوەیەدا، لەگەڵ ئەوەی لە تەک هەموو هابەشەکان شەریک و بەشدارە، لە هەمان کاتدا تەنیا ملکەچی بڕیارەکانی خۆیەتی". واتە هەر تاکێک کە بەشداری لە دروستکردنی نیزامی سیاسی دەکا، پێویستە لە بڕیاردانیشدا بەشدار بووبێ بەو پێیەی کە ئیرادەی هەر تاکێک بەشێکە لە ئیرادەی گشتی. ئیرادەی گشتی کەسێک یا دەستەیەک وەک دەسەڵاتدار هەڵدەبژێری و مافی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی پێ دەبەخشێ کە ئیرادەی گشتیی دایڕشتووە و لە کاتی لادانی دەسەڵاتدار لەو ئیرادە گشتییە، شەرعییەتی نامێنێ. بەڵام ئەگەر سەیری دەستووری ئێران بکەین، دەبینین کە سەرچاوە و ژێدەری ئەو یاسایە لە جیهانێکی مێتافیزیکییەوە وەرگیراوە. بەواتایەکی دی پێی لە سەر عەرزی نییە و بەشێوەیەک پیرۆزی پێ بەخشراوە کە هیچ تاکێک ناتوانی ڕەخنەی لێ بگرێ، تەفسیری بکا یا بیگۆڕی، جگە لەو کەسانەی کە پسپۆڕییان لەو جیهانە ئینتیزاعییەدا هەیە و خۆیان بە نوێنەری ئاسمان لە سەر زەوی دەزانن. واتە شەرعییەتی دەسەڵاتدار و هەروەها یاساو ڕێساکانی بەرکار لە نیزامگەلی ئایدۆلۆژیی مەزهەبی وەک ئێران لە خەڵکەوە وەرنەگیراوە. لێرەدایە کە دەسەڵاتدار و دەستوپێوەندییەکانی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دیاردەی "ئالیناسیۆن" واتە بێگانەبوون و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە خۆیان پێناسە دەکەن و لێرەشدا کەسانی وەک حەمیدی نووری و سەرۆکەکانی خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لە بەرامبەر یاسادا و یاساش لە پێناو کۆمەڵێک بەهای دڵخوازی ئەوان داڕێژراوە. لە بەرامبەریشدا یاسای وڵاتێکی وەک وڵاتی سوید کە یاسایەکی زەوینییە و بەپێی گەشەی فیکریی مرۆڤ پێگەیشتووە و شەرعییەتی لە تاکەکانی کۆمەڵگە وەرگرتووە، بێگومان پێشێلکاریی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ نەک لە وڵاتەکەی خۆی بەڵکوو لە هەموو شوێنێکدا بە تاوان دەزانێ و بەپێی ئەسڵێکی نێودەوڵەتی و سەلاحییەتێکی جیهانی کە هەموو وڵاتان مافی ئەوەیان هەیە کەڵکی لێ وەرگرن، ڕاوەدوونانی بکەرانی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی دەکا".

**شاڕۆخ حەسەنزادە**، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز) لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە کوردستان، لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم جۆرە دادگایە چەندە کاریگەریی دەبێ لەسەر گوشارهێنان و یان جێبەجێکرانی حوکمی کۆتایی لەسەر ڕێژیمی ئێران، دەڵێ: "وەک دەزانین ئەم جۆرە دادگاییانە فەرمی نین و لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەڕێوە دەچن و لە ئاکامیشدا حوکمی ئەو جۆرە دادگایانە لایەنی "سیمبۆلیک"یان هەیە و هێزی جێبەجێکاریان نییە؛ بەڵام لە هەڵوێستی توندی جێگری وەزیری دەرەوەی ڕێژیم عەلی باقر کەنی، دەرکەوت کە ئەم جۆرە چالاکییانە چەندە گرینگن و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگە و ڕەوانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسی هەیە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە بەشێک لەو گەمارۆیانەی کە ئێستا لەسەر ڕێژیم دانراوە بە هۆکاری پێشێلکارییەکانی ئێرانە لە بەستێنی مافی مرۆڤدا. هەروەها دەتوانێ لە دەرەوە و بەتایبەت لە بواری هێزی مانۆڕدانی ئێران لە دیپلۆماسیشدا کەم بکاتەوە و جارێکی دیکەش بە جیهان بڵێ، ئەمەیە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕێژیم".

**سۆهراب ڕەحمەتی**، پارێزەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانی مافی دەستبەسەرکردن و لێپێچینەوە لە هەموو کەسێک دەدا بە وڵاتان؟" دەڵێ: "سەلاحییەتی جیهانی ئەو مافە بە دادگا نێوخۆییەکانی هەر وڵاتێک دەدا کە داوایەک و تاوانێک بخاتە چوارچێوەی کاری خۆیەوە کە نە تاوانەکە لەو وڵاتە ئەنجام درابێ و نە تاوانبار یا تاوانلەسەرکراو هاووڵاتی ئە وڵاتە بن و تەنانەت نە ئەو تاوانە بووبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەش، بەڵام تاوانەکە دەبێ لە ڕیزی ئەو تاوانگەلە نێودەوڵەتییانە بێ کە نیگەرانیی کۆمەڵگەی جیهانی لێ کەوتبێتەوە. جێی ئاماژەیە کە ئەو تاوانانەی کە سەلاحییەتی جیهانی دەیانگرێتەوە زیاتر لە عورفی نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا، خۆ دەنوێنن".



**ئازاد مستۆفی**، ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی لەمەڕ دەنگدانەوەی میدیایی ئەم مەحکەمانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لێوە کرا، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە کوردستان دەڵێ: "میدیاکانی دەرەوەی ئێران بە ڕووماڵکردنی بەردەوامیان توانییان کاریگەرییەکی بەرین لە ئاگادارکردنەوەی زیاتر و هەروەها بووژاندنەوەی دۆسیەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و جینایەتەکانی ئێران، بۆ ڕای گشتیی بگێڕن. بێگومان بوونی میدیای بیانی و هەروەها چەند کەسایەتییەکی ناسراوی جیهانیی لە دادگەی 'ئابان'یش پتر ڕووی خوێنڕێژیی ڕێژیمی ئێرانی بۆ وڵاتانی جیهان دەرخست."



**شاڕوخ حەسەنزادە**، بەرپرسی "چاونیوز" لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەتوانن دادگایەکی بەم شێوەیە بۆ قوربانییانی کورد پێکبهێنن؟ بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە: "بێگومان ئێمەش ئەو تواناییەمان هەیە بەڵام دەبێ جگە لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کۆمەڵێک لە چالاکان و تەنانەت بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات کە پێگەی باشی لە دەرەوە هەیە هاوکار و یارمەتیدەر بن. لەو فاکتۆر و کەرەسانەی کە پێویستن بۆ پێکهێنانی دادگایەکی لەم چەشنەیە جیا لە کەسانی شارەزا دەبێ دادوەر و پارێزەری ناسراو و دەروستیشمان هەبێ، هەروەها پێویستیمان بە بەڵگە هەیە. دەبێ دۆسیەکە دیاری بکرێ و شایەت هەبن. ئەو پرۆسەیەی کە دادگایەک دەبێ بیپێوێ، بوونی هەبێ. ئێمە ئەزموونی باشمان لە دادگایی کردنی ڕێژیم و بەرپرسانی هەیە و تەنانەت لە "میکۆنوس" سەرکەوتنی بەرچاومان وەدەست هێنا و بۆیە پێموایە، ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان لەبەر پانتایی بەرینی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بەبەراود لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، دەیان نموونە و بەڵگە و شایەت هەن کە دەتوانین کەڵکیان لێ وەربگرین و دۆسیەکە نێودەوڵەتی بکەین".

**ئازاد مستۆفی** دەربارەی جیاوازیی دوو مەحکەمەی سوید کە بۆ حەمید نووری بوو، هەروەها مەحکەمەی ئابان لە لەندەن، لە بواری میدیاییەوە گوتی: "ئەوەی میدیاکان لە مەحکەمەی حەمید نووری بەدواداچوونیان بۆ دەکرد سەرەتا بۆیان گرنگ بوو بزانن ئایا ئەم کەسەی دەستگیر کراوە، هەمان لێکۆڵەری دڵڕەق و قاتڵی بەندیخانەی ئێوینی تارانە؟ چونکە هەتا شەش مانگی دوای دەستگیرکردنی، ناوبراو حاشای لە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی دەکرد و دواتر کە نەیتوانی ڕەوتی لێپرسینەوەکان بەلاڕێدا ببا و حاشا لە بەڵگەکان بکا، دانی بە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی هێنا. لە قۆناغی دووەمدا بۆ میدیاکان گرنگ بوو کە بزانن ئایا مەحکەمەی سوید هەوڵ بۆ ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران دەدا و عەداڵەت دەکرێ وەدی بێ؟ بەڵام لە مەحکەمە نێودەوڵەتییەکەی لەندەن کە بە هەوڵی چەند ناوەندێکی داکۆکیکاریی مافی مرۆڤەوە بوو لە شوێنی بەڕێوەچوونی یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی تەناهی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەئامادەبوونی چەند کەسایەتییەکی بەناوبانگی نێودەوڵەتی لەبواری یاساییەوە کە شایەتەکان پتر لە ئێرانەوە بوون، گەڕان بەدوای عەداڵەت بوو. لەو مەحکەمەیە بۆ میدیاکان سەلمێنرا کە دایکی سەدان کوژراوی خۆپێشاندانەکان باوەڕیان بە وەدیهاتنی عەداڵەت لە دەزگەی دادی وڵاتەکەیان بۆ بەفیڕۆنەچوونی خوێنی ڕۆڵەکانیان نەماوە. هەر ئەم خاڵەش کاریگەریی زۆری لە ڕاکێشانی بینەردا هەبوو".

دادگای خەڵکیی "ئابان" لە لەندەن و دادگای حەمید نووری لە لەندەن هاوکات لەگەڵ بایەخی یاسایی بۆ ناساندنی و ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی و کردنەوەی ڕۆچنەیەک بۆ دادخوازیی گەلانی ستەملێکراوی ئێران، هاوکات ئەزموونێکیشە بۆ پرسی کورد کە بتوانێ لە گۆڕەپانی لەوچەشنەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە تاوان و جینایەتەکانی لە کوردستان بە چالش بکێشێ.

ناوەندی هاوکاری:

## بڕیاردەرانی سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کوردستان دەبێ دادگایی و بە سزای جینایەتەکانیان بگەن

**کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان!**
**ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ!**
**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

لە پەلامارێکی سەرکوتکەرانەی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە کوردستان، بە دەیان کەس دەستبەسەر و ڕاپێچی ناوەندە ئەمنیەتییەکان کران. لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠ خەزەڵوەری ١٤٠٠ هەتاوییەوە تا ئێستا زیاتر لە ٣٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی کە زۆربەیان چالاکی فەرهەنگی و ژینگەپارێزن، لە شارەکانی بانە، مەریوان و سەقز لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی پارێزگای سنەوە دەستبەسەر و ڕاپێچی ئیدارەی ئیتلاعتی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە شاری سنە کراون.

ئەم شەپۆلە نوێیە لە ڕەشبگیری چالاکانی مەدەنی لە کوردستان کە هاوکاتە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە دوای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی ڕەئیسی، دەرخەر و سەلمێنەری دوژمنایەتیی لەبڕاننەهاتووی ئەم نیزامە لەگەڵ خاک و خەڵکی کوردستانە.

دەوڵەتی تازە خۆسەپێن کە لە ئێستادا بە دەیان قەیرانی چارەسەرنەکراوی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێوەندیدار بە ژیان وگوزەرانی خەڵکی وڵاتی لە ئەستۆیە و لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەکەدا لە هەمیشە گۆشەگیرترە و لەگەڵ ڕق و بێزاریی پەنگخواردووی خەڵکی وڵات بەرەوڕوویە، بەم پەلامارەی بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە کوردستان، خەریکە هێزی خۆی بەرانبەر بە خەڵک بە تاقی دەکاتەوە. غافڵ لەوەیکە دەوڵەتانی پێش ئەو و، ئەم ڕێژیمە لە تەواویەتی خۆیدا زیاتر لە چل ساڵە هێزی سەرکوت ودوژمنایەتیی خۆیان لەسەر خەڵکی کوردستان تاقی دەکەنەوە و جیا لە پەرەسەندنی ڕق و بێزاریی خەڵک و لەسەر پێ مانەوەی ئەم نەتەوە مافخوازە بەرهەمێکیان نەچنیوەتەوە.

پەلاماری هێزە سەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نیوەی دووهەمی خەزەڵوەری ئەمساڵدا لەکاتێکدایە کە دادگایەکی نێونەتەوەیی لە وڵاتی بریتانیا وێڕای ئامادەبوونی سەدان شاهید و قوربانیی دەستی چاڵەڕەشەکانی ئەم ڕێژیمە، لێکۆڵینەوە لە جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خۆپێشاندەرانی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی دەکا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکومکردنی ئەم شەپۆلە لە ڕەشبگیریی چالاکانی مەدەنیی کوردستان، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکا، بەرانبەر بەم سەرکوتکاریانەی ڕێژیم و چارەنووسی چالاکانی دەستبەسەرکراوی کورد بێهەڵوێست نەبن. هەروەها لەم دەرفەتەدا وێڕای هیواخواستن بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکانی دادگای نێونەتەوەیی لەندەن کە بە دادگای ئابان ناسراوە و دەرچوونی بڕیارێکی ئازایانە و دادپەروەرانە، ئاواتەخوازین لە وەها دادگایەکدا ڕاشکاوانە بڕیاردەرانی سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کوردستان دادگایی و بە سزای جینایەتەکانیان بگەن و لەبەرانبەر ئەم جینایەتانەی ڕێژیم بێ هەڵوێست نەبن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٠**

***

ناو و نیشانی کوژراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ هەتاوی

**کرماشان:**
١- بورهان مەنسوورنیا (خەڵکی مەریوان کە لە کرماشان کوژراوە)، ٢- محەممەد میرزایی، ٣- موزەفەر زەهیری، ٤- نادر بیژنوەند، ٥- عەبدولڕەزا شێرزادی، ٦- موحسین کەرەمینیا، ٧- یۆنس جەلیلی، ٨- سەعید ڕەزایی، ٩- یونس عیزەتی، ١٠- ئارمین قادری، ١١- بەهمەن عەزیزی، ١٢- محەممەد پالانی، ١٣- هەمزە فەرەجی، ١٤- حیسام بارانیڕاد (خەڵکی ڕوانسر لە کرماشان کوژراوە)، -١٥ نادر ڕەزایی، ١٦- موزەفەر وەتەندۆست.

**ڕوانسر:** ١٧- سەردار ئەعزەمی.

**جوانڕۆ:** ١٨، موبین عەبدوڵلاهی (خەڵکی ڕوانسەر کە لە جوانڕۆ کوژراوە) ١٩-کاوە محەممەدی، ٢٠- جەبار توجارە، ٢١- ئیبراهیم مورادی، ٢٢- عەلی (یۆنس) فیروزبەخت، ٢٣- هەمزە نەقدی، ٢٤- هاشم مورادی.

**کوردە کوژراوەکان لە تاران:** ٢٥- مینا شێخی (سەقز)، ٢٦- موحسین جەعفەرپەنا (بیجار)، ٢٧- محەممەد حەیدەریان (سۆنقوڕ)، ٢٨- محەممەد ڕەزا محەممەدی (ئیسلامئابادی کرماشان)، ٢٩- ناسر ڕەزایی (قوروە) ٣٠- سەجاد باقری (کرماشان)، ٣١- پوریا ناسریخا (کرماشان)، ٣٢- مستەفا فەرزامی (کرماشان).

**سنە:** ٣٣- زیبا خۆشگوار، ٣٤- محەممەدڕەزا ئەحمەدی

**کامیاران:** ٣٥- کاوە ویسانی

**مەریوان:** ٣٦- مێهران تاک، ٣٧- عوسمان نادری، ٣٨- بێهروز مەلەکی، ٣٩- ئیدریس بیوارە، ٤٠- ئاریان فەرەجی، ٤١- عوسمان ئەحمەدی، ٤٢- ئێرشاد ڕەحمانیان، ٤٣- دانیاڵ ئوستواری.

هەروەها لەو جینایەتەدا دەیان کەسیش بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون.

## بڕیارنامەی دادگای نێونەتەوەیی گەل (ئابان)



دادگای تاوانەکانی ئێران، کە هەروەها وەک دادگای ئابان ناسراوە، دوای پێنج ڕۆژ لە شایەتیی دڵتەزێن بەرەورووی دنیا لە لەلایەن دەیان شایەتحاڵەوە کە هێندێکیان بۆ یەکەم جار دەدوان، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

زیاتر لە ٣٠ شایەت بە زمان وتەکانیان پێشکەشی دەستەی دادوەرانی بەڕێزی یاساناسی دادگایەکە کرد. دەستەی دادوەران کە لە ٦ یاساناس پێکهاتبوو، پێداچوونەوەیان بە زیاتر لە ١٠٠ نووسراوەی پێشکەشکراو کرد، لە ناویاندا لێدوانی شایەتان، ڤیدیۆ و وێنەی قوربانیان و گیانبەدەربردووان کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە هۆی بەشداریی لە ناڕەزایەتییەکانی نۆڤەمبەری ٢٠١٩، کوژرابوون، ئەشکەنجە کرابوون و بێڕێزیان پێکرابوو. بەڵگەی گەلێک زیاتر لەوە کە پێشکەش کران ماون بۆ پێداچوونەوە.

بە هۆی دەنگدانەوەی بەربڵاوی دادگاکە و بوێریی گیانبەدەربردووان و قوربانیان، سەدان کەسی دیکە ڕایانگەیاندووە ئامادەن بێنە پێش و بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی باس لەو نادادپەروەرییانە بکەن کە لە ئاکامی پێشێلکارییە بەربڵاوەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ تووشی بوون و هێشتا بەرەورووی دەبنەوە.

ڕاوێژکاری شاژن، وەین جۆرداش، سەرۆکی دەستەی دادوەران، لە لێدوانی کۆتاییدا گوتی کە دادگایەکە تا بڕیاری کۆتایی لە سەرەتای ٢٠٢٢، بۆ تۆمارکردن کراوەیە و داوای لە سەرجەم شایەتحاڵان کرد دەنگ هەڵبڕن.

شایەتحالی دیمەنی توندوتیژیی بێبەزەییانە دژی خۆپیشاندەران و تەماشاوانان لە لایەن هێزە ئەمنییەتیەکانەوە، لە ناویاندا هێزی سوپای پاسداران و هێزی تایبەتی دژی ئاژاوە، زۆرینەی شایەتییەکانی پێک دێنا.

حەمید سابی، یەکێک لە ئەندامانی دەستەی دادوەران گوتی، "ئێمە هیوادارین ئەوەی تا ئێستا پێشکەشمان کردووە، بێتە هۆی ئەوە کە دەوڵەتان بیر لە ئابلۆقەی ماگنیتسکی دژی ١٣٣ کەس بکەنەوە کە دەگوترێ بکەری تاوانی قیزەوەن بوون."

ڕێجینا پاولۆس، ئەندامی دەستەی دادوەرانی دادگاکەش پێداگرە کە دەوڵەتان دەبێ کەڵک لە یاسای گەردونیی، وەک ئەوەی لە دۆخی حەمید نووری کەڵکی لێوەرگیراوە وەرگرن و گوتی "قوربانیان و گیانبەدەربردووانی ناڕەزایەتییەکانی ئابانی ٢٠١٩ دەبێ بتوانن کەڵک لەو دادپەروەرییە وەرگرن کە لە بڕیارنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە."

ناڕەزایەتییەکان لە ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ دوای ڕاگەیاندنی بەرزکردنەوەی ٪٢٠٠ی نرخەکانی سووتەمەنی لە لایەن کاربەدەستانەوە، لە ناکاو و بێ هۆشداریی پێشوو، لە سەرانسەری ئێران دەستی پێکرد کە کاریگەری لەسەر خەڵکی هەستیار هەبوو کە بۆ کار و ژیانی خۆیان بە ستراوەییان بە سووتەمەنی سوبسید کراو هەبوو. بە گوێرەی ڕاپۆرت، هێزەکانی دەوڵەت بە شێوەیەکی زۆر بێ بەزەییانە و بە زەبروزەنگ وەڵامی ناڕەزایەتییەکانیان دایەوە کە بووە هۆی خوێناویترین سەرک

شادی سەدر، بەڕێوەبەری دادپەروەریی بۆ ئێران و یەکێک لە ڕێکخەرانی دادگای ئابان دەڵێ، "بە سەیر کردنی ڕاستی وەک گرینگترین شت، ئەندامانی بەڕێزی دەستەی دادوەران شوێنێکی دڵنیایان بۆ کەسوکاری قوربانییان و ئەو خۆپیشاندەرانە دەستەبەر کرد کە لە لایەن دەوڵەتی خۆیانەوە بە "ئاژاوەگێڕ" و "تێرۆریست" ناودێر کران، تا سەریان بەرز ڕاگرن و بە شانازییەوە دەنگی ڕاستی بە دنیا بگەیەنن. بۆ یەکەم جار لە کۆڕێکی ناونەتەوییدا، خاوەن دۆزە ڕاستەقینەکان بکەرە ڕاستەقینەکانیان تاوانبار کردووە و داوا دەکەن ئەوان بەرپرسیارییان بخرێتە ئەستۆ."

کوشتنی خۆپیشاندەران بە ئانقەست بە "کپ کردنی زانیاریی" لە دنیا حەشار درا، کە لەویدا دوانیوەڕۆی ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩، دەوڵەتی ئێران نزیکەی هەموو ئینتەرنێتی کووژاندەوە کە لە هێندێک شوێنی وڵات چەند حەوتووی پێچوو. ئاکامی "کپ کردنی زانیاریی" ڕەنگبێ ڕێگای بە پۆلیس، هێزەکانی ئەمنییەتی و سوپا دابێ تا بکوژن، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی نزیکەی بەتەواوی توانایی دەستڕاگەیشتن بە ئێرانیان لێ زەوت کرابوو.

مەحمود ئەمیری موقەدەم، بەرپرسی جێبەجێکاری مافەکانی مرۆڤی ئێران و هاوڕێکخەری دادگای ئابان دەڵێ، "بە بەرز کردنەوەی دەنگی قوربانیان و کەسوکاریان، دادگاکە هیوای بەخشیوەتە میلیۆنان ئێرانی کە دەنگی ئەوان لە ئاستی جیهانیدا بیستراوە. لە کورتماوەدا، جەماوەر تێدەگەن کە ئەوان بێتوانا نین و، کاربەدەستان کاتێک جاری داهاتوو خۆپیشاندەران دێنە سەر شەقام، ددان بە جەرگدا دەگرن؛ لە درێژخایەندا، دادگاکە قوربانیان هەنگاوێک لە دادپەروەری و بەرپرسیارکردن نزیک دەکاتەوە."

دادگای ئابان لە وەڵامی داواکاریی قوربانیان و گیانبەدەربردووانی سەرکوتی ناڕەزایەتی نۆڤەمبەری ٢٠١٩ لە لایەن سێ کۆمەڵەی مەدەنی، دادپەروەریی بۆ ئێران، مافەکانی مرۆڤی ئێران و پێکەوە دژی سزای سێدارە دروست کرا. بڕیاری کۆتایی دادگا چاوەڕوان دەکرێ لە سەرەتای ٢٠٢٢ ڕاگەیێندرێ.

ئەو کەسانەی پێیان خۆشە بەڵگە پێشکەش بکەن یان لە لێپێچینەوەکانی داهاتوودا بەشدار بن، پێوەندی بە دادگاکەوە لە سۆسیال میدیا: تویتەر، ئینستاگرام و واتسئاپ، بگرن.

# زانکۆ مەکۆی بەرخۆدان و بەستێنی تێکۆشان

## (بەبۆنەی ١٧ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانیی خوێندکارانەوە)

**یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد**

**ئاماژە:** خوێندکاران یەک لە چالاکترین چینەکانی کۆمەڵگەن کە لەڕووی چالاکیی زانستی و سیاسییەوە سەرچاوەی زۆر گۆڕانکاری بوون لە کۆمەڵگەکاندا. خوێندکار بەهۆی ژینگەی سیاسی و پەروەردەیی تایبەت بە خۆیەوە خاوەنی جۆش و خرۆش و توانا و ڕۆحێکی بوێر و هاندەرانەیە و هەر بەهۆی خاوەنێتیی بیری نوێ و ڕۆحێکی سەرکەشەوە ئامادە نین بەبێ هۆکاری عەقڵانی و لۆژیکی بچنە ژێر باری هیچ داسەپانێک.

١٧ی نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانیی خوێندکارانە. لەم نووسینەدا ئاوڕێکی مێژوویی لەو پرسە دەدەینەوە و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو بابەتە تاوتوێ دەکەین.

***



**پێشەکی**

لە ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٣٩ خوێندکارانی زانکۆی چارلز لە پراگ بەبۆنەی ٢١ـەمین ساڵیادی سەربەخۆیی کۆماری چێکەوە خۆپێشاندانێکیان وەڕێ خست کە ئەو خۆپیشاندانە بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن هێزەکانی داگیرکاری نازییەوە سەرکوت کرا و بەر فیشەک درا. لەو ڕووداوەدا ١٥ خوێندکار بە سەختی بریندار بوون کە یەکیان دوای دوو حەوتوو لە ڕۆژی ١٥ی نۆڤەمبەری ١٩٣٩دا گیانی لەدەست دا. ڕۆژی پرسەی خوێندکارەکە لە ١٧ی نۆڤەمبەردا بەڕێوە چوو. ڕێژیمی نازیی ئاڵمان لەم ڕۆژەشدا ٩ کەس لە ناڕازییان کە ٨ کەسیان خوێندکار و یەک کەسیان مامۆستای زانکۆ بوون، بەبێ لێپرسینەوە لە سێدارەی دان و ١٢٠٠ خوێندکاری دیکەی دەسبەسەر کرد. لە ساڵی ١٩٤١ پاش دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا، لە ئەنجومەنی نێودەوڵەتی یەکیەتیی قوتابیان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە خوێندکارانی ئاوارە کە لە لەندەن بەڕێوە چوو، ١٧ی ئۆکتۆبر بە ڕۆژی جیهانی خوێندکاران ناو نرا و لەو ڕۆژەوە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی ڕۆژی خوێندکار بەڕێوە دەچێ.

**ئەکتی خوێندکاران و شوێندانەرییان لە پرسەکانی کۆمەڵگەدا**

ئاوڕدانەوە لە مێژووی بزووتنەوەی ئاکادێمی و خوێندکاری لە جیهاندا، ئەو ئاکامگیرییەکان دەداتێ کە زانکۆ شوێنی خۆڕاگری و سەنگەری تێکۆشانە و خەباتی خوێندکاران لە دژی سیستەمە کۆنەپەرست و چەقبەستووەکان دەستەبەری زۆر دەسکەوتی گرینگ بووە.

بزووتنەوە خوێندکارییەکان سەرەڕای خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیان لەهەر وڵاتێکدا، هاوبەشیی زۆریشیان لەگەڵ یەکتر لە ئاستی جیهاندا هەیە و، چەمکەکانی دێموکراسی، بەرزکردنەوەی مافی مرۆڤ و فراوانبوونی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە گرنگترینی هاوبەشییەکانن. ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە چاخی ئێستادا پتر لەسەر مژارگەلی وەک تیکنۆلۆژی، ژینگە، چەکی ئەتومی کار دەکەن و لە فۆڕمێکی یاساییدا دەچنە پێش؛ بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوودا ئەم ناڕەزایەتییانە زۆرتر بۆ ئازادی، دێموکراسی، مافی شارۆمەندی، مافی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێن و زۆر جار بە هۆی نەبوونی پلاتفۆرمێکی دێموکراسی، لاوازیی دامەزراوە مەدەنییەکان و سەرکوتی حکوومەتییەوە مل لە توندوتیژی دەنێ.

**کورتەمێژوویەکی بزووتنەوەکانی خوێندکاری لە جیهان**

مێژووی بزووتنەوە خوێندکارییەکان لە جیهان هێندەی مێژووی دامەزراندنی زانکۆ گرینگە. بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئەمریکا، بزووتنەوەی خوێندکاران لە فەرەنسا، بزووتنەوەی خوێندکاران لە ئەفریقای باشوور و بزووتنەوەی خوێندکاران لە چێکۆسلۆواکی لە هەرە گرنگترین بزووتنەوەکانی خوێندکاران لە جیهاندان.

**بزووتنەوەی خوێندکاریی هاوچەرخی ئەمریکا** لە ساڵی ١٩٣٠ دەستی پێ کرد، کاتێک بەرەی خوێندکارانی نەتەوەیی چووە ڕیزی بەرەی خوێندکاران بۆ دێموکراسیی پیشەسازی و یەکیەتیی خوێندکارانی ئەمریکایان (ASU) پێکهێنا. لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە بە ساڵانی زێڕین ناسراوە، لە بەهاری ١٩٣٠ەوە تا بەهاری ١٩٣٩، بزووتنەوەکە توانی نزیکەی ٥٠٠ هەزار خوێندکار کە نیوەی حەشیمەتی خوێندکارانی زانکۆکانی ئەمریکا بوو لەخۆ بگرێ و ڕێپێوانێکی ساڵانەی دژە شەڕ بەڕێوە ببا. ئەو بزووتنەوەیە پێشەنگی بزووتنەوەکانی ساڵانی ١٩٦٠ و دواتر دژ بە شەڕی ویێتنام بوو.

کۆمەڵەی نەتەوەیی خوێندکارانی فەڕانسە (U.N.E.F) کە ساڵی ١٩٠٧ لە چەندین ڕێکخراوی خوێندکاریی بچووک پێک هات، دەکرێ بە کاریگەرترین ڕێکخراوی خوێندکاری لە گۆڕەپانی سیاسی فەڕانسەدا دابندرێ. لوتکەی بزووتنەوەی خوێندکاران لە فەڕانسە دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی مانگی مەی ١٩٦٨، کە بە شۆڕشی خوێندکاران ناسراوە. ئەم ناڕەزایەتییانە دژ بە سیاسەتی شەڕخوازانەی دەوڵەتی فەڕانسە دەستیان پێ کرد کە بە هاتنی کرێکاران ڕەنگ و بۆیەکی نەتەوەیی بەخۆوە بینی و لە ١٣ی مەی ١٩٦٨ گەورەترین مانگرتنی سەدەی بیستەمیان تۆمار کرد و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگەی فەڕانسە بە گشتی و ئورووپا دانا.

بزووتنەوەی خوێندکاران لە ئەفریقای باشوور یەکێکی دی لە بزووتنەوە خوێندکارییە شوێندانەرەکان لە جیهان بوو. ١٦ی ژوئەنی ١٩٦٧دا ڕاگەیەندراوێکی ڕەگەزپەرەستانە لەلایەن دەوڵەتی ئەفریقای باشوور بڵاو کرایەوە کە ئاماژەی بەوە دەکرد پەروەردە بە زمانی ئینگلیزی تەنیا بۆ سپیپێستەکانە و پەروەردە بە زمانی ئەفریقیش بۆ ڕەشپێستەکان. ئەم بۆشایی ئاکادێمییە ڕەنگدانەوەی میدیایی لە ئاستی جیهاندا بەدوودا هات و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانی خوێندکارانی ئەو وڵاتە، هاوپشتیی خوێندکاران لە سەرتاسەری دنیا دژ بە حکومەتی ئەفریقای باشوور لێ کەوتەوە. پاش چەندەها ساڵ خەباتی ڕەش بەتایبەتی خەباتی خوێندکاران بە سەرۆکایەتیی نێلسۆن ماندێلا لە ساڵی ١٩٩١دا بە لەنێوچوونی نیزامی ئاپارتاید سەرکەوت.

خوێندکاران لە چێکوسلۆواکی لە ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی خوێندکارەوە خۆپێشاندانێکی بەرفراوانیان لە پراگ بەڕێوە برد کە لەلایەن پۆلیسی ئەو وڵاتە سەرکوت کرا. بەڵام ڕۆژی ٢٤ی نۆڤەمبەر بەهۆی درێژەی گوشارەکان لەلایەن خوێندکاران و خەڵکی ئەو وڵاتە "میلوس یاکش"، سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی چێکسلۆواکی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرا و خەڵک و خوێندکاران لە مانگرتنێکی گشتیدا، ڕۆژی ٢٩ی نۆڤەمبر کۆتاییان بە سەردەمی کۆمونیست لەو وڵاتە هێنا. دەستەواژەی شۆڕشی مەخمەڵی بۆ یەکەمجار لەلایەن "ڕیتا کلیمۆوا" و بۆ ناونانی ئەم بزووتنەوە خوێندکارییە بەکارهێنرا.

**بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران**

بزووتنەوەی خوێندکاریی لە ئێران بە دامەزراندنی زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣١٣ەوە لەدایک بوو و بە پێکهێنانی یەکیەتیی خوێندکارانی حیزبی توودە لە ساڵەکانی ١٣٢٠ـی هەتاوی بەفەرمی چووە نێو ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگەوە. یەکەم بزووتنەوەی سیاسیی خوێندکاران دژی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ١٣٢٥ ڕێک خرا کە بەتوندی لەلایەن ڕێژیمەوە سەرکوت کرا. بزووتنەوەی خوێندکاری ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە نمیللیکردنی سەنعەتی نەوتدا، بەڵام خاڵی وەرچەرخانی مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاران ١٥ـی سەرماوزی ١٣٣٢ بوو؛ کە خوێندکاران بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەدژی هاتنی نیکسۆن، سەرۆککۆماری ئەمریکا و دادگاییکردنی دوکتۆر موسەدق ڕاژانە سەر شەقام. لە ١٦ـی سەرماوەزدا هێزی سەرکوتکەری شا قەڵتوبڕی خستە نێو خوێندکارانی تارانەوە و بەمجۆرە دواتر ئەم ڕۆژە لە ئێران بە ڕۆژی خوێندکار ناونرا.

گرووپە ئاینییە خوێندکارییەکان بەشێکی دیکە لەو بزاوتە بوون کە دواتر لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پەهلەویدا ڕۆڵیان بینی، بەڵام دوای شۆڕشی ١٣٥٧ کەشوهەوای ئێران کڕوماتی و خەفەقانێکی لە ڕادەبەدەری بەخۆوە بینی و سەرکوتی خەڵک بوو بەهۆی ناڕەزایەتیی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ سەبارەت بە دۆخی ئەو سەردەمە. هەر بەهۆی ئەو ناڕەزایەتییانەوە بە فەرمانی خومەینی بۆ ماوەی سێ ساڵ (١٣٥٩–١٣٦٢) لەژێر ناوی "شۆڕشی فەرهەنگی"دا زانکۆکانی ئێران داخران و بزووتنەوە خوێندکارییە بەرهەڵستکارەکانی کۆماری ئیسلامی پاکتاو کران.

ساڵی ١٣٧٨ لەگەڵ ناڕەزایەتیی خوێندکاران بە داخستنی ڕۆژنامەی "سلام"، زانکۆی تاران شایەتی هێرشێکی چڕی پۆلیس و هێزە سەرکوتکەرەکان و وەزارەتی ئیتلاعات و بەرگ شەخسیەکان بوو، بەوهۆیەوە کۆمەڵێک خوێندکار کوژران و دەیان کەس گیران و ئەشکەنجە دران و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ ئێران شایەتی گەورەترین ناڕەزایەتی و کۆبوونەوەکانی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێراندا بوو کە لە ماوەی ئەو خۆپیشاندانانەدا سەدان کەس دەستگیر کران. چەخماخەی خۆپێشاندانەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ساڵی ١٣٨٨یش هەر لەلایەن خوێندکارانەوە لە تاران لێدرا کە لەلایەن ڕێژیمەوە بە توندوتیژی سەرکوت کران. هەروەها دەکرێ ئاماژە بە ڕۆڵی خوێندکاران بکرێ لە خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨ـی هەتاوی کە ئەم خۆپێشاندانە خوێندکارییە جەماوەرییەش هەروەک خۆپێشاندانەکانی پێشوو لە ئێران لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەرەوە سەرکوت کران و جارێکی تر ژمارەیەک ئەشکەنجەدران و ڕەوانەی بەندیخانەکانی ڕێژیم کران.

**بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان**

ئەگەرچی کوردستان خاوەنی خاک و وڵاتی سەربەخۆ نییە، بەڵام بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لەو چوار وڵاتەی خاکی کوردستانیان بە سەردا دابەش بووە، بەشێوەیەکی تایبەتی ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە.

مێژووی چالاکییەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخراوی خوێندکاری کە لەژێر ناوی "یەکیەتیی خوێندکارانی کورد" لە خارپووت دامەزرا.

یەکەمین ڕێکخراوی خوێندکاریی کورد کە بەفەرمی ڕاگەیەندرابێ، "کۆمەڵەی خوێندکارانی هیوای کورد" بوو کە ساڵی ١٩١٢ لە شاری ئێستانبوول ڕێک خرا. لە سەردەمی "کۆماری کوردستان"دا، "یەکیەتیی خوێندکارانی کورد" لە زانکۆی تاران دامەزرا، کە ئامانجەکەی نەهێشتنی ناکۆکییەکان و یەکگرتن لەنێوان خوێندکارانی

درێژە بۆ لاپەڕەی ١١

# ئەخلاق لە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی‌دا



٧٦ ساڵ بۆ تەمەنی حیزبێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەک تەمەنێکی کەم نییە، بەڵکوو تەمەنی چەندین جیل و وەچەی نەتەوەیەکیشە. تەنانەت ئەگەر بێتوو سێ ساڵەکەی کۆمەڵەی ژێکاف و بەر لەویش حیزبی ئازادیی کوردستانیشی بخەینە سەر، بە قەولی نەمر مامۆستا زەبیحی دەڵێ حیزبی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا، سەرەتای دەستپێکی یەک هێڵ بوون کە دواجار لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا خۆیان دەبیننەوە یان بە تەعبیری نەمر مامۆستا هەژار کە دەڵێ حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەسەر دار و پەردووی ژێکاف سازبووە، دەبێتە مەودایەکی زیاتر لە هەشتا ساڵ، تەمەنێکی زیاتر لە تەمەنی زۆر وڵاتی سەربەخۆی سەر گۆی زەوی!

بێ‌گومان تا هەنووکە هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان نەیتوانیوە دەسکەوت و شانازییەکانی ئەم حیزبە دووپات کاتەوە، کە بێ‌گومان دیارترینی ئەم دەسکەوتانە دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لەسەر بنەمای گوتارێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کە کلیل‌وشەکانی ئەم گوتارە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تا ئێستاش بە سەر گوتاری پارچەکانی تردا زاڵ و دیارە.

بێ‌شک دەکرێ زۆر دەسکەوتی گرینگی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی هی سەرەتای دامەزرانی دەسنیشان بکەین، بەڵام جگە لەم دەسکەوتانەش، بە دڵنیاییەوە هیچ حیزبێکی کوردی هێندەی حیزبی دێموکرات تووشی کارەسات نەبووە، لە هەرەسی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوای نەمرڕا بگرە، تا دابڕان و لەتبوون و شەهیدبوونی سەرکردە کاریزماکانی و دواجار دۆخێک لەژێر زەخت و گوشاری تیرۆر و ژیانی نائاسایی و دابڕان لە بارودۆخی شۆڕش و داگەڕان لە شاخ بەرەو دەشت!

ڕەنگە یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەوەی کە ئەم حیزبە سەرەڕای ئەم هەموو زەخت و گوشارە تابشتشکێن و تاقەتپرووکێنە، توانیوێتی تا هەنووکە بەردەوام بێ و پێگەیەکی بەهێز و گرینگی لەنێو کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستاندا هەبێ، بگەڕێتەوە سەر چەمکی ئەخلاق کە لە هەناوی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا بەدایمە بوونی هەبووە، هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا.

لە کەوانەدا وەبیر هێنانەوەی ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە هەوسارپساوی و بەرەڵڵایی و بێ‌ئەخلاقی لە سۆشیال میدیادا، زیاتر دەگەڕێتەوە سەر نەخۆشییەکی نەفسی کۆمەڵگەی کوردەواری و کەمتر گوزارە لە پەراوێزەکانی گوتاری نەتەوەیی دەکا و خەسارناسییەکەی هەڵگری دەرفەت و مەجالێکی ترە.

بە ڕای من لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بۆ سیاسەت بڕوانی، ئەگەر بایەخە ئەخلاقییەکان پێشێل بکا، دەبێتە قێزەوەنترین دیاردەی کۆمەڵگە. ئەو دەستەواژە سواوانەی بەردەوام باس لەوە دەکەن کە سیاسەت واتە درۆودەلەسە و فرتوفێڵ و... زۆر جاران لە پاساوێک دەچن بۆ قوتکردنەوە سیاسەت بەدژی ئەخلاق. بەتایبەتی کاتێ کە هاوسەنگیی هێز لەگۆڕێدا نییە، هێزی باڵادەست بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، بەتەواوی ئەخلاق لە سیاسەت ڕادەماڵێ، ڕێک بەپێچەوانەی شێوەڕوانینی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، نموونەی مێژوویی بۆ سەلەماندنی زۆرن.

بێ‌گومان لە هەموو قۆناغەکانی هەڵکشان و داکشانی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی -بە هۆکاری جۆراوجۆری دەرەکی و ژوورەکی- ئەوە چەمکی ئەخلاقە کە بەرامبەری بە "ئەوی تر" نەگۆڕە.

هەندێ جار نەوی‌کێشان و حاوانەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی تر، دەگاتە ئەو ئاستە کە لە هەناوی گوتاری نەتەوەیی بە تۆخی "ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی" یان "ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی" وەدەردەکەوێ. مەبەست لەم ناسیۆنالیزمە مەدەنییە بایەخەکانی دنیای لیبڕاڵە لەسەر بنەمای ئازادی و دێموکراسی و ڕێزگرتن لە ویست و ئیرادەی تاک. تەنانەت ئەو هێڵە تۆخ و ڕادیکاڵەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم سەردەمەدا کە وەک ناسیۆنالیزمی دژە-کۆلۆنیالیزم ناوزەد دەکرێ لە هاوکێشەی کۆلۆنیالیست – کۆلۆنیالیکراودا خوازیاری وێکهەڵکردنە.

بەڵام گوتاری هێرشبەری نەتەوەی باڵادەست بەردەوام خەریکی وەشاندن و لێدانە، بەتایبەتی کە بەزەبری هێزی سەخت ئامانجەکانی بۆ ناپێکرێ، هێزی نەرم دەکاتە کەرەسەی وەشاندن بۆ وێنە لەسەر بنەمای شانتاژ، درۆ، بوختان، ناوزڕاندن و... بۆیە ئەم گوتارە هەرگیز نازانێ داوای لێبوردن چییە، چون ئەخلاقتەوەر نییە و بەپێچەوانەوە دژی ئەخلاقە، تەنانەت هەرگیز ئامادە نییە داوای لێبوردنێکی بچووک بکا بۆ تاوانێکی گەورە. ئەمە لە کاتێک‌دایە کە گوتاری نەتەوەیی بزووتنەوەی کوردی وا ڕاهاتووە کە پابەند و پێمل بێ بە بایەخە ئەخلاقییەکان ئەگەر دواجار بە زەرەری خۆشی بشکێتەوە!

شەهید دوکتور قاسملوو سەبارەت بە شەڕی نەغەدە لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی "جمهوریت"دا دەڵێ: لە نەغەدە ئێمە هەڵەمان کرد، ئەوان "سوءاستفادە!" واتە دان بە هەڵەدانان لە گوتاری بزووتنەوەی کوردی چونکی ئەخلاقتەوەرە، وەک بایەخ سەیر دەکرێ. ئەو بەناو بەڵگەفیلمانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی بڵاویان دەکاتەوە، سەرلەبەری درۆ و دەلەسەیە و سەلمێنەری ئەوەن کە ئەوان باوەڕیان بە هیچ بایەخێکی ئەخلاقی نییە و لە لایەکی تریشەوە وەک پەلەقاژەیەکی قێزەوەن دێتە بەرچاو کە هیچ ئاکامێکی ئەوتۆی بۆ ئەوان لێ شین نابێ. دیارە ئەم بێ‌ئەخلاقییە هەر لە ڕێگەی هێزی نەرمەوە نەبووە و لە مەیدانی شەڕیش بە سەدان قات لەمە دڕ و دڕندەتر بووە! دیارە نابێ ئەو ڕاستییەش بشاردرێتەوە کە بەدرێژایی تەمەنی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی هەڵەش ڕووی داوە کە بە باوەڕی من دەگەڕێتەوە -بەتایبەتی سەردەمی سەرەتای شۆڕش- سەر دیاردەیەک بە ناوی لاوازیی کولتووری لەهەمبەر شۆڕشگێڕییەکی پەتی!

ڕەنگە هێنانەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەم چەمکە واتە چەمکی ئەخلاق، یارمەتیدەر بێ بۆ نیشاندانی جیاوازیی گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەگەڵ گوتاری نەتەوە باڵادەستەکان. لە هەمان کاتیشدا باسکردنی شێوەڕوانینی پێشەوای نەمر و شەهید دوکتور قاسملوو بۆ ئەم چەمکە، دەمانگەیەنێتە ئەم ئەنجامە کە بۆچی کورد لەبەرامبەر ئەوی تردا سەردەمیانەتر و لەسەر بنەمای بایەخە ئینسانییەکان جووڵاوەتەوە.

پێشەوا قازی محەممەد لە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٤٦ لە تەورێز دیدار و گفتوگۆیەکی هەبووە لەگەڵ مەئمووری کاتی کۆنسوولخانەی ئەمریکا و لە وڵامی داوایەکی کۆنسوولدا کە دەڵێ: "لە ورمێ شارۆمەندانی ئەمریکایی ئێمە دەژین، بێتوو هەر شەڕ و ڕاپەڕینێک لە ورمێ ڕوو بدا من تکاتان لێ دەکەم بۆ پاراستنی گیانی ئەوان." پێشەوا لە وڵامدا دەڵێ: هیچ جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک بۆ سەر ورمێ و شارۆمەندانی ئەمریکایی لە گۆڕێدا نییە. لە ورمێ ئازەربایجانییەکان، ئاسووڕییەکان، ئەرمەنییەکان و کوردەکان وەک خێزانێکی یەکگرتوو بەیەکەوە دەژین و هیچ خیلافێکیان لە نێواندا نییە. ئەمن بەڵێنیتان پێ دەدەم کە هیچ کەس ناتوانێ چەتێک و خیلافێک لەنێو ئێمەدا ساز کا و ئێمە ئێزن نادەین کەسێک سەدەمە بە دۆستایەتیمان بگەیەنێ. [ئەم کۆپلەیە لە وێبلاگی ڕوانگەی مامۆستا حەسەن قازی وەرگیراوە.]

ئەمە بەم واتایە دێ کە کورد شێوەڕوانینی لەسەر بنەمای وێکهەڵکردن و حاوانەوە لەگەڵ ئەوی ترە. جا سەیرەکە لەوەدایە ئەمڕۆ لێرولەوێ دەنگێک بەرز بۆتەوە کە دەڵێ کورد دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی کێشەکانی یەکلاکاتەوە، کەچی ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە کە کورد لە سەدەی ڕابردوودا بە هەموو شت ڕازی بووە: بە حوکمی زاتی، بە خودموختاری، بە فیدراڵی و تەنانەت بە "نان و کەوەریش"! کورد هەمیشە ڕووی دەمی لە ناوەند بووە و ئەمە ناوەندە کە کوردی بە هیچ وەرنەگرتووە و بەشداری سیاسی بە مانا ڕاستەقینەکەی لە دەسەڵاتدا نەبووە، لای کەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمە دەیان ساڵە بەزەقی دەدیترێ.

لە ئەدەبیاتی سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌دا ئەم مۆتیڤانە هەموو بەرهەمی ئەخلاق- تەوەریی ئەم بزووتنەوەیەن، بۆ وێنە: ددان بە هەڵەدانان، ڕێزی بەرامبەر، بەرپەرس بوون، جیددی بوون، ڕەخنە لەخۆ گرتن، مافی دیتران، سەربەخۆیی لە بڕیاردانداو... سەرنجڕاکێشە کە دوکتور قاسملوو بەردەوام خەریکی دووپاتە و چەندپاتە کردنەوەی ئەم مۆتیڤانەیە بۆ چیرۆکی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەواوی چەمکی ئەخلاق وەک بەستێنی گوتاری نەتەوەیی بچەسپێنێ. بۆیە دەڵێ: "ئێمە بێ‌ئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین و یەکەم حیزبی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردووە!"

شەهید دوکتور قاسملوو حەول دەدا بەستێنی ئەم گوتارە، بەستێنی ئەم بزاڤە، ئەخلاق بێ و پێی وایە ئەمەش گەورەترین سەرمایەی کۆمەڵایەتییە و ڕەمزی مانەوەی حیزبەکەشی هەر لەوەدا دەبینێ.

دەکرێ بڵێین ئەوەی لە کلیل‌وشەکانی ئەم گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەییدا بەدی دەکرێ بۆ وێنە وەک شوناسی نەتەوەیی، لە ڕاستیدا بە جۆرێ ڕێزگرتنە لە کەسایەتیی تاکەکانی نەتەوەیەک کە بەدرێژایی مێژوو، دەسەڵات حەولی سڕینەوەی ناسنامەی داون و تەنانەت سڕینەوەی فیزیکی. بۆیە ئەم ڕێزگرتنە ڕێک دێتە خانەی ئەخلاقەوە، واتە ئەم گوتارە لە هەناوی خۆی‌دا ئەخلاق تەوەرە و هەڵگری بایخە ئەخلاقییەکانە.

بۆیە ئەم مۆتیڤ و دەستەواژانە باسمان کردن و لە ڕاستیدا لە گوتاری نەتەوەیی هەڵمانکڕاند، بەپێی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی زەمەنی و دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی کوردستان و ئێران، حیزبی دێموکرات هەڵگریان بووە. هێندێک جار ئەم دەستەواژانە لەنێو گوتاری سیاسی ئەو حیزبەدا ڕەنگی داوەتەوە، هێندێک جار لە زمان ڕێبەرایەتی ئەم حیزبەوە گوتراوە و دواجار، بوونەتە بەستێنی کلیل‌وشەکانی ئەم گوتارە. گرینگی ئەم چەمکانە لەوەدایە کە ئەگەر بێتوو لەگەڵ بۆ وێنە گوتارەکانی سەردەمی پەهلەوی و سەردەمی کۆماری ئیسلامی پێکیان بگرین کە گوتارگەلێکی هۆموژێنخواز و هێرشبەر و بێ‌ئەخلاقن ڕێک بە پێچەوانەوە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گوتارێکی بەرگریکار و خاکەڕا و ئەخلاق تەوەرە.

ئەو گوتارەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دایمەزراندووە، لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا، ئەخلاقمەدارترین گوتار بووە تەنانەت لەچاو گوتاری نەتەوە بندەستەکانی تری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

# بۆچی عێراق دەبێ ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە؟



و: کەماڵ حەسەنپوور

مستەفا ئەلکازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراق شانسی هەبوو کە لە هێرشی فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە بۆ سەر ماڵەکەی تەنیا بە برینێکی سووک ڕزگاری بووە، کە لە وتارەکەی سەر تەلەڤیزیۆن دوای هێرشەکە لە بانداژی مەچەکی چەپی ڕا دیار بوو. بەڵام سەرەڕای داوای لەسەرەخۆبوون و درێژە بە کارەکان بدەن وەک هیچ نەقەومابێ، کازمی ناتوانێ ئەو زبرە قورسە بشارێتەوە کە بەر جەستەی سیاسیی عێراق کەوتووە. ئەو نابێ هەوڵی ئەو کارەش بدا.

هەوڵی ئاشکرای کوشتنی ناوبراو بیانوو دەداتە کازمی تا میلیشیاکان سەرکوت بکا، شتێک کە ماوەیەکی زۆری بەسەرەوە چووە. هیچ گومان لەوە دانییە کە هێرشەکە کاری یەکێک لە بەکرێگیراوانی ئێران بووە: لەنێو ڕێژەیەکی زۆر گرووپی چەکدار کە لە عێراق چالاکن، تەنیا ئەوان دەستیان بە فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان ڕادەگا، کە کۆماری ئیسلامی داویەتیە بەکرێگیراوانی لە سەرانسەری دنیای عەڕەب، لە لوبنانەوە تا یەمەن.

لە عێراق میلیشیای شیعە کەڵکیان لە فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوانی ئێرانی بۆ هێرش بۆ سەر بنکە سەربازی کە هێزی ئەمریکایی لێ جێگیر کراون وەرگرتووە. ئەوان بە هەمان شێوە لە خاکی عێراقەوە کەڵکیان لە فڕۆکەی بێ‌فڕۆکەوان بۆ هێرش بۆ سەر قووڵایی خاکی عەڕەبستانی سعودیش وەرگرتووە. بەڵام سەرۆکوەزیران، لە ترسی تووڕە کردنی تاران، خۆی لە ئاشکرا کردنی تاقمەکانی بەرپرسی ئەو هێرشانە بواردووە و لەوەش کەمتر دابینکارانی ئەو فڕۆکە بێ‌فڕۆکەوانانەی مەحکوم کردووە.

بێتوو کازمی بوێری نیشان بدا و بکەرەکانی هێرشەکە و ئەو لایەنەی ئەوان کۆنترۆڵ دەکا ئاشکرا بکا، ئەو دەتوانێ حیساب لەسەر چەکێکی سیاسیی گەلێک بە هێز بکا کە تا ئێستا نەیبووە: پشتیوانیی هاووڵاتیانی.

عێراقییەکانی زۆر دەمێکە لە دەستێوەردانە بەدخوازانەکانی ئێران ماندوو بوون و داوایان لە ڕێبەرانی سیاسیی خۆیان کردووە کاردانەوەیان دژی بەکرێگیراوانی ئێران، تاقمەکانی کەتائیبی حیزبوڵڵا، عەسایبی ئەهل ئەلحەق و ڕێکخراوی بەدر هەبێ، کە بەردەوام هاووڵاتییان دەترسێنن، پارە بە زۆر لە بازرگانان دەستێنن و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ دەکوژن. شکستی کازمی لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەوان یارمەتیدەری پەرەئەستاندنی هەستی بێ هومێدی لەنێو خەڵکی ئاسایی عێراق دروست کردووە کە بە بەشداریی کەمیان لە هەڵبژاردنی مانگی ڕابردوودا دیارە.

بێزارییەکیش لەنێو سوپای عێراقدا بەرچاو دەکەوێ، کە هەڕەشەی ئەوەیان لەسەرە میلیشیاکان جێگایان بگرنەوە. نیگەرانیی پەرەئەستێنیش لە پێتەختەکانی دیکەی وڵاتانی عەڕەبییشدا دەبینرێ و هەروەها بێگومان لە واشینگتۆنیش، کە تاران کەڵک لەو تاقمانە وەردەگرێ تا لە بەغدا بڕیاری هەموو شتێکی بەدەست بێ.

سیاسەتوانێکی ژیر ڕەنگبێ بتوانێ کەڵک لەو بێهیوایی و بێزارییە بۆ هەنگاوی بەکردەوە دژی سەرچاوەکەیان وەرگرێ. وزەیەکی دیکەش بۆ کازمی لەئارادایە: هەوڵی کوشتنەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە میلیشیاکان چیدیکە لە ملکەچییەکەی ڕازی نین و دەیانهەوێ لەسەر ڕێگای خۆیانی لادەن.

دوای ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، تاقمەکانی بەکرێگیراو لە لایەن ئێرانەوە هەوڵیان داوە بە کەڵەگایەتی دەسەڵات بگرنە دەست. ئەوان ڕەوایی دەنگەکانیان هێناوەتە ژێر پرسیار و لە دەروەی ناوچەی سەوزی بەغدا، لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان تووشی پێکدادان بوون.

کازمی کە بۆخۆی لە هەڵبژاردنەوەدا بەربژێر نەبوو، هیوادارە بەهۆی ئەوە کە بەربژێرێکە کە لایەنەکان کەمترین دژایەتییان لەگەڵیدا هەیە، بتوانێ کارەکەی بپارێزێ. میلیشیاکان ئەوە دەزانن و، وێدەچێ حیساب لەسەر ئەو گریمانەیە بکەن کە بێتوو ئەوان ناوبراو لە هاوکێشەکە دەراوێژن شانسی باشتریان بۆ دانانی کەسێکی دڵخوازی خۆیان لە جێگای ئەو دەبێ.

لەبەر شکستەکەیان، ڕەنگبێ هێرشە فڕۆکە بێ‌فڕۆکەوانەکان کاریگەریی بەراوەژووی هەبووبێ، بە بەهێزترکردنی ڕەوایی کازمی وەک بەربژێرێک کە دەکرێ لەسەری بسازێن. هیچ نەبێ، ئەگەر دزێوترین ڕێکخراوەکانی وڵات بڕیاری وەلانانی ئەویان دابێ، لایەنەکانی دیکە ڕەنگبێ ئەو ویستەیان لە لا بەهێز بووبێ تا پشگیریی لێ بکەن.

سەرۆکوەزیران یارمەتیی دەرەکیشی پێویستە. هەوڵی نێونەتەوەیی پێویستە تا زەخت بخرێتە سەر تاران بۆ ئەوە کە لەغاوی بەکرێگیراوە عێراقییەکانی ڕاکێشێ. ئەو ڕاستییە کە بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، عەلی شەمعخانی، بەتەواوی بەرپرسیاریی هەوڵی کوشتنی سەرۆک وەزیرانی ڕەت کردەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەوە کە نوێنەرانی ڕێژیم لانی کەم هەست بە هێندێک شەرمەزاری دەکەن، کە بیانوویەک دەداتە وڵاتانی دیکە کارێکی لەسەر بکەن.

کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە وتووێژەکانی ئەو دواییانە لەگەڵ دوژمنە نەریتییەکانی درێژە پێ بدا، کە بە هەڵکەوت لە لایەن کازمییەوە ڕێکخراون. عەڕەبەکان ئێستا دەرفەتێکیان هەیە تا زەخت بخەنە سەر ئێرانییەکان تا لانی کەم، لە کاتێکدا کە سوپای عێراق خەریکی کاری خۆیەتی، پاشەکشە بە بەکرێگیراوەکانی بکا.

بێتوو سەرۆک وەزیران بەگوێرەی پێویست پشتگیریی نێوخۆیی و نێونەتەوەی وەرگرێ، ئەگەری ئەوە هەیە کە بتوانێ بێ تەقەی تاکە گوللەیەک، بە سەر میلیشیاکاندا زاڵ بێ. زۆر وێدەچێ خوێن بڕێژرێ: هەرچۆنێک بێ، میلیشیاکان چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی ئێرانییانیان هەیە. بەڵام سوپای عێراقی توانایی زۆرتریان بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا هەیە، وەک چۆن لە شەڕی دژی داعش نیشانیان داوە. ئەوان بە هەمان شێوە چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی ڕۆژاواییان هەیە.

بەریەککەوتن شتێکی حەتمییە. دەستی کازمی ڕەنگبێ قەت وەک کاتی بانداژکرانی بەهۆی هێرش بە مەبەستی کوشتنی بەهێزتر نەبێ.

*** واشینگتۆن پۆست – بابی گۆش**

# دادگای خەڵک بۆ پێڕاگەیشتن بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## چەند وانەی گرینگ بۆ گەلی کورد



ئەنوەر سوڵتانی




دادگایەکی غەیرە حکوومی بۆ ڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکانی مانگی ئابان (نۆڤامبر)ی ٢٠١٩ی شارەکانی ئێران، ئێستا لە لەندەن پێکهاتووە.

خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ جگە لە دوو ئۆستان نەبێ، لە هەموو ٣١ ئۆستانەکانی ئێراندا بەڕێوە چوون و کوردی ڕۆژهەڵاتیش تێیاندا بەشداریی کرد. دادگاکە بە هیممەتی سێ ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ، لە ڕۆژانی ١٠ تا ١٥ نۆڤامبری ئەمساڵدا بە بەشداریکردنی شەش دادوەری نێونەتەوەیی لە وڵاتانی جیاواز، پێکهات و تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە شایەدانی ڕاستەوخۆی ئەو ڕووداوانە باسیان لەو کارەساتە مرۆڤایەتییانە کرد کە لە ئەنجامی توندوتیژی نواندنی مەئموورانی چەکداری کۆماری ئیسلامی و تەقەکردن لە خەڵکێک هاتبووە پێشەوە، کە بەبۆنەی گرانبوونی نرخی بەنزین ڕژابوونە سەر شەقامی شارەکان.

ئەو سێ ڕێکخراوەیە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، لە ڕاست و چەوتیی "نزیکەی دوو هەزار و سێسەد ڤیدیۆ"یان کۆڵیوەتەوە کە "٣١٠ دانەیان پێشاندەری تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانن". ڤیدیۆکان خەڵکی ئاسایی هەڵیانگرتوون و لە مێدیای مەجازی یا لە هەندێک تەلەڤیزیۆنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا پیشان دراون. بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوانەش هاوڕێ لەگەڵ شایەدانی دیکەی ڕووداوەکان، وەک شایەد هاتوونەتە نێو دادگا و وەڵامی پرسیاری دادوەران دەدەنەوە. ئامانجی سەرەکی کارەکە ئەوەیە بزانرێ ئایا سەرجەم سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەخسی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی و حوجەتولئیسلام ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆمار، لەو ڕووداوە تایبەتەدا "تاوانی دژی مرۆڤایەتی"یان کردووە یان نا؟

دەرگای دادگا بە ڕووی هەموو کەسدا کراوەیە و هەرکەس بخوازێ دەتوانێ بە ناونووسینێکی ساکاری ئینترنێتی، لە ژووری دادگاکە دابنیشێ و بینەر و بیسەری وتووێژی دادگاکە بێ بە زمانی ئینگلیزی. قسەی شایەدە ئێرانییەکانیش ئەگەر بە فارسی بن، وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی ئینگلیزی.

من لە ڕۆژی هەینی، ٢٠٢١/١١/١٢ وەک بینەر لە دادگاکەدا ئامادەبووم و شێوازی بەڕێوەچوونی دادگا و شایەدیدانی هەندێک لە شایەدەکان و پرسیاری داوەرەکانم بینی. ئامانجم لە ئامادەبوونەکە، ڕێزگرتن بوو لە کار و زەحمەتی ئەو ڕێکخراوە و کەسایەتییانەی وا توانیویانە بە خۆبەخشی و بێ یارمەتیی حکوومی، ئەرکێکی وا گرنگ و مێژوویی بەڕێوەبەرن و ببن بە دەنگی ئەو هاوارە لەگەروودا خنکاوەی کەسوکاری کوژراوان و برینداران و گیراوانی ڕووداوەکە. بەڵام لەعەینی کاتدا ویستم بەش بەحاڵی خۆم، هەوڵ بدەم ئەزموونەکە بکەوێتە بەرچاوی گەلی کورد، کە زیاد لە هەموو کەس و کۆمەڵگەیەکی دیکە تووشی دڕندەیی حاکمانی ئێران هاتوون و ژمارەی کوژراوان و ئیعدامکراوان و زیندانییەکانیان بە نیسبەت ڕێژەی دانیشتووان، لە هەموو گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران زیاترە.

بە بۆچوونی من، ئەزموونەکە نەک هەر بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەسوودە و دەتوانێ بۆ ڕاگەیشتن بە کارەساتی وەک ئەنفال و هەڵەبجە کە تائێستا دیزەبەدەرخۆنە کراوە، ببێتە نموونە و سەرمەشقی کردەوە و خەبات. هەروەها دەتوانرێ لە باکووری وڵات کەڵکی لێ وەربگیردرێ کە حکوومەتی ئەردۆغان لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا، گەلێک زیاتر لە مستەفا کەماڵ کارەساتی دڵتەزێنی بەسەر گەلەکەمان هێناوە و لە نێوخۆی تورکیە ئەوەی توانیویەتی دژ بە ئێمەی کردووە، لە سووریە و عێراقیش خاکی کوردی داگیر کردووە و پلانی چەپەڵی داگیرکاریی دواڕۆژی بۆیان هەیە.

من لێرەدا دەمەوێ هەندێک خاڵی سەرەکی باس بکەم کە لە ڕەوتی بەڕێوەبردن و پرسیار و وەڵامەکانی نێو دادگاکەدا سەرنجیان ڕاکێشام. دیارە من مافناس نیم و لە لایەنی یاسایی مەسەلەکە هیچ نازانم، بەوپێیە، قسەکانیشم نابێ زۆر بە هەند وەربگیرێن. سەد بریا لەو هەموو مافناس و کەسی حقووقییەی وا کورد لە ئورووپادا هەیەتی، چەند کەسێکیان لە ماوەی ئەو دادگا مێژووییەدا ئامادە دەبوون و ڕوانگەی خۆیان سەبارەت بەو لایەنانەی وا کورد دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێ، بخستایەتە ڕوو، بەڵکوو لە دواڕۆژدا هاندەر بوایەن بۆ کارێکی هاوچەشنی ئێمە دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو چوار وڵاتەی وا کوردی تێدا دەژین.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بانگ کرابوو بێتە نێو باسەکانی دادگا و لە دانیشتنەکانیدا بەشداری بکا، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە سکاڵای شایەدان، داکۆکی لە خۆی بکا، بەڵام ئەوان کەسیان نەناردبوو- ئەوەش کارێکی چاوەڕوانکراو بوو لەبەر ئەوەی حکوومەت نەیویستووە دان بە دادگاکەدا بنێ و بەفەرمیی بیناسێ بۆ ئەوەی هێزی بەڕێوەچوونی بڕیارەکانی کەم بکاتەوە.

هەرچۆنێک بێ، خاڵە گرنگە سەرنجڕاکێشەکانی دادگا بۆ من بریتی بوون لەوانەی خوارەوە:

١- سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە شایەد و ئامادەکارانی دادگا، مافناس و حقووقی بوون کە ساڵانێکیش لێرە لە ئورووپا ژیاون، هێشتا ئەو ڕاستییە سەرەکییە تێ نەگەیشتبوون کە دادگاکانی ئەم وڵاتانە بەشوێن "فەکت" و "بەڵگە"دا دەگەڕێن و بەبێ دڵنیابوون لەو دوو دیاردە سەرەکییە، هیچ بڕیارێک دەرناکەن. فەکت دەبێ ڕوون و ئاشکرا و دوور لە گومانلێکردن بێ، دەنا لایەنەکەی دیکەی دادگا (لێرەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران) و لایەنگرانی، دەیاندەنە دواوە و هەوڵەکان پووچەڵ دەکەنەوە؛ نەک هەر ئەوەش، بەڵکوو دادگای بێلایەن تەنانەت بە ئامادەبوون و نەبوونی داکۆکیکاریش هەر ناتوانێ تاوان لەسەر لایەنێک بسەلمێنێ و مەحکوومی بکا، ئەگەر "فەکتی ڕوون"ی بەدەستەوە نەبێت -جا قەراری کۆتایی هێزی بەڕێوەبردنی هەبێت یان نا- مەسەلەیەکی دیکەیە.

٢- نموونەیەکی ئەو خاڵە گرینگەم لە شایەدیدانی "شادی سەدر"، بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی "دادپەروەری بۆ ئێران"دا بەرچاو کەوت. دوای ئەوەی شادی خانم ژمارەیەکی بەرچاو لە ڤیدیۆکانی ئەو ڕووداوەی پیشانی دادوەران دا و خۆی گەڵاڵەی خشتەیەکی ڕێکوپێکی بۆ سیستەمی سیاسیی-بەڕێوەبەرایەتیی ئێران پێشکەش بە دادگا کرد، هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازی بێ چەکی ئەو ڕۆژانە، "ناپێویست" و "ناقانوونی" بووە و ئەوەش بە فەرمانی "ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران" کراوە کە لەسەروو هەموویانەوە "ئایەتوڵڵا خامنەیی"، ڕێبەری ڕێژیمە وەستاوە، کە لەو ڕووداوانەدا، بەرپرسی یەکەمی هەموو سەرپێچییەک لە قانوونی وڵاتەکە بووە.

یەکەم دادوەر، بەڕێز زاک یاکوب، یەک لە دادوەرانی پێشووی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئەفریقای خوارووی، چەند جاران پرسیاری لێ کرد بەڵگەت چییە بۆ ئەوەی تەقەکان لەلایەن مەئموورانی کۆماری ئیسلامییەوە بووە، یان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ ئێمە ساکارە و بە ئەزموونێک کە لە سیستەمی سیاسی-سوپایی کۆماری ئیسلامیمان هەیە، گومان لەوە ناکەین کە خەڵک لە شارەکانی ئێران چەکیان بەدەستەوە نەبووە و پاسدار و بەسیجی و ئیتلاعاتییەکان بوون کە تەقەیان لە خەڵکی بێتاوان کردووە، بەڵام ئەوە بۆ دادوەرێکی بێلایەن کە لە ئێران نەبووە و نەژیاوە، وا بەهاسانی قەبووڵ ناکرێ و بەڵگەی دەوێ. بەداخەوە ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو بەشەی کارەکەیان بەباشی نەبینیبوو و دووپاتبوونەوەی پرسیارەکان یارمەتییەکی شایەدەکەی نەدەدا کە خۆی مافناس و خاوەن ئەزموونی مەسەلەکەیە، لە ئەنجامدا دادوەری پێ ڕازی نەدەکرا. ئەوەش ناتەواوییەکی بەرچاوی کارەکە بوو. ئەوان زیاد لە دوو هەزار ڤیدیۆیان سەیر کردبوو و یادداشتیان لەبەر هەڵگرتبوون و پێشکەشی دادگایان کردبوو، بەڵام لەو خاڵە سەرەکییە ورد نەببوونەوە و ڕاست لێرەشدا کورتییان دێنا.

٣- پرسیارێکی گەلێک گرنگی ئەو دادوەرە و چەندکەسی دیکە لە دادوەران لەسەر ئەوە چەقی بەستبوو کە ئەگەر قەبووڵی بکەین تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، لەلایەن مەئموورانی حکوومییەوە بووە، ئایا ئەوکارە بە فەرمانی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و سەرۆککۆمار کراوە یا مەئموورانی خۆجێیی بەگوێرەی "تێگەیشتنی خۆیان لە بارودۆخەکە" و بۆ داکۆکیکردن لە خۆ، ئەو کارەیان کردووە؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گەلێک ئەستەم بوو و پێویستی دەکرد یاسای بنەڕەتیی ئێران و ڕادەی دەسەڵاتی قانوونیی "ڕێبەر" و شوڕا جۆربەجۆرەکانی ئێران و سەرۆککۆمار و دەسەڵاتدارییە چەکدارەکان شی بکرێتەوە و فەرمانەکانی خامنەیی بۆ سەرکوتکردنی خەڵکەکە بخرێتە بەرچاو، کە دیارە زوربەیان "نهێنی" یا "ناڕوون" بوون و لە ئەنجامدا دادوەرەکان قانع نەدەبوون و هەر وەڵامەکان خۆیان دەبوونە هۆکار بۆ پرسیاری زیاتر. مەلاکانی ئێران هەموو هەوڵێکیان داوە تاوانەکانی خۆیان بشارنەوە و بەڵگە بەدەستەوە نەدەن، ئەوەش کاری شایەدەکانی گەلێک ئەستەم کردبوو. واهەبوو دادوەرەکانیش کە فیلمی کارەساتەکانیان بەچاو دەدی، زگیان بۆ خەڵک بسووتێ، بەڵام بۆ دەرکردنی قەرار لە دادگایەکی باڵای ئەوتۆ و بابەتێکی وا گرنگ، دەبوایە لە خەمی داد و دادپەروەری و بێلایەنیی خۆیاندا بن و لاقیان لەسەر زەوییەکی قایم و بەمتمانە ڕاوەستێ. ڕێکخراوە ئێرانییەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دابوو چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەن و بەگوێرەی دەرەتان، بیسەلمێنن کە فەرمانەکە لە لای سەرەوە درابوو، دەنا بۆچی دەبوایە مەئموورانی دەوڵەت لە چەندەها شار و ناوچە بە یەک شێوە بجووڵێنەوە و تەقە لەلای سەرەوەی جەستەی خەڵکی خۆپیشاندەر بکەن. ئەوەش ئەزموونێکی دیکە بوو بۆ ئێمە کە لە دادگایەکی بێلایەنی دێموکراتیکدا دەبێ بە زمانی فەکت قسە بکەین نەک بە هەست و گومان، یان بە قیاس و "استقرا"ی مەنتیقی.

٤- لە کاتی تەقەکران لە خۆپیشاندەرانی "بەندەری ماهشەهر"ی باشووری ئێراندا، کە خەڵکەکەی عەرەب بوون و ڤیدیۆی پیشاندراو، دەنگی ئەوانی بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکردەوە کە لە کاتی تەقەکراندا هاواری "الله اکبر"یان دەکرد. پرسیارێکی دیکەی دادوەری بەئەزموون زاک ئێزاک ئەوە بوو کە چۆن و بەچیدا بزانرێ ئەو دەنگە هی خۆپیشاندەرانە و کەوتوونەتە بەر گوللەی مەئموورانی حکوومی، یاخود هی مەئموورە ئێرانییەکانە و کەوتوونەتە بەرگوللەی خەڵک و بەشێوەی باوی ئێران، هاوار لە خودا دەکەن؟ ئەو پرسیارەش بۆ خەڵکی نێوخۆی ئێران ساویلکانە دەنوێنێ کە ئەو هەموو کوشتوبڕەیان لە پاسدار و بەسیجیی ئێران بینیوە، بەڵام دادوەرێکی بێلایەنی وڵاتێکی دیکە بەشێوەی ئاسایی ئەو پرسیارە دەکا و ڕاستیشە. ئەوە ئێمەین کە دەبێ ئیدیعای خۆمان بسەلمێنین. چۆنی دەسەلمێنین کاتێ کە هیچ مەعلووم نییە ئەو دەنگە تۆمار کراوە هی کامە لایەنی ئەو تێکگیرانەیە؟

٥- پرسیارێکی دیکەی هەمان دادوەر ئەوە بوو خۆپیشاندەرانی بەندەر ماهشەهر بە عەرەبی دەدوێن، تۆی شایەد پێمان بڵێ ئەوانە دەڵێن چی؟ خانمی سەدر داوای لێبووردنی کرد و گوتی من عەرەبی نازانم، بەڵام بەڵێنی دا دواتر تەرجەمەیان بکا و پێشکەش بەدادگایان بکا. بۆچی ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو خاڵە گرنگەیان پشتگوێ خستبوو؟ واتە ئەگەر خۆپیشاندانێک لە کوردستان یان ئازەربایجانیش بوایە و هاوار و قسەی کوردی و تورکیی خەڵکەکە ئاوا بازی بەسەردا دەدرا لەبەر ئەوەی زمانی ڕەسمی لە ئێراندا فارسییە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش ئەوەیان وەک ڕاستییەکی سەلماو وەگرتووە؟ وردبوونەوە لە گەورە و بچووکی لایەنەکان ئەرکی سکاڵاکارە کە دەبێ بۆ دادوەری دادگای ڕوون بکاتەوە و ناتوانێ بڵێ ئەوە بەڵگەی منە بەڵام نازانم چی تێدا گوتراوە.

٦- خاڵێکی دیکەی جێگەی پرسیار ئەوە بوو بسەلمێندرێ شکاندنی شووشەی دووکان و ئۆتومبیل، کاری کەسانی "نفووزی"ی حکوومەت بووە کە تێکەڵ بە خۆپیشاندەران کراون و ئەوان بوون کە بۆ ناحەزکردنی ناوی خەڵک و بە ئاژاوەچی ناساندنیان ئەو کارە قیزەوەنەیان بەڕێوە بردووە. ئەو قسەیەش هەر هاسان نەدەسەلما، بەڵام یارمەتی لە شایەدیدانی کەسانێک وەردەگیرا کە پێشتر لەنێو دامودەزگا ئاسایشییەکانی ئێراندا بوون و دەیانگوت کاری وا کراوە و دەزگا ئیتیلاعاتییەکانی ئێران بۆ بەدناوکردنی خۆپیشاندەران، کەسانی خۆیان خستۆتە ناویان و کاری نەشیاویان پێ کردوون.

٧- خاڵێک کە لە هەموو ڕەوتی دادگاکەدا بەرچاو بوو و دادوەرەکان بەتایبەتی لێیان دەکۆڵییەوە ئەو پرسە بوو کە ئایا خۆپیشاندەران دژ بە مەئموورانی حکوومی کەڵکیان لە چەک بەگشتی و چەکی گەرم بەتایبەتی وەرگرتووە یان نا؟ ئەوە لە هەموو ماوەی دانیشتنێکی دادگادا خاڵی وەرچەرخانی باسەکان بوو. ئەو مەسەلەیە بۆ کورد گەلێک گرنگە. لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە و تەنانەت لە دێموکراتترین حکوومەتەکانی سکاندیناویاشدا کاتێ کەس یان ڕێکخراوە و گرووپێک چەک هەڵدەگری و بەرانبەر مەئمووری دەوڵەتێک دەوەستێ، ئەو حەقانییەتە دەداتە مەئموورەکە و دەوڵەتەکە بتوانن بە چەک وەڵامی بدەنەوە و داکۆکی لە خۆیان بکەن.

ئێمەی کورد بۆ ماوەی زیاد لە سەدەیەک لەو زەلەدا گیرمان خواردووە، واتە بە چەک دژ بە حکوومەتەکانی ناوچە وەستاوین و داوامان لە حکوومەت و ڕێکخراوە جیهانییەکان کردووە بەهانای "کوردی مەزڵووم و بندەست"ەوە بێن و هەرگیز نەهاتوون و ناشیەن! تەنانەت لە "زەوی" و "ئاسمان"یشمان ویستووە خەجاڵەتی بکێشن و لەبەر خاتری ئەو مەزڵوومییەتەی کورد نەچەرخێن و بڕووخێن. (١)

کورد جارێک ئەو دەرفەتە زێڕینەی بۆ هەڵکەوت بەڵام بەداخەوە نەیتوانی ڕاست بەهۆی ئەو خاڵە تایبەتەوە کەڵکی لێ وەربگرێ. ئەویش لە موحاکەمەی سەددام حوسەیندا بوو کە تەلەفیزیۆنەکانی هەموو جیهان قسەی سکاڵاکار و داکۆکیکاریان بڵاو دەکردەوە و شیعەکانی عیراق بە باشترین شێوە سوودیان لێ بینی، سەددامیشیان لەسەر کوشتاری قامیشەڵانەکانی باشووری عیراق مەحکووم و ئیعدام کرد. بەڵام کورد خەڵکانی ماڵوێرانی بریندراری ئەنفال و هەڵەبجە، بۆ نموونە ئەو پیاوە باڵتە لەسەر شانە هەڵەبجەییەی نەکردە شایەد و نەیهێنا نێو دادگا، کە لە فیلمێکدا هاوار دەکا و دەڵێ "ئێستا ئەگەر لە دەرگای ماڵەکەم بدەم، لە ٣٨ ئەندامی بنەماڵەکەم کەسێکیان نەماون دەرگام لێ بکەنەوە"؛ لەجیاتییان چەند پێشمەرگەمان کردە شایەدی دژ بە سەددام و حزبی بەعس لە دادگا؛ پارێزەرانی سەددام و تاوانبارەکانی دیکەش سووک و سانا لە وەڵامدا گوتیان ئێوە بە چەکەوە دژ بە حکوومەت و مەئموورەکانی وەستاون، بۆچی دەبێ چاوەڕوان بن ئەوان دژ بە ئێوە هیچ کارێک نەکەن!

بێئاگایی ئێمە لەو خاڵە سەرەکییە وای کردووە ئێستاش لە بەرانبەر تاوانکارییەکانی تورکیە لە ڕۆژئاوا و باشوور و باکووری وڵاتدا، هیچ لایەنێکی لاوەکی نییە ئاوڕێکی بەخێر لە کورد بداتەوە و دوژمنیش کە بەو ڕاستییە دەزانێ، ناوی تیرۆریستمان لێ دەنێ و ئەسپی هێرشکاریی خۆی بۆ سەرمان تاو دەدا. جا ئەگەر لێرەولەوێ ئەم یا ئەو ڕێکخراوەی بێدەسەڵات بۆڵە بۆڵێکی "مافی مرۆڤانە"یان کرد، لێیان ناپەرمویتەوە و بە چەکی داکۆکیکردن لە خۆ وەڵامیان دەداتەوە، دەوڵەتانی جیهانیش بەداخەوە لێی وەردەگرن. گەلەکەمان دەبوایە دوای ساڵی ١٩٦١ و ئەو هەموو کارەساتانەی وا لە ماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا بەسەرمان هاتووە دەرس وەربگرێ و ڕێگا چارەیەک بۆ ئەو گرفتە سەرەکییە بدۆزێتەوە.

تاوان و کوشتوبڕی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو ساڵ و مانگەدا، کەوتە بەر پرسیار و وەڵامی دادگا. یەک لەوانە کاتێک بوو کە ئەفسەرێکی پێشووی ئێران باسی فەرمانی تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی شاری مەریوانی کرد و جارێکیش ئەوکاتەی کە کاک کامیار ئەحمەدی هەواڵی گیران و کوژرانی کوڕە پووری خۆی -شەهید ئیڕشاد ڕەحمانیان-ی ڕاگەیاند و گوتی ماوەیەک دوای ئەوەی گرتیان، جەنازەکەیان لە بەنداوێکی ناوچەکەدا دۆزییەوە. هەروەها گوتی دوابەدوای خۆپیشاندانەکان، بەشێوەیەکی ڕانەگەیەندراو، لە شارەکەدا حکوومەتی نیزامی بەڕێوە دەبرا. لە ڕۆژی پێنجەمی دادگاکەدا کاک ئارام مەردۆخی باسی ڕووداوەکانی شاری سنەی کرد لە ماوەی نارەزایی دەربڕینەکاندا و گوتی ئەندامانی هێزی نیشانەشکێن لە سەربانی بانکەکان نیشتەجێ کرابوون، سەرهەنگ جەوانمەردی یەک لە فەرماندەرانی هێزی ئینتزامی لەوێ ئامادە بوو و هێزەکە خەڵکی خۆپیشاندەریان دەگرت و لە ئامبۆلانسی وادا ڕایاندەگرتن کە شێوازی قەفەزی پێدرابوو.

لەبەر ڕووناکایی وتووێژەکانی ئەو دادگا مێژووییە و ڕێزگرتن لە ئەرک و زەحمەتی ئامادەکارانی، پێویستە ئێمەی کوردیش سەرنج بدەینە سەر دۆخی خۆمان و بزانین چۆن دەتوانین دۆزی کورد و زوڵم و زۆریی حاکمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە مەسەلەی نێوخۆیی حکوومەتەکانەوە بکەینە کێشەیەکی نێونەتەوەیی. بۆ ئەو کارە، پێش هەمووشت دەبێ بزانین خەڵکی دنیا بە چ چاویلکەیەک دەڕواننە ئێمە و چۆن دەتوانین و دەبێ سوود لەو ئەزموونەی ئێرانییەکان وەربگرین بۆ وەدەستهێنانی متمانە و پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی جیهان. ئاشکرایە ئەگەر هەلومەرجی جیهان نەناسین و خۆمانی لەگەڵدا ڕێک نەخەین، خەڵکانی دنیا دوور لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نادەن و ئەگەر ئەو ڕاستییە زەقە بە چاو نەبینین، دەبێ هەر لە ناو بازنەی ئێستاماندا بخولێینەوە، شانازی بە مێژووی سێ هەزار ساڵ پێش ئێستای مادەکانەوە بکەین، شێعر بە خۆماندا هەڵبڵێین و بەدەست زۆردارانەوە پرسە بگرین و خۆمان بلاوێنینەوە! ئەوەش وێناچێ بژاردێکی دروست بێت!

***

١- "زەوی ئێستاش لەڕووت هەڵدێ بدەی سووڕ؟/ نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ/ کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوێنێ/ کە گەنجی کورد دەخنکێنێ لە خوێنێ..."، شیعری "ڕەوەز ورد نابێ"ی مامۆستا هێمن

# کێ لە خوێندنی چەند زمانە دەترسێ؟

## (چاوخشاندنێک بە سەر نێوەرۆکی کتێبێکی بەنرخدا)



قادر وریا

**ساڵی ٢٠١٥ کتێبی** Who as Afraid of Multilingual Education? **(کێ لە خوێندنی چەند زمانە دەترسێ؟) لەلایەن ئەکادیمییەکی فارس‌زمانەوە بە ناوی د. ئەمیر کەلان، کە نیشتەجێی کانادایە و هەر لەوێش خوێندنی بەرزی تەواو کردوە، دەرچوو.(١). ساڵی ٢٠١٨ وەرگێڕدراوی فارسیی ئەو کتێبە لەژێر ناوی "چە کسی از آموزش چند زبانە می‌هراسد؟" لە٣١٠ لاپەڕەدا، بڵاو بۆوە. د. هیوا وەیسی، ئەندامی هەیئەتی زانستیی زانستگەی ڕازیی کرماشان کتێبەکەی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە فارسی. بە خۆشییەوە نوسخەی pdfی ئەو کتێبە لە ئینترنێتدا هەیە.**

***

ئەمیر کەلان (لە زانکۆکانی تورێنتۆ و دایتۆن)، لەبارەی خوێندن بە زمانی دایک و خوێندنی چەند زمانە، هەڤپەیڤینی تێر و تەسەلی لەگەڵ چوار کەسایەتیی ئاکادێمیی ناوچە جیاوازەکانی جیهان (پسپۆر لە بواری پێوەندیداردا) کردووە.

دانەری کتێب، هەوڵی داوە پرسی ڕێگەپێنەدرانی خوێندن بە چەند زمان لە ئێران، هۆیەکانی ئەو ڕێگەپێنەدرانە، تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی خەڵکی ئێران لەڕووی چەند زمانی و فرەنەتەوەیی، لێکەوتەکانی بێبەشیی کەمەنەتەوەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیان و کۆمەڵێک پرس و بابەتی دیکەی پێوەندیدار بە یەک زمانی، دوو زمانی و چەند زمانی لە پەروەردە و فێرکردندا، لەگەڵ ئەو چوار کەسایەتییە بێنێتە گۆڕێ و، لێیانی بوێ بە سەرنجدان بە شارەزاییان لەسەر وڵاتانی هاوشێوە، هەروەها ئاماژەکردنیان بە ئەزموونی وڵاتان و کۆمەڵگە فرەزمان و فرەنەتەوەکان، شیکردنەوەیان بۆ دۆخی ئێران هەبێ. ئەو چوارکەسایەتییە بریتین لە:

١- Tove Skutnabb–Kangas **"تۆڤە سکوتناب– کانگاس"**، توێژەرێک کە تائێستا توێژینەوەی جۆراوجۆری لەبارەی ژینۆسایدی زمانی و، دەستدرێژی بۆ سەر مافە زمانییەکانی مرۆڤ لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان هەبووە، یەکەم هەڤپەیڤینی کتێبەکەی لەگەڵ کراوە. دانەری کتێب لەبارەی چوارچێوە قانوونییەکان، بناغە تیۆرییەکان و ئەزموونە مێژووییەکان لە پێوەندی لەگەڵ خوێندن بە چەند زمان، پرسیار لە تۆڤە سکوتناب- کانگاس دەکا. ئەم وتوویژە، بەتایبەتی وڵام و ڕوونکردنەوەکانی پرسیارلێکراو یارمەتیی خوێنەر دەدەن تا بە ڕوانگەیەکی تیۆرییەوە بە دواداچوون بۆ باسەکانی دیکەی نێو ئەو کتێبە کە بریتین لە پرسی خوێندن لە وڵات و ناوچە جیاوازەکانی جیهان، بکا. بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ (١٩٤٨)، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان (١٩٦٦)، پەیماننامەی ساڵی ١٩٨٩ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانی لە مافی منداڵان، ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتیی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٦٦)، پەیماننامەی ئورووپایی مافی مرۆڤ (١٩٥٠)، بڵاوکراوەی ئەفریقایی مافەکانی مرۆڤ و ئاسوودەیی منداڵان (١٩٩٠)، کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرپێگرتن و سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی ژینۆساید، لەو دۆکیۆمێنتە قانوونییە نێودەوڵەتیانەن کە تۆڤە سکوتناب- کانگاس بۆ بەرگری لە مافە زمانییەکان و بە تایبەتی مافی خوێندن بە چەند زمان، پشتیان پێ دەبەستێ.

٢- Jim Cummins **"جیم کامینز"** یش لەو کەسانەیە کە توێژینەوەی زۆر و بەربڵاویان لەسەر خوێندن بە چەند زمان لە ئاستی جیهاندا کردووە. توێژینەوەکانی کامێنز لە ئاستی جیهانیدا جێگەی سەرنج و بایەخپێدان بوون. ئەو توێژەرە، سیستەمە پەروەردەییە چەند زمانییەکانی ناوچە جیاوازەکانی جیهانی بەباشی ناساندوون. ناتەواوی و لێکەوتە زیانبارەکانی ئەو قوتابخانانەی بە تاکەزمانێک دەخوێنن، بە وردی دەستنیشان کردوون. یەکێک لە دەسکەوتەکانی کامێنز، گرنگیی بایەخدانی سیستەمی پەروەردە بە ناسنامەی فێرخواز و، پێویستیی ڕەنگدانەوەی توخمەکانی شوناسی فێرخوازان لە ناوچە فرەزمانەکان لە کتێبەکانی خوێندن و بەرنامە فێرکارییەکان‌دایە. کامێنز هەروەها لەسەر ئایدۆلۆژیی گرێدانەوەی یەکپارچەیی وڵات بە زاڵکردنی تاکەزمانێک، ڕەخنە و قسەی جیددیی هەیە. جیم کامێنز لەتوێی وڵامەکانیدا باسی ئەو پێوەندییانەش دەکا کە لەنێوان دیاردەی سەرکوتی زمانی و بوونی بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی و داوای جیابوونەوە لە هێندێک کۆمەڵ و وڵاتدا هەن.

٣- Ajit Mohanty **"ئاجیت موهانتی"**، توێژەرێکی بەناوبانگی هیندییە کە د.ئەمیر کەلان، سێهەمین هەڤپەیڤینی کتێبەکەی لەگەڵ پێک هێناوە. شارەزایی و پسپۆریی ئەو توێژەرە بەتایبەتی لە بواری چەند زمانە بوونی وڵاتی هیندوستان و بەتایبەتی پەروەردە بە چەند زمان لە هیندوستان‌دایە و لەم بارەیەوە چەندین توێژینەوەی بەتەنیا یا بە هاوبەشی لەگەڵ توێژەرانی دیکەدا کردووە. گرنگیی توێژینەوەکان و ڕاوبۆچوون و ئەنجامەکانی ئاچیت موهانتی لەو بارەوە بۆ ئێمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ ئێرانییەکان گرینگن، چونکە لەنێوان ئێران و هیندوستان‌دا لە باری کولتوورییەوە، وێکچوونی زۆر هەیە. لە هەر دوو وڵات فرەزمانی و فرەکولتووری و فرەئایینی هەیە. لە هەر دوو وڵاتیشدا پێشینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و قەومی و بەرەنگاربوونەوەی کەمینەکان لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندی سەبارەت بە هەڵاواردنی ئایینی، زمانی و نەتەوەیی هەبووە. بەڵام ئەو دوو وڵاتە دوو ڕێگەی بەتەواوی جیاوازیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی زمانەکان بە تایبەتی لە بەکارهێنانی زمان لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا گرتووەتە بەر. لە ئێران تەنیا یەک زمان ڕەسمییە و ئەویش زمانی فارسییە و بەو زمانە دەخوێندرێ. لە هیندوستان زیاتر لە ٢٠ زمانی ڕەسمی هەیە. لە ئەیالەت و ناوچەکانیش، بەگوێرەی قانوون، خوێندن بە زمانی دایک، شانبەشانی خوێندنی چەند زمانێکی دیکە کە لەو ئەیالەت و ناوچەیە یا لە سەرانسەری وڵات، پێگەی زمانێکی گشتی و هاوبەشیان هەیە، دابین کراوە. لە بارێکی دیکەشەوە لەنێوان ئێران و هیندوستان وێکچوون هەیە. زۆر لەو نەتەوانەی لەو دوو وڵاتەدا دەژین، بەشێک یا پارچەیەک لە هاونەتەوە و هاوزمانەکانیان کەوتوونە نێو وڵاتێکی دراوسێ. ئەمەش وای کردووە ئەو هاوزمان و هاونەتەوانە سەرەڕای دابەشکراوی و ژیان لە چوارچێوەی دوو وڵاتی جیاوازدا، بکەونە ژێر کاریگەریی دۆخی سیاسی و تایبەتیی یەکتر.

٤- Stephen Bahry **"ستیفن بەهری"**، ئەو کەسەی چوارەمین هەڤپەیڤینی ئەو کتێبەی لە گەڵدا کراوە، شارەزای زمانی خوێندن و پەروەردە لە چین و ئاسیای نێوەڕاستە و، لەم پێوەندییەدا چەندین توێژینەوەی کردوون. بیروڕا و ئەزموونەکانی بەهری بۆ خوێنەرانی ئەو کتێبە بەتایبەتی لەو بارەیەوە گرنگن کە ئێران و ئەو وڵاتانەی ناوبراو شارەزایی لە سیاسەتی زمانی و سیستەمی پەروەردەیان هەیە، لە ڕووی سیستەمی سیاسییەوە لێک نزیکن. لە ڕووی سیاسییەوە، بە وڵاتی چینیشەوە هیچ کامیان وڵاتێکی دیموکراتیک نین، پابەندی مافە مرۆییەکان و یەک لەوان مافە زمانییەکانی کەمینەکانی نێو وڵاتی خۆیان نین. ڕابردووی پێوەندییەکی لەمێژینەی کولتوورییش لەنێوان ئێران و وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست هەیە. لەو وڵاتانە بەر لە پێکهاتنی یەکیەتیی سۆڤیەت، بەو ئەلفوبێیەی کە زمانی فارسیی پێ دەنووسرێ، زمانەکەی خۆیان نووسیوە و، زمانی فارسی پێشتر لەو وڵاتانە برەوی هەبووە. دوای لەبەریەکهەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەربەخۆبوونیان، وێڕای ئەوەی زمانی پێکهاتەی سەرەکی یا زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکە بوو بە زمانی ڕەسمیی وڵات، هێندێک لەو کۆمارە نوێیانە، زمانی ڕووسییشیان کە پێشتر نزیکەی ٧٠ ساڵ زمانی هاوبەشی نەتەوەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو، وەک زمانی دووهەم هێشتەوە و هەر ئێستا لە سیستەمی پەروەردە و پێوەندیی ئیداریدا بەکار دەهێنرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو وڵاتانە نادیموکراتیکن و یەک نەتەوە و یەک زمان بە سەریاندا زاڵە، سیاسەتی زمانی و چارەسەری جیاوازیان بۆ پرسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعی "چەند زمانی" بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا هەیە. لە قەزاقستان (کازاخستان)، منداڵێک لە کەمایەتیی "یوگار"، بە سێ زمان پرۆسەی خوێندن دەگەیەنێتە کۆتایی. لە قوتابخانەی سەرەتایی بە زمانی یوگاری دەخوێنێ، لە قۆناغی ناوەندی بە زمانی قەزاقی و، لە دەبیرستان (دواناوەندی) یش بە زمانی ڕووسی.

لەبارەی سیاسەتی زمان لە چینی ئیستاشدا ستیڤان بەهری باسی ئەوە دەکا کە دەستووری وڵات، مافی سوودوەرگرتن لە زمانی کەمایەتیی بۆ فێربوون و خوێندن لە قوتابخانە بەڕەسمی ناسیوە. کەمایەتییە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە زمانی خۆیان لە پەروەردەدا بەکار بێنن، بەڵام هەڵبژاردنی سیاسەت و ڕێباز و چوارچێوەکەی، سپێردراوە بە ئاستەکانی خوارەوەی دەسەڵات. واتە دەسەڵاتی خۆجێی بڕیار دەدا کە لە چ زمانێک بۆ خوێندن سوود وەرگرن.

د. ئەمیر کەلان جگە لەو پێشەکییەی بۆ وەرگێڕدراوی فارسیی کتێبەکەی نووسیوێتی، لە فەسڵی پێنجەمی کتێبەکەی لەژێر ناوی "کێ لە خوێندنی چەند زمانە دەترسێ؟"، دەپڕژێتە سەر گرنگترینی ئەو ئیستیدلال و بیانوویانەی دژبەرانی خوێندن بە چەند زمان، خستوویانەتە ڕوو. لە ڕاستیدا ئەم فەسڵە کۆبەند و ئەنجامی باسەکانی کتێبی ناوبراو دەگرێتە خۆ. ئەو پێنج ئیستیدلالەی دژبەرانی پەروەردە و خوێندن بە چەند زمان کە دانەری کتێب بە پشتبەستن بە ڕاوبۆچوون و لێکدانەوەکانی چوارتوێژەری ناوبراو لەم فەسڵەدا بەرپەرچی داونەوە، بریتین لە:

١- زمانێکی هاوبەش، نەتەوەیەکی یەکگرتوو و یەکپارچە دروست دەکا؛

٢- زمانە باڵادەستەکان، بەهۆی پتەویی پێکهاتە و زاڵبوونی مێژووکرد، بە شێوەیەکی سروشتی بوون بە خاوەنی پێگەی زمانێکی زاڵ؛

٣- ئەو زمانانەی مێژوویەکی درێژیان لە بەرهەمهێنانی دەقی نووسراودا هەیە، لە باری کولتوورییەوە لە زمانەکانی دیکە بەرزترن؛

٤- قوتابییان دەبێ بۆ فێربوون و خوێندن بە "زمانی سەرکەوتن" (زمانی زاڵی وڵات) مل بدەن؛

٥- پەروەردە بە چەند زمان لەسەر بناغەی خوێندن بە زمانی دایک، بیرۆکەیەکی جوان بەڵام کردەیی نییە (نەگونجاوە).

دوابابەتی کتێبی "چە کسی از آموزش چند زبانە می‌هراسد؟" وتارێکە لە نووسینی پرۆفیسۆر د. جەعفەر شێخولئیسلامی. نووسەری ئەم بابەتە باس لە نەبوونی تەنانەت توێژینەوەیەکی تەندروست لەنێو کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و لە نێو بیرمەندانی هێندێک وڵات و یەک لەوان ئێران لە بارەی پەروەردە بە زمانی دایک دەکا؛ کەلێن یا بۆشاییەک کە بووە بە خەمی د. ئەمیر کەلان و، بە دانانی ئەو کتێبە هەوڵی داوە هەتا ڕادەیەک پڕی بکاتەوە.

پرۆفیسۆر شێخولئیسلامی قامک لە سەر ئەوە دادەنێ کە دانەر هەر لە سەرەتای کتێبەکەیەوە، بەباشی بە دوای دوو ئامانجی سەرەکییەوەیە: لە لایەکەوە دەیهەوێ خوێنەرانی ئینگلیزی‌زمانی کتێبەکە لەگەڵ چەندزمانە بوونی ئێران ئاشنا بکا بۆ ئەوەی گۆڕینەوەیەکی فکری لە بیرۆکە و ئایدیا بنیاتنەرەکان لەپێوەندی لەگەڵ زمانی دایک و پەروەردە بە زمانی دایک لە ئاستی نێونەتەوەییدا، دەست پێ بکا. لەلایەکی دیکە کتێبەکە هەوڵی ئەوە دەدا نیگەرانیی ئەو بەشە لە ئێرانییەکان بڕەوێنێتەوە کە لە چەند زمانی و خوێندن بە زمانی دایک دەترسن و بەو قەناعەتەیان بگەیەنێ کە ئەم جۆرە بابەتانە، دیاردەیەکی جیهانیین و، هەر بۆیە بژاردەکان و بیرمەندانی ئێرانی دەتوانن سوود لە ئەزموونی نێونەتەوەیی وەربگرن.

شێخولئیسلامی لە ڕەوتی چاوپێداخشاندنی هەڵسەنگێنەرانەی کتێبەکەی د.ئەمیر کەلان، ئاماژە بە هێندێک گۆڕانی ئەرێنیی بچووکی ئێران لەم ساڵانەی دواییشدا دەکا: لە ٢٠١٥ گرووپێک لە مامۆستایان، فێرکردنی زمانی کوردییان وەک وانەیەک لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری سەقزدا دەست پێ کرد. هەر لەو سەروبەندەدا، "زانکۆی کوردستان" یەکەمین خولی بەکالۆریۆسی زمان و ئەدەبیاتی کوردیی بە بەشداریی ٤١ خوێندکار دەست پێ کرد. باسی ئەوەش دەکا ئەگەری ئەوە هەیە ئەو جۆرە تێکۆشانە لە ناوچە کوردنشینەکانی دیکەش پەرە بستێنێ، هەروەها کۆمەڵە زمانییەکانی دیکەی وەک ئازەری (تورکی)، بەلووچی، عەرەبی و هتدیش بگرێتەوە. ئەم ئاڵوگۆڕانە لە مێژووی ئێرانی هاوچەرخدا بێوێنەن و، دەبێ وەک هەنگاوێکی ئەرێنیی هەرچەند بچووک، پێشوازییان لێ بکرێ. (لاپەڕەکانی ٣٠٠-٣٠٣)

خاڵێکی جێگەی سەرنج کە شێخولئیسلامی ئاماژەی پێ دەکا جیاوازی لە ێوان خوێندن بە زمانی دایک و خوێندنی زمانی دایکە. زمانێک دەتوانێ زمانی پێوەندی لەنێوان مامۆستا و قوتابی بێت، بەڵام لەوانەیە هەر ئەو زمانە زمانی کتێبەکانی خوێندن، زمانی بابەتەکانی دیکەی فێرکردن، زمانی تاقیکردنەوە و شێوەکانی دیکەی هەڵسەنگاندنی قوتابی نەبێ. کە واتە ئەو ئاماژەیەی دانەری کتێب (ئەمیر کەلان) لەکۆتایی کتێبەکەیدا بە ڕەخنەیەکی سەمەد بێهرەنگی، مامۆستای ئازەربایجانیی دەیەکانی ٣٠و ٤٠ی هەتاوی، جیاوازە لە داوای خوێندن بە زمانی دایک. سەمەد بێهرەنگی لەو سەردەمدا ڕەخنەی لەوە گرتووە کە مامۆستایانی قوتابخانە لە ئازەربایجان، نابێ تەنیا زمانی فارسی بزانن؛ پێویستە تورکییش بزانن بۆ ئەوەی قوتابیانی تورک‌زمان بە یارمەتیی ئەو زمانە لە بابەتە دەرسییە فارسییەکە تێ بگەیەنن. ئەو ڕەخنەیە لەو کاتدا نوێ و ناباو و بوێرانە بووە. بەڵام مەبەستەکەی، سوودوەرگرتن لە زمانی تورکی وەک ئامرازێک بۆ فێرکردنی زمانی زاڵ بە قوتابیی تورک‌زمانە. بەکارهێنانی زمانی کەمایەتییەک بۆ مەبەستێکی ئەوتۆ، هیچ مەترسییەک لە سەر زمانەکە کەم ناکاتەوە. د. کەلان لەم باسانەی ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە ئەوەی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی زمانێک و مەترسیی پەراوێزخران و توانەوەی لەسەر لادەبا، خوێندن بەو زمانەیە نەک خوێندنی زمانەکە. (٢)

***

بەکورتی، بۆ توێژەرانی بواری پەروەردە بە دوو یا چەند زمان و هەروەها بۆ توێژەرانی بواری خویندن بە زمانی دایک، بە تایبەتی بۆ ئەو ئێرانییانەی لە سیاسەتی ئێستای زمان لە ئێران ناڕازین و، داواکاری پێکهاتنی گۆڕان لەو سیاسەتە لە بەرژوەندی زمانە نافارسیەکانی ئێران ئەویش لە بواری پەروەردەدان، کتێبی "چە کسی از آموزش چند زبانە می هراسد؟" دەتوانێ سەرچاوەیەکی بەکەڵک بێ. چونکە کتێبەکە وێڕای لێداوان بە تێروتەسەلی لە هەر یەک لەم بوارانەدا، زانیاریی دەوڵەمەندیشی لە بارەی سیستەمی پەروەردەی چەند زمانی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان لە خۆ گرتوە. وەک تێبینییەک لە سەر ئەم کتێبە، پێم وایە باشتر دەبوو ئەگەر دانەر بەشێک لە پرسیارەکانی لە هەر کام لە پسپۆران و توێژەران، وەک یەک (دووپاتە) نەبوایەن و، خۆزگە زۆربەی پرسیارەکانی، بەگوێرەی پسپۆری و ناوچەیەک کە ئەوان لێوەی هاتوون، جیاواز بان.

***


**سەرچاوەکان:**

(١) زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو، د.جەعفەر شێخولئیسلامی، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی، هەولێر ٢٠١٨

(٢) چە کسی از آموزش چند زبانە می‌هراسد؟ تالیف: امیر کلان، مترجم: د.هیوا ویسی، ٢٠١٨







# کۆچی نایاسایی وەکوو پرسێکی سیاسی



شۆڕش شاباز

لەمێژە پرسی کۆچکردن لەنێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی‌دا باوە و ئێستاش هەیە. ئەگەر کۆچکردن نەبا، ڕەنگبێ ئەمڕۆ زۆر شوێنی چوارقوڕنەی دنیا نەدۆزراباوە و لەوانەیە زۆر شارستانییەت هەر دروست نەببان. کۆچ دەکرێ دیاردەیەکی دروشتی بێ، بەڵام هەندێک کۆچ هەن کە لەژێر کاریگەریی جەبری جوغرافیایی یا ئابووری و، یان لە ئاکامی شەڕی نێوخۆیی لە وڵاتێکدا ڕوو دەدەن کە نیزامێکی سیاسیی نادێموکراتیک و پڕ هەڵاواردن بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا زاڵە و کۆمەڵگەی نوقمی کرۆماتی و کەشی نائەمنی کردووە و ژیانی ئەوانی وە مەترسی خستووە.

هەموو ڕۆژێک لە پەنجەرەی میدیاوە، هەواڵەکان لەبارەی بارودۆخی ئەو پەنابەر و کۆچبەرانەی بە شێوەی نایاسایی لە وڵاتانی دواکەوتوو ڕوو لە ئوروووپا دەکەن دەبیستین، زۆرێک لەم هەواڵانە جێی پەژارە و ناڕەحەتین و ناخ و دەروونی هەر مرۆڤێکی بەویژدان دێننە کوڵ. ئەو کۆمەڵە هەواڵانەی کە لە خنکانی پەنابەران و گیانلەدەسدانی ژن و منداڵی کۆچبەر لە ئاوی دەریاکاندا بڵاو دەبنەوە لەو هەواڵە سەرتەزێنانەن کە هەر مرۆڤێک دەباتە نێو فکرەوە. لەتەنیشت ئەم گیانلەدەستدان و گوڕغەریبییانە بارودۆخی خراپی ڕاگرتنی پەنابەران و هەڵسوکەوتی پڕ لە بێڕیزی و سوکایەتی و توندوتیژی پۆلیسەکانی سەر سنوور لە وڵاتانی ئورووپایی ئەوەندەی تر مرۆڤ نیگەران و بیهوا دەکەن. ئەو تاوانگەلەش کە بەهۆی کۆچی نایاساییەوە ڕوو دەدەن، وەکوو دزینی کەلوپەلی بەنرخ و پارەی کۆچبەران و تەنانەت هەندێک جار کڕین و فرۆشتنی گیانی مرۆڤەکان کە لە ڕاپۆرتی میدیاکاندا بە تێروتەسەلی باس دەکرێن، دەردی سەرباری دەردانە.

نایەکسان و نادادپەروەرانەی سەروەت و سامانی گشتیی وڵات و بوونی فەساد و نایەکسانی کۆمەڵایەتییە لە هەر وڵاتێکدا.

هەڵکردن، ڕێ‌هاتن و ڕێککەوتنی وڵاتانی زلهێز و دەسەڵاتە جیهانییەکانیش لەگەڵ دیکتاتۆرەکان دەتوانێ یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بێ بۆ کۆچکردنی کەسەکان لە وڵاتی خۆیان بێت. شێوەی مامەڵەکردنی وڵاتانی پێشکەوتوو -تەنانەت ئەو وڵاتانەی ئەندامی شورای ئەمنییەتن- بۆ دابینکردنی قازانجە مادییەکانی خۆیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ژیانی خەڵکی وڵاتانی دیکە بەتایبەت وڵاتانی دواکەوتوو و ئەو دەسەڵاتەی بەسەر وڵاتەکەیاندا زاڵە، لەم ڕووەوە زانی زۆری لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵک داوە. بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو هیچ گرینگییەکی نییە کە دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە چەقبەستووانە لەم دەرفەتە بە چ شێوازێک دژ بە دژبەرانی خۆیان کەڵک وەردەگرن و بازنەی بیروڕادەربڕینی خەڵک چەنێک توند دەکەن و بە چ شێوەیەک ئازار و ئەشکەنجەیان دەدەن و بەندیان دەکەن و تەنانەت دەیانکوژن. هەربۆیە کەسانی هاوبیر و بەستراو بەم گرووپانە کە زۆرتری داواکانیان سیاسییە ناچار بە کۆچکردن و بەجێهێشتنی وڵاتەکەیان دەبن. هەندێک جاریش شەڕی نێوخۆیی لەو وڵاتانەی کە لە پاشکەوتوویدا ڕاگیراون دەبنە هۆکاری کۆچی زۆرەملی. لە ئاکامی شەڕوپێکدادانەکانی نێوخۆی وڵاتان جا سووریە و سوودان بێ، تا دەگاتە ئەفغانستان کۆچی زۆرەملی ڕوو دەدا و ئەم کۆچەش تایبەت بە تاقمێکی تایبەتی کۆمەڵگە نییە و هەموو چینەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هۆکاری سەرەکی ئەو شێوە لە کۆچکردنە نەبوونی ئەمنییەتی گیانی، ژیان و بەرێچوونە.

بەرتەسکبوونی قەبارەی کۆمەڵگە لە ئاکامی



ئەم شێوە کۆچە نارەسمییانە، جیا لە جۆری مەبەست لە کۆچ کە بۆ خوێندن بێ یان دەستەبەرکردنی ژیانێک بە ئەمنییەت و ئابووریی باشتر کە کۆچبەر بە ڕادەی دەسەڵاتی دارایی خۆی پێی دەگا، جیاوازە. لە کۆچی ئاسایی و بە مەیلی خۆت، کە پێی دەڵێن یاسایی و بەبوونی بەڵگەنامەی ڕەسمیی و لە ڕێگەی یاساییەوە دەکرێ، کەسەکە لە سنووری وڵاتێکەوە دەچێتە وڵاتێکی دی، بەڵام جۆری دڵتەزێنی کۆچ کە لە ڕووی ناچاری و بێدەسەڵاتیی و زۆرملی و لە سۆنگەی بێهیوایی و نەبوونی ئەمنییەتەوە دەکرێ زۆر جیاوازە. لەم جۆرە کۆچکردنەدا، کۆچبەر هێزێک پاڵی پێوە دەنێ و جەبرێک و گوشارێک ناچار بە ڕۆیشتنی دەکا و زۆربەی ئەم کۆچانە لە وڵاتانێک ڕوو دەدەن کە تووشی مایەپووچی و داخراویی سیاسیی هاتوون، یان دەسەڵات لەو وڵاتانە بە دەست کەسانی دیکتاتۆرەوەیە. ئەو ڕوانگە داپڵۆسێنەرانەی کە لەلایەن بنیات و ڕێکخراوە ئیدۆلۆژیکەکان چ دینی و چ جۆرەکانی دیکە ڕۆڵێکی زۆریان لە وەمەترسی خستنی گیانی دژبەرانیاندا هەیە. خستنەڕووی ماف و داوا سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و ئەو لایەنانەیە کە لە دەسەڵاتدا بەشدار نین و دەسەڵات بوونیان هەڵناگرێ و ئاکامیان لێ وەرناگیرێ، هۆکارێکی دیکەیە بۆ کۆچ کردن. هۆکارێکی دیکە دابەشکردنی

پێکدادانەکانی نێوخۆ کە دەبێتە هۆی شەڕ و ئاژاوە لە وڵات، ئامیان و هەوێنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بەتایبەت بناخەی کۆمەڵگە کە بنەماڵەیە لەگەڵ مەترسییەکی ڕاستەقینە ڕووبەڕوو دەکاتەوە، ئەم شێوە لە کۆچکردنە کە بەشێوەی بە کۆمەڵ ڕوو دەدا لە ڕاستیدا کەلێنێکی گەورە لە دارشتەی سیاسی ئەو وڵاتەدا بەدی دێنێ و خاوەن مافەکان (بەبڕوای خۆیان) لە هەردوولایەنی شەڕ پتر هۆگری کوشتن و بڕین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دەکا و دەرەنجامی ئەم شێوە کۆچانەش جێی هیچ لێدوان و تێڕامانێکی ناهێڵێتەوە. ئەو کەسانەی کە ناچار بەم شێوە لە کۆچکردنە دەبن لە یەکەم شۆکەکانی پاش ئەو ڕووداوانە کە دەبێتە هۆی لێکپڕژانی بنەماڵە و پاشان کۆمەڵگەکەیان، تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەبن. ئەم کەسانە دەکەونە گێژاوی بارودۆخێکی دژوار و بە دوور لە مەیلی خۆیان دەبێ ببن بە هاوڕەنگی ئەو کۆمەڵگە نوێیە کە وەریان دەگرێ، هەربۆیە دەبێ ساڵانێکی زۆر دابنێن بۆ پەروەردە و فێربوونی زمان و یاسا و تەنانەت ڕێوڕەسم و بۆنەکانی ئەو وڵاتانە، کە کاتێکی زۆر لەتەمەنیان بۆ خۆی دەبا.

چەندها ڕوانینی دیکە هەیە بەرانبەر بە کۆچی زۆرەملی کە زۆربەی ئەو کەسانەی ناچار بەم کۆچە دەبن لەگەڵیاندا دەستەویەخەن. ئەو دەستە لەو کەسانەی کە بەهۆی چالاکی سیاسی و ململانە لەگەڵ زۆردارانی وڵاتەکانیان ناچار بە، بەجێهێشتنی وڵاتەکەیان دەبن هەڵسووکەوت و ڕوانینێکی سیاسییان هەیە و لەو وڵاتانەی کە وەکوو پەنابەر نیشتەجێ دەبن بەپرێستیژتر هەڵسووکەوت دەکەن، هەربۆیە کەمتر تووشی هەڵخلیسکان و هەڵە و تێکدانی نەزم و دیسیپلینی ئەو کۆمەڵگایە دەبن کە تێیدا سەقامگیربوون.

ئەو تاقمەی دیکە کە بەشێوەی بەکۆمەڵ و زۆرینە و بەهۆی شەڕی نێوخۆیی و نەبوونی بژیوی ژیان ناچار بە کۆچی زۆرەملی‌بوون، زۆرترین کێشە و گرفتیان لە کۆمەڵگای نوێدا بە هۆی جیاوازی لە فەرهەنگ و ئیدۆلۆژی و ڕوانینیان دەبێ و لە ئاکامی ئەم ناکۆکییە کە لە باری ئایینی، داب و نەریتەکانی کۆچبەر لەگەڵ کۆمەڵگەی وەرگری ڕوو دەدا، بەریەککەوتنێکی تێکەڵ بە غەرەز کینە و تووڕەیی لێ دەکەوێتەوە. نموونەی زۆر لەم جۆرە پێکدادان و ناکۆکییانە کە بۆ نموونە یەک لە هۆکارەکانیان دەتوانێ هۆکاری ئایینی بێ هەیە و نیشان لە جیاوازی ڕوانینی ئایینیی کەسی کۆچبەرە لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێ کە زۆرکات جینایەتی دڵتەزێنی لێ‌کەوتووەتەوە.

ئەگەر بەرپرسایەتیی ویژدانی بەرانبەر بە مافی مرۆڤ لەلایەن وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە و تێکنۆکراتەکانی ئەو وڵاتانە بەشێوەی ئاسایی و سروشتی ڕەچاو بکرێ و کەڵکوەرگرتن لە داهاتەکانی وڵاتانی دیکە بەشێوەی دادپەروەرانە و مرۆڤدۆستانە بێ، دابەشکردنی یەکسانی سەروەت و سامان لە سەرانسەری جیهان و بڵاوکردنەوەی بیروفکرێک بۆ پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دەتوانێ چارەسەرێکی هەتاهەتایی بێ بۆ کۆتاییهێنان بە کۆچی زۆرەملی.

چۆڵکردنی مەیدان و لەنێوبردنی ئەو کەسانەی کە بیروبۆچوون و ڕوانینێکی جیاوازیان هەیە و داواکاریی گەیشتن بە مافە ئینسانییەکانی خۆیانیان هەیە وەکوو بەرگری لە لەنێوچوونی ڕەگەزی تاکوو دەگاتە خواستە نەتەوەییەکان و تەنانەت تێپەڕین لە دەسەڵاتی دیکتاتۆر بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لەم وڵاتانە و وڵاتێک هاوشێوەی ئێران، کێشەیەک ساز دەکا و پێش بە تێکۆشان بە گەیشتن بەم خواستانە دەگرێ. ئەم پرسە لە دوو لاوە دەکەوێتە ژێر گوشار و تەنگەژە، یەکەم سیستمێکی دەسەڵاتدار کە نەتەنیا ئەم شێوە تێکۆشانە ڕەت دەکاتەوە، بەڵکوو بە جیددی و بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژی بەرەنگاری دەبنەوە و لەلایەکی دیکەوە هەر چەند دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێران ئەم ڕەوتە نێوخۆییانە پەیوەند دەدا بە وڵاتانی بیانی و دەستی دەرەکییەوە و بەم بیانوویە دەست دەداتە قەڵاچۆ و لە نێوبردنی هەر دەنگێکی جیاواز و بەم کردەوە توندانە بەشێکی زۆر ناچار بە کۆچی زۆرەملی و نارەسمی دەکات. ڕووی دیکەی ئەم پشتنەگرتنە لەو بیرۆکەوە سەرچاوە دەگرێ کە تێکۆشەرانی دژ بە سیستمە دیکتاتۆرەکان ئالاهەڵگر و پێشڕەوین، لەکاتێکدا وڵاتانی پێشکەوتوو لە ڕەوتی دەسەڵاتداریی لە وڵاتەکانی خۆیاندا کەڵک لەو بۆچوونانە وەردەگرن. دوو هاوتەریبی مافی مرۆڤ و بوونی بیرۆکەی سیاسیی وێچوو لە نێوان تێکۆشەرانی سیاسی و وڵاتانی پێشکەوتوو پارادۆکسێک لەنێوان ڕاگرتنی بەرژەوەندی و قازانجەکانی خۆیان لە وڵاتانی وەکوو ئێران درووست دەکا. ئەم ئاکارە کۆسپێکی قورس و قاییم لە بەرانبەر هەر شێوە گۆڕانێک چێ دەکا و کۆچی زۆرەملیی چالاکانی سیاسی لە دڵی کۆمەڵگە و شوێنی جوغرافیایی خۆیان دەبێتە هۆی ئەوە چارەسەرکردنی کێشەکان و گۆڕینی بارودۆخی سیاسی لە وڵاتەکانیاندا ئەستەمتر ببێ.

***

**وەرگێڕان لە فارسییەوە: هیوا بابایی**

---

## هەکبەی شاخ و شۆڕش



### ڕقی پیرۆزی
### دوو شەهیدی یەک خێزان
### شەهید ڕەسووڵ عەزیزی



برایم چووکەڵی

لەو کاتەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە، ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی گەلی کورد بۆ ڕزگاری لە چنگ زوڵمو زۆر و بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەپەرستان خۆیان لە ڕیزی ئەو حیزبەدا دیتۆتەوە و بۆ خەبات دژی داگیرکەرانی کوردستان قۆلیان هەڵمالیوە و گیانی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان داناوە، بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان بە ئازادی بژی.

لە نێو ئەو تێکۆشەرە خەباتکارانەدا زۆریان بنەماڵەکانیان لەگەڵ دروستبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەردەوام لە خەبات و تێکۆشانی سیاسیدا بوون، لە کوێرەوەرییەکان، هەوراز و نشێوەکان و خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەم خەباتە شان بەشانی هاتوون. شەهید ڕەسووڵ عەزیزی لەو بنەماڵانەیە کە لە کۆماری کوردستانەوە شانازیی چەکی دیفاع لەخاک و نیشتمانیان پێ براوە و وەک بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە هەموو قۆناغەکانی خەبات ساتێک نەوەستان. لە هەکبەی شاخ و شۆڕشی ئەمجارەدا ڕێز لە فیداکاری و خۆراگریی ئەو نەمرە دەگرین.

شەهید ڕەسوول عەزیزی ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەری گوندی بێورانی ناوچەی سەردەشت چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە، ژیانی منداڵیی ڕەسووڵ وەک هەموو منداڵانی ئەو ناوچەیە تێکەڵاوێک دەبێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان و ناتوانێ بچێتە قوتابخانە.

لە ساڵەکانی منداڵییەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو دەڤەرە لەگەڵ یادی پێشەوا قازی و کۆماری کوردستان ئاشنا بوون، چونکە باوکی شۆڕشگێری پێشمەرگەی کۆماری کۆردستان و خەباتی پڕشکۆی ساڵەکانی ٤٦ و٤٧ بوو، وەفاداریی خۆی بە ڕێبازی کۆمار و حیزبی دێموکرات نیشان دەدا و دەیپارێزێتەوە.

ساڵی ١٣٥٧ لە خۆپێشاندانەکانی شاری سەردەشت بەشداریی کرد. ڕەسووڵ برایەکی بە ناوی حەمەعەزیز پێشمەرگە بوو، بەڵام کاتێک ئاخوندەکان دەستیان بە سەر چارەنووسی گەلانی ئێران داگرت و وەیشوومەیان خستە وڵات و بە تایبەتی یەکەم تیری نەگبەتیی خۆیان و ڕێژیمەکەیان هاویشتە کوردستان، هەر لێی ڕانەوەستا و لە دوژمن هەستاوە و هات بوو بە پێشمەرگە و لە هێزی شەهید موعینی ئەوکات سازمان درا. ئەو ویڕای براکەی دیفاعیان لە گەلەکەیان دەکرد و ئازایەتیی ئەو دوو برا پێشمەرگەیە بوو بە ویردی سەر زمانی هاوسەنگەرانیان.

ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی حەمەعەزیزی برای، فەرماندەی دەستەی کاوە مارەغانی بەداخەوە لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید بوو. دیتنی شەهیدبوونی براکەی لەو عەمەلیاتەدا بوو بە یەکێک لە تاڵترین و ناخۆشترین دیمەنەکانی ژیانی، بەڵام هیچ لە وره و ئازایەتیی کەم نەکردەوە. شەهیدبوونی براکەی ئەوەی سوورتر کرد لە سەر ڕێبازی پڕ شانازیی هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی گەل و، ئیمان و بڕوای بە ڕێبازی دێموکرات وای کرد بە ڕقێکی پیرۆزەوە درێژە بە خەبات بدا و ئەو ڕووداوە بوو بە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی پێشمەرگایەتی ناوبراودا، ببوو بە پیشمەرگەیەکی ئازا و فیداکار و بوێر لە مەیدانی خەبات و بەرخۆداندا.

شەهید ڕەسوول لە چەندین عەمەلیاتی شۆڕشگێرانە و ئازایانەی ناوچەی سەردەشت بەشداری کرد. ئازایەتیی ناوبراو بوو بە هۆی ئەوە لەساڵی ٦٦ وەک سەرپەڵ دیاری بکرێ. ساڵی ٦٧ بەرپرسایەتیی جێگری لکی پێ ئەسپێردرا و سەرئەنجام لە ساڵی ٦٩ وەک فەرماندەری لک دیاری دەکرێ. ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرەی نەتەوەکەمان بوو بە نموونەی فەرماندەیەکی لێهاتوو، بەتوانا کە ئیمانێکی قووڵی بە ڕزگاریی گەلەکەی بوو. لە هەموو مەئمووریيەتێکی ناوچەی سەردەشتدا بەشداریی چالاکانەی دەکرد. لە مودیرییەتدا تواناکانی خۆی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەردەخست، خوێندن و فێربوون و نووسینی زمانی کوردی لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی ناوبراو بوو.

بەشداری لە شەڕەکانی ئالانی سەردەشت، چیای نۆڕێ، چیای زەنگەدۆڵ، شەڕەکانی نێوشاری سەردەشت، عەمەلیاتەکانی سەر جادەی سەردەشت-پیرانشار، هەروەها دەستبەسەرداگرتنی پایەگای زێوە و گرتنی پایەگای شەڵماش وەک بەڵگەیەکی زیندوو لە دەفتەری بیرەوەریی ئەو قارەمانە شۆڕشگێڕەدا بە زیندوویی ماوەتەوە کە فەرماندەریی بەشێک لەو هێرشانەشی لەئەستۆ بووە.

قارەمانەتیی ڕەسووڵ ئەوەندە بەرچاو بوو کە هەمیشە لەسەنگەری پێشەوەدا شەڕی دەکرد و پیشمەرگەکانی ڕێنوێنی و فەرماندەهی دەکرد، ئەو زۆر تایبەتمەندیی دیکەی هەبوو. لەگەڵ هاوسەنگەرانی ڕووخۆش و بەحەوسەلە، فەرماندەیەکی بەئەخلاق و، لەبەرامبەر دوژمندا بەوریکی هەڵمەتبەر و خۆڕاگر بوو، ڕێزی لە کۆمەڵانی خەڵک دەگرت و زۆر جار دەیگوت «ژیانی ئێمە، ماندوویی ئێمە، فیداکاریی ئیمە، مردنی ئێمە بۆ ژیانی خەڵکە و، بۆ ڕزگاریی وڵات و نەتەوە ژێر دەستەکەمانە».

شەوی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٠ پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ لە شوێنێک بە ناوی دووپەزە دەکەونە کەمین و پاش شەڕێکی ئازایانە و تێکشکاندنی کەمینی دوژمن بەداخەوە ڕەسووڵ عەزیزی لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی ڕەئووف ئیبراهیمزادە کەوتە بەر گوللەی دوژمن و گیانیان پێشکەش بە خاکی نیشتمان کرد.

کاتێک ڕەسووڵ وەک دووهەمین کوڕی بنەماڵە تێکۆشەرەکەی شەهید دەبێ، هاوسەنگەرانی دەیانەویست هەواڵی شەهیدبوونی بە باوکی بدەن. لە کاتێکدا بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشابوو، بە باوکی شەهیدیان گوت: «ئەمشەو پێشمەرگەکان لە دووپەزە کەوتوونە کەمین و ڕەسوول برینداره». باوکی ڕەسووڵ لە وڵامدا گوتی جەنازەکەی بەجێ ماوە یان هێناوتانەوە؟

مامعەزیز باوکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی نیشتمان لە حاڵێکدا جارێکی دیکەش جەرگی هەڵقرچابوو، دڵخۆشیی پێشمەرگەکان دەداتەوە و دەڵێ:» ئێوە هەموو کوڕی منن، ئەوەی لەدەستان دێ و دەبێ بیکەن هەر ئەوەیە کە ڕێگای بەر نەدەن و درێژەدەری ئەم خەباتە بن.»

# خامنەیی، ئەو دیکتاتۆرەی کۆمەڵگەی کڕ و خەڵکی بێئەنوا کردووە




**ئایدا قەجەری**

ڕۆژنامەی "کلید" لە لاپەڕەی سەرەکیی دواهەمین ژمارەی خۆیدا کاریکاتۆرێکی بڵاوکردەوە کە بە سەرنجدان بە نێوئاخنی وێنەکە کە دەست و پەنجەی خامنەیی بوو، نووکی ڕمبی ڕەخنەی لەسۆنگەی هەژاری و سەرچاوەی کێشە ئابوورییەکانی وڵاتی ئێرانی بەرەورووی خامنەیی کردبۆوە. دوو ڕۆژ پاش بڵاوکردنەوەی ئەو کاریکاتۆرە نووسینگەی لێژنەی چاوەدێریی بەسەر بڵاوکراوەکانی وڵاتی ئێران کە سەر بە وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ڕێژیمە، کۆبوونەوەیەکیان بە سەرۆکایەتیی "محەممەد مێهدی ئیسماعیلی"، وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ڕێژیم بەڕێوە برد و لەو کۆبوونەوەیەدا بەبێ هیچ دادگاییکردنێکی بەرایی، چالاکی و بڵاوبوونەوەی ئەو ڕۆژنامەیە ڕاگیرا و ئیزننامەکەی هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا.

بەپێی دواهەمین ئامارە فەرمییەکانی خودی ڕێژیمی ئێران، لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا یەک لەسەر سێی حەشیمەتی وڵاتی ئێران لەژێر هێڵی سووری هەژاریدا بوون و هاوکات لەو ڕاپۆرتەدا کە تاکە ڕاپۆرتی خۆدی ڕێژیمە لەم بارەیەوە، هاتووو: دوو ساڵ پێش لە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، واتە لە ساڵی ١٣٥٥ی هەتاویدا یەک لەسەر سێی حەشیمەتی وڵاتی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا بوون.

عەلی خامنەیی، پێش لەوەی لە لوتکەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا جێ بگرێ، پڕوپاگەندای ئەوەی دەکردکە بێکاری، گرانی، هەژاری، کێشەی ئابووری و دەیان کێشە و قەیرانی تر کە بە دژوارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دادەنرێن و ناڕەزایەتییان لێ دەکەوێتەوە، دەبێ چارەسەر بکرێن و لەسەر سەکۆکان و لە پشت تریبۆنەکانەوە لەم بارەیەوە بەردەوام هاواری دەکرد: "گەمارۆ ئابوورییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک هەیە، با هیچکارەکانی وڵاتیش پارەکانیان بدەن بە ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس و کاربەدەستان پارەکانیان بخۆن و لە کۆتاییشدا بەرپرسەکان گاڵتە بە شۆڕش بکەن".

خامنەیی پێش ئەوە عابای ڕێبەری بکاتە بەر، زۆر جار دروشمی ئەوەی دەدا کە دەبێ پاڵپشتی لە خەڵکانی هەژار و چەساوەکان بکرێ و زستانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی، کاتێک "محەمەدعەلی ڕەجایی"، وەکوو دووهەمین سەرۆککۆماری ئێران لە بەرانبەریدا ڕاوستابوو، گوتی: "سیاسەتی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دەبێ لە هێڵی پاڵپشتی و پشتیوانی لە چینی هەژار و چەساوەکاندا بڕواتە پێشێ و، ئەو کەسانەی ئەو شۆڕشە دەپارێزن هەر چینی هەژار و چەوساوەکانن {....} ئەوە چینی هەژار و چەساوەکان و خەڵکانی ڕەشوڕووتن کە لە بەرانبەر گرانی و قەیرانەکانی وڵاتدا خۆڕاگرن و لەگەڵ کەموکۆڕییەکاندا هەڵدەکەن".

خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی، عەلی خامنەیی، لە کاتێکدا هێشتا ساڵ و نیوێک لە شەڕیماڵوێرانکەری هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران تێپەڕ ببوو، پۆستی سەرۆککۆماری ڕێژیمی گرتە ئەستۆ و لەسەر مەزاری ئیمامی هەشتەمی پێڕەوانی ئایینزای شیعە وتارێکی خوێندەوە. لەو کاتەدا ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر و بەتایبەت لاوانی وڵاتی ئێران لە بەرەکانی ئەو شەڕەدا دەکوژران و هاوکاتیش زۆر کەس لە ناڕازییان و ڕەخنەگرانی ڕێژیمی ئێران لە هەمان ساڵدا لە بەندیخانەکان و لەژێر ئەشکەنجە و لەسەر داری سێدارەکانی ئەو ڕێژیمەدا گیانیان لەدەست دەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژاری و برسییەتی گوشاری پتری بۆ سەر خەڵکانی وڵات دەهێنا.

خامنەیی لە وتارەکەیدا وێڕای ئاماژەدان بە هەژاری و برسییەتی خەڵک لە دەورانی "ئیمام عەلی"، ئیمامی یەکەمی پێڕەوانی ئایینزای شیعە، شێوازی خەلافەتی ئەو سەردەمەی "ئیمام عەلی"ی بە دادپەروەرانەترین حکوومەت و جۆری دەسەڵاتداری دانا و گوتی: "ئەگەر ئەمیرەلمومێنین ١٠ تاکوو ٢٠ ساڵی تر حکوومەتی بکردبایا، بێگومان هەژاری و برسیەتیی بنەبڕ دەکرد و نەیدەهێشت. ئەگەر کۆماری ئیسلامییش زۆر بەرزەفڕ بێ، ڕاست دەبێتە هەمان خەلافەتی ئەمیرولمومێنین"

هەنووکە نەک هەر دە تاکوو بیست، بەڵکوو زیاتر لە چل ساڵ لە قسەکانی خامنەیی تێپەڕ دەبێ و نەتەنیا هەژاری و برسیەتی لە وڵاتی ئێراندا بنەبڕ نەبووە، بەڵکوو بەپێی دواهەمین ئامارە فەرمییەکان؛ یەک لەسەر سێی حەشیمەتی کۆمەڵگەی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدان و کارناسانی ئابووریش پییانوایە کە ئەو ڕەوتە درێژەی هەیە و بە هەمان شێوە بەردەوامە.

مانگی گەلاوێژی ساڵی ڕابردوو، وەزارەتی هاریکاری، کار و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتیی ڕێژیمی ئێران، بۆ یەکەمجار ڕاپۆرتێکی فەرمیی لەسەر هێڵی هەژاری لە ئێراندا بڵاو کردەوە کە بەپیی ئامارەکانی ئەو ڕاپۆرتە، لە ساڵی ١٣٩٩ی هەتاویدا هێڵی هەژاریی هەر تاکێکی ئێرانی بە شێوەی نێوەنجی یەک میلیۆن و دووسەد و پەنجا و چوار هەزار (١٢٥٤٠٠٠) تمەنی ئێرانی بووە، هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە؛ نرخی هەژاری لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی، نزیک بە سی و دوو لەسەد زیادی کردووە.

لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هۆکارەکانی هەژاری لە ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی، لە وڵامی ئێراندا، بۆ کەمداهاتیی ئەو وڵاتە و نەبوونی پارە و دراوی پێویست لە بازاڕەکانی وڵاتدا دەگەڕێتەوە. بەڵام لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، لە هەر سێ کەسی ئێرانی، یەک کەسیان لەژێر هێڵی هەژاریدا بووە. لە لایەکی ترەوە هەواڵدەریی "تجارت نیوز" لە ڕاپۆرتێکدا بڵاوی کردۆتەوە کە لە ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا، لە کۆی ٨٤ میلیۆن حەشیمەتی ئێران، زیاتر لە ٢٦ میلیۆن کەسیان لەژێر هێڵی هەژاریدا بوون.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە یەک میلیۆن و نیو هەلی کاری لە بەهاری ساڵی ١٣٩٩ی هەتاویدا، لەنێو چوون کە هەموویان ناحکومی و کار و پیشەی چینی هەژاری کۆمەڵگە بوون، وێڕای ئەوەش کە هەڵاوسانی ئابووری لە ساڵی ڕابردوو و هەروەها لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ٦٧ لەسەد بووە، ئەگەری هەیە ڕێژەی هەژاری لە ئێراندا زیاتر پەرە بستێنێ، هەرچەند پێشتریش هێڵی هەژاری لە وڵاتی ئێراندا یەک لەسەر سێی حەشیمەتی ئەو وڵاتەی دەگرتەوە.

عەلی خامنەیی، لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا لە سەفەرێکی دیکەیدا بۆ شاری مەشهەد، لە وتاری نەورۆزیی خۆی لەو شارەدا جارێکی دی بەپێی ئاماری بەڵگەنامەکانی ناوەندی ئاماری بانکی جیهانی، هێڵی هەژاریی هەنووکە لە وڵاتی ئێرانی لەگەڵ سەردەمی پێش لە شۆڕشی ١٣٥٧ بەراورد کرد و ئیدیعای کرد: "پێش لە شۆڕشی ئیسلامی، بە شێوەی گشتی هێڵی هەژاری سەتا ٤٦ بووە، بەڵام ئەو ئامارە لە ساڵی ١٣٩٣ی هەتاویدا بۆ ٩/٥ لەسەد دابەزیوە".

لە مانگی ڕێبەندانی هەمان ساڵدا، "محەمەدعەلی جەعفەری"، فەرماندی ئەو کاتی سپای تیرۆریستیی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی پرۆژەگەلێکی ئاوەدانکردنەوەدا، لەسەر قسەکانی خامنەیی، ڕایگەیاند کە دابەزینی هێڵی هەژاری بە ڕێژەی سەتا ٣٦ شانازییەکی مەزنە بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام ئەو دروشم و چەواشانەی بەرپرسانی ڕێژیم هەر لەو کاتەدا لەلایەن ماڵپەڕی "فکتنامە"وە بە درۆ خرانەوە و هەمووی بە چەواشەکاریی بەرپرسانی ڕێژیم لەقەڵەم دران.

بەپێی نووسراوەکەی ماڵپەڕی "فکتنامە"، بانکی جیهانی نە لە ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی خۆیدا و نە لە دواهەمین ڕاپۆرتیدا لەسەر هەژاری، هیچ ئاماژەیەکی بەو ئامارە چەواشانەی بەرپرسانی ڕێژیم نەکردووە، لەسەر چەواشەکانی بەرپرسانی ڕێژیمیش لەبارەی پێش لە شۆڕشی گەلانی ئێران هیچ ئامار و زانیارییەک لەبەردەستدا نییە و لەو پێوەندییەدا تەنیا وتارێکی نووسراو هەیە کە ئەویش لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی، لەلایەن "جەواد ساڵحیی ئێسفەهانی" و لە زانکۆی "ویرجینیا تەک" نووسراوە.

بەپێی هەڵسەنگاندنی ئامارەکانی ئەو وتارە و بە بەراورد لەگەڵ ئاماری سەرژمێرییەکانی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی، دەکرێ بوترێ کە یەک لەسەر سێی حەشیمەتی ئەو کاتی وڵاتی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا بوون. ماڵپەڕی "فکتنامە" لەم پێوەندییەدا نووسیویەتی: "لەو سەردەمەدا حەشیمەتی دانیشتووانی شارەکانی ئێران نزیک بە ١٥/٨ میلیۆن کەس بوون و ڕێژەی حەشیمەتی دانیشتووانی گوندەکانیش نزیک بە ٩/١٧ میلیۆن کەس بوون. بەپێی ئەم ئامارەش ڕێژەی هەژاریی وڵاتی ئێران لەو سەردەمەدا دەبێت بەم شێوەیە بێت؛ کە نزیک بە ٧/٦ میلیۆن کەس لە گوندەکان و نزیک بە چوار میلیۆن کەسیش لە شارەکاندا، واتە بەگشتی لە کۆی ٣٣/٧ میلیۆن کەسی حەشیمەتی ئێران لەو سەردەمەدا، نزیک بە یەک لەسەر سێی ئەو حەشیمەتە لەژێر هێڵی هەژاریدان کە دەکاتە نزیک بە ١١/٦ میلیۆن کەس، یەکسان بە ٣٤/٤ لەسەدی ڕێژەی گشت دانیشتووانی وڵاتی ئێران.

ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی، پێش لەوەی کە وتارە چەواشەکارانەکەی خامنەیی، لەسەر دابەزینی هێڵی هەژاری لە وڵاتی ئێراندا، هەواڵدەریی "ڕۆیتێرز" ڕاپۆرتیکی لەسەر سامان و دارایی تاکەکەسیی خامنەیی بڵاو کردەوە و لەو ڕاپۆرتەدا سامانی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران بە زیاتر لە ٩٥ میلیارد دۆلار مەزندە کرابوو، کە دەکاتە نزیک بە سەتا ٤٠ی داهاتی هەناردەکردنی نەوتی وڵاتی ئێران لە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی و زۆر زیاتر لە سامان و دارایی پاشکەوتکراوی شای پێشووی ئێران (محەمەدڕەزا شا).

ڕەشەمەی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی، عەلی خامنەیی، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی "ئەمیرکەبیر"دا، گوتی: "ئازادییەک سنوور ببەزێنێ، کارەسات دەخولقێنێ. هەر جۆرە زوڵم و دیکتاتۆرییەک یان ئەوەی کە کەسێک بیهەوێ بەپێی ویست و حەزی تاکەکەسیی خۆی چارەنووسی خەڵک بەدەستەوە بگرێ، قەبووڵ ناکرێ و لە هەر شوێنیکیش شتی وا بێتە پێش، کارەساتە". سەرەڕای هەموو ئەو دارایی و سامانەی خامنەیی، بەڵام هەژاری، بێکاری و قەیرانەکانی تر بە شێوازێک بەرۆکی کۆمەڵگەی ئێرانی گرتووە کە ڕزگاربوون و دەربازبوونی ئەو خەڵکە لە قەیرانەکان ئەگەرێکی نەلواوە.

لە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاویدا، بەپێی ڕاپۆرتی فەرمیی خودی ڕێژیمی ئێران، یەک لەسەر سێی حەشیمەتی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژیان، کە لە ئاکامدا ناڕەزایەتییە پەنگخواردووەکانی خەڵکی ئەو وڵاتە تەقییەوە و خەڵک ڕژانە سەر شەقامەکان و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش خوێنی خەڵکانی ناڕازییان بەسەر شەقامەکاندا ڕشت و هەزاران کەس بوونە قوربانیی دەستی تیرۆریستەکانی ڕێژیم. هەنووکەش لە دووهەمین ساڵڕۆژی ئەو تاوان و کۆمەڵکوژییەدا، یەکێک لە ڕۆژنامەکانی نێوخۆی ئێران (ڕۆژنامەی "کلید") وێنەی دەستێکی بڵاو کردۆتەوە و بە ئاماژە ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانی بە سەرچاوەی کێشە ئابوورییەکان و بەتایبەت هەژاری لەو وڵاتەدا لەقەڵەم داوە. جا ئەو ڕۆژنامەیە ئەو کارەی بەئانقەست کردبێ یان لە پتەی دەرچووبێ و بە هەڵکەوت کەوتبێتە ئەو ڕۆژەوە، یان تایبەت بە ساڵڕۆژی ئەو کۆمەڵکوژییانەوە بووبێ، بەبێ هیچ دادگایییەکی بەرایی، مۆڵەتی چالاکی و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە هەڵوەشایەوە.

ئەبولفەزڵ قەدیانی، چالاکی سیاسی و مەدەنی لە دووهەمین ساڵڕۆژی کوژرانی سەدان کەس لە خۆپیشاندەرانی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، "عەلی خامنەیی"، ڕێبەری ڕێژیمی ئێرانی بە سەرچاوەی سەرجەم کێشەکانی وڵاتی ئێران و تاوانباری سەرەکیی وێرانی، هەژاری، قەیرانەکان و بەدبەختی و چارەشیی خەڵک دەستنیشان کرد. ئەو ڕوو بە خامنەیی دەڵێ واز لەو دیکتاتۆری و "دەسەڵاتی شەیتانییە" (دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە) بهێنێ، دەنا ڕۆژێک خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لەسەر ئەو دەسەڵاتە دەیهێننە خوارەوە.

***

* کاروان مێراوی کردوویەتی بە کوردی

# دارسمە

دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## فەرقی ئەسبهای ئینقلابی و غەیری ئینقلابی

مودەتی چەند ساڵە ئەکسەرییەتی ساکنینی کوردستان بە "ڕەزمەندە-گان"ی جان بەرکەف ئیعتراز دەکەن کە ئەوان ئەسپی قاچاخچییان بە ڕەگبار دەبەستن. وەک موستەحزەرن، نیروهایێ جانبەرکەفێ جمهووری ئیسلامی هیچوەقت حازر نین تەنها بە یەک موورچەش ئازار بگەیەنن. ئەما هەمچنانکێ ساکنینێ موحتەرەمێ غەربێ کشوەر ئیتلاعی وافریان هەیە، ئەو بارگینانەی زیری ڕەگباری نیروهایێ خودی قەرار دەگرن، بەڕاستی جای تەردیدن.

بەعزی ئەوقات ئەم پورسشە مەترەحە کە بە خاطری چی ئەم ئەسبانە موردی حەملەی نیروهای خودی قەرار دەگرن و قاچاخچییەکان نەجاتیان دەبێ. بەینی خۆمان بێت، نیروهای موخلیسی ئینقلاب و مەقامی موعزەمی ڕەهبەری، ئەوندەی ئەزدەستیان بەربێت، بە تەوری موستەقیم بەرەو میشکی قاچاخچیان شلیک دەکەن. ئەمما موتەئسفانە بەعزێک لە نیروهای ما با قاچاخچییەکان بدە بستانیان هەیە. ئەویش هیچ خەتای "ڕزەمەندە-گان" نییە و هەمووی خەتای ئیستکباری جهانی بە سەرکردەگیی ئەمریکا و سەهیۆنیسمە. ئەگەر ئەوان جەمهوریی ئیسلامی و مەردومی هەمیشە دەرسەحنەیان تەحتی موحاسرەی ئیقتسادی قەرار نەدابایە، بە هیچ وەجهـ ڕەزمەندەگان مەجبوور نەدەبوون با قاچاخچییان بدەبستان ئەنجام بدەن.

ئەو محاسەرەیەی ئەمریکا زیاتر قشری مەحروومی جامیعەی هەدەف قرار داوە. لێرەدایە ئەو ڕەزمەندانەی حقوقی ماهیانەیان ناچیزە، لە قشری مەحرووم بە حیساب دێن ومەسرەفی خانەوادەیان بیش از حەدی ئینتزارە. مەعلوومە کالاهای ئەساسیش ڕۆژ بەڕۆژ قیمەتیان ئەفزایش پەیدا دەکات. بە خاتری ئەمە ئەو ڕەزمەندانە ناچارن فکر لە دەرامەدێکی جانبی بکەنەوە. لەبەر ئەوە بە وەرگرتنی مەبلەغێک لە قاچاخچییان چەند تەرەفە بە نیزام خدمەت دەکەن. ئەز تەرەفی بەو حقووقە ناچیزەی قەناعەتیان هەیە و بەوەرگرتنی مەبلەغێک لە قاچاخچییان ئەوان بە مەنبەعێکی ئیدامەداری دەرئامەدی خۆیان تەبدیل دەکەن. لە تەرەفێکی دیکەوە ئەسپەکانیان دەدەنە بەر ڕەگبار و دەیانتۆپێنن. بەینی خۆمان بێت، ئەم قاچاخە شتێکی خراب نییە. در ئەساس ئیحمتالەن وارداتی مەشرووب بە سوودی نیزام بێت. از تەرفی ساکنینی نەواری مەرزی تەنها فکر لە بەڕێچوونی خۆیان دەکەنەوە و بە هێنانی مەشرووب مەشغول دەبن و ئەز تەرەفی دیکە ئەو مەشرووبەی دەگاتە شارە گەورەکانی وەک ئیسفەهان و شیراز و قوم و تاران و مەشهەد، سەهمێکی دەکەوێتە دەست ئەو کوڕ و کچانەی زیاتر بە شەبەکەهای ئیجتماعییەوە وەسڵن و لە مێهمانیی شەوانەیان بە خواردنەوەی ئەم مەشرووبە مەغزیان مەشغوڵ دەبێت و فکر لە تەوتئەچینی عەلەیهێ نیزام ناکەنەوە.

ئەما هەمچنین لازمە ئیشارە بە مەتلەبێکی دیکەش بکەین. ئەویش فەرقی ئەسبهای گوناگونە. دەرئەساس لەم بورهەیەی زەمانی فێعلیدا ئەسبی وا وجوودیان هەیە لازمە ناویان لە کتێبی "گینس"دا بنووسرێ و ببن بە سەرلەوحەی هەموو ئەسب و بارگین و قاتر ئولاغی عەسری حازر. در ئەساس ئەسب حەیوانێکی مەزلووم و خدمەتگوزارە و بە سەربولندی لە عوهدەی ئەوکارانە بەردێ کە ئینسان ناچاری دەکا ئەنجامی بدات. بەر ئین ئەساس ئەسبها بە چەند دەستەی موتافوەت تەقسیم دەبن، دیارە من دێرەدا مەقسەدم ئەو شوغڵەیە کە ئەسبهای گوناگون ئەنجامی دەدەن و کارم بە نەژادیان نەداوە و هەدەفم ئەو خەیانەت و خەدەماتەیە ئەسب دەتوانێت ئەنجامی بدات.

زمنەن بەد نییە لەم فۆرسەتەدا ئیشارە بە ئەسبێک بکەم بە ناوی "زولجەناح". زولجەناح ئەو ئەسبە بوو دەر تولێ تاریخ ناوی بەر سەرێ زەبانهایە. ئەسبی ئیمام حوسێن بوو کە لە هەنگامی شەهادەتی ئیمام ئەز حوزن و ئەندوهی شەهادەتی ئیمام سەری لە دار و بەرد دەدا. مەعلوومە ئوممەتی هەمیشە دەر سەحنە و ئینقلابییش بەینی ئەسبی خاین و مەشرووبکێش و ئەسبی وەک زولجەناح فەرق قائلن.

بۆ یادئاوەری ئەخیرەن لە مەنتیقەی لاهیجانی شومالی کشوەر ئەسبێک وجودی هەبوو کە سالها بوو لە مەراسیمی عاشوورادا نەقشی زولجەناحی بازی دەکرد و خەڵک زۆریان خۆش دەویست و زۆر پێی ئەلاقەمەند بوون. بە گوفتەی مەردومی مەنتەقە، ئەم ئەسبە مودەتی دە ساڵ بوو هەموو عاشوورایان ئەم نەقشەی بە جوانی بازی دەکرد و شیرکەتکونندەگانی مەڕاسیمەکان بەو قەناعەتە گەیشتبوون ئەم زولجەناح ڕەگێکی خوێنی زولجەناحی ئەسلی تێدایە. بە همین خاتر بوو وەقیتیکێ ئەم ئەسبە لە چەند ڕوزی گوزەشتەدا مرد، مەردوم لە دیهاتی دوور و نەزدیک بۆ تەشییع جەنازەی هاتن و دوای ئەوەی غوسلی مەیتیان کرد، داخلی کەفەنی سپی و بە گولابپاشیان کرد و بە هەمراهی نەوحە خاندن، بە خاکیان سپارد.

ئەم عەمەلە ئینقلابیە نشانی دا ئەو ئەسبانەی بە جێگای حەملی باری حەرام، دە مەراسمی حاشورادا شرکت دەکەن، بە ڕەگبار نابەسترێن و دەر ئەوجێ ئەرزش و ئیحترام دەر میانی ئەنبوە مەردومێ وەفادار بەخاک تەسلیم دەکرێن.



# بایەخی «شوناس» و سەنگی «دیاسپۆرای کورد»

د. سمایل بازیار، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و مامۆستای مێژوو لە سمینارێکدا کە کۆمیتەی نۆرویژ ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی خەزەڵوەر بۆ بەڕێزیانی ڕێکی خستبوو، باسی لە گرینگیی "شوناس" و قورسایی هێزی "دیاسپۆڕای کورد" کرد.

بەڕێزیان لە سەرەتای باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە ناسنامەی کوردبوون و هەستی وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەریی کورد بۆتە هۆی ئەوە کە تا ئێستا، گەڵی کورد بتوانێ خۆی لە "ئاسیمیلاسیۆن" واتا تووانەوە و لەنێوچوون کە بە شێوەیەکی بەرنامەدارێژراو لەلایەن دەوڵەت ـ نەتەوەکانی داگیرکەری کوردستانەوە بپارێزێ. د. بازیار گوتی: هەستی نەتەوەیی لەگەڵ مرۆڤ لە دایک نابێ و خۆڕسک نییە، بەڵکوو لە ماوەی ژیانیدا فێری دەبێ و فێردەکرێ. بۆ وێنە مامۆستا هێمن لە پێشەکیی کتێبی "تاریک و ڕوون"دا دەڵێ کە مامۆستا فەوزی کاریگەریی گەورەی لەسەری بووە بۆ ڕێبازی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریی فێر کردووە؛ بۆیە لەسەر دایکان و باوکانی کورد گرینگە بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بدەن و بە هەستی کوردایەتی، نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی ڕایان بێنن و گۆشیان بدەن.

د. سمایل بازیار لە درێژەی باسەکەیدا هاتە سەر پرسی دیاسپۆرا و قۆناغەکانی کۆچی کوردان بۆ تاراوگە. بەڕێزیان لەو بەشەدا وێڕای ئەوەی شیکاری بۆ مانا و مێژووی دیاسپۆرا کرد گوتی: سەرەڕای ئەوەی کۆچکردن بۆ تاراوگە گیروگرفتی تایبەت بە خۆی بۆ مرۆڤەکان دروست دەکا، بەڵام زۆر جاریش لە بواری سیاسی، تاراوگە کەسانێکی پێگەیاندووە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی ناوخۆی وڵاتەکەیان بووە و تەنانەت دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەشیانی گۆڕیوە. د. بازیار لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە ڕووداوە گرینگەکانی مێژوویی سەدەی بیستەم کرد کە کەسانی وەک لێنین لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری یەکیەتیی سۆڤییەت، گاندی لە هیندوستان، دۆگۆل لە فەرانسە و هاتنەوەی دوکتور قاسملوو لەدوای شۆڕشی ئێران و ڕێبەرایەتی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێنیان بووە و ئەوانە هەموو لە تاراوگە و دیاسپۆراوە ڕێبەریی ئەو شۆڕش و جووڵانەوانەیان کردوون.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا دوکتور بازیار باسی لە گرینگی و بایەخی ڕەوەندی کوردان لە تاراوگە کرد کە زۆر جار توانیویەتی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهان و تەنانەت وڵاتانیش بگۆڕێ. لەو گۆشەنیگایەوە بەڕێزیان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کوردانی دیاسپۆرا پێویستە یەکگرتوویی زیاتریان هەبێ و بەتایبەتی کچان و کوڕانی کورد کە لە دەرەوەی وڵات پێگەیشتوون و توانیویانە سەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندن لە زانستگاکانی دەرەوە تێپەڕێنن، دەبێ زیاتر هەوڵ بدەن و لە خوێندن و خۆپێگەیاندن شل نەبنەوە، تاکوو بتوانن هەم لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین سەبارەت بە پرسی کورد شوێندانەر بن و هەم پاڵپشت و یارمەتیدەر بن بۆ نێوخۆی کوردستان.

شایانی باسە لەو سمینارەدا ئەو لاوە کوردانەی لە دەرەوەی وڵات خوێندنی زانکۆیان تەواو کردووە و قۆناغی بەرزی خوێندنیان بڕیوە بەشدار بوون و لە کۆتایی سمینارەکەشدا هاوڕێ خوسرەو قادری بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ باسی لەوە کرد کە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوون، هەوڵی داوە لاوانی کورد کە خوێندنی باڵایان تەواو کردوە لە دەوری یەک کۆکاتەوە، کە دیارە ئەوە یەکەم هەنگاوە و هیوای خواست کە لە داهاتوودا ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە بە ڕێژەی زیاتری بەشداران بەڕێوە بچێ.

**چالاکانی نێوخۆی وڵات:**

# ڕەشبگیرەکان لە کوردستان ناتەبا لەگەڵ ئەو دروشم و بەڵێنانەن کە ڕەئیسی دەیدا

کۆمەڵێک لە چالاکانی مافی مرۆڤ و مەدەنی و سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاردانەوە بە دەسبەسەرکرانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە. لەو بایاننامەیەدا داوا لە کۆماری ئیسلامی کراوە کە کۆتایی بەو ڕەشبگیرەی لاوان لە شارەکانی کوردستان بێنێ.

**دەقی بەیاننامەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:**

"کۆتایی بە دەسبەسەکردنی بەکۆمەڵی خەڵک لە کوردستان بهێنن"

هەر وەکوو دەزانین لەم ڕۆژانەدا کە بێکاری، هەژاری و دەیان کێشە و دیاردەی تر و گرفتاری و داڵغەی بژێویی ژیان لەم نیشتمانەدا، باڵی بەسەر خەڵکی وڵاتدا کێشاوە، کوردستانیش لەم نەهامەتی و کێشە و گرفتانە بێبەری نییە و ئامارەکان دەخەری ئەوەن کە ڕێژەی دیاردەکان و بەتایبەت دیاردەی چارەڕەشی و هەژاری، بارودۆخەکەی لە کوردستانیشدا خراپتر کردووە.

لە وەها بارودۆخێکدا کە بێهیوایی پەرەی سەندووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ، بەداخەوە دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی ڕێژەیەکی بەرچاو لە چالاکان و لاوانی کورد، دڵگرانیی بنەماڵەکانیان لێ کەوتووەتەوە و هەروەها نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانیشی زۆرتر کردووە؛ گوشارە نایاساییە ئەمنییەتییەکان بارودۆخی ژیانی خەڵکیان دژوارتر کردووە و گوشارە ڕوحی و دەروونییەکانی لەسەر خەڵکیش زۆرتر کردووە.

ئەو شێوازە هەڵسوکەوتانە و دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی خەڵک لە کوردستاندا، لەگەڵ بەڵێنەکانی سەرۆککۆمار و قسەکانی سەرۆکی دەزگای قەزایی کە لە چەند مانگی ڕابردوودا زۆر جار لە پشت مایک و تریبۆنە فەرمییەکانەوە ڕوو بە خەڵک و ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکیان دەدا، زۆر ناتەبایە.

ئێمە کۆمەڵێک لە چالاکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کوردستان، بەردەوامیی ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنانە لەگەڵ هاووڵاتییانی کورد بە پێشێلکردنی مافی بنەڕەتی و سەرەتایی و شارۆمەندییەکان کە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتووە و هەروەها لەگەڵ ئەو کۆنڤانسیۆنە سیاسی و مەدەنییانەی کە کۆماری ئیسلامی واژۆیانی کردووە، ناتەبان.

لە کۆتاییدا خوازیار و داواکارین کە گیراوان و دەسبەسەرکراوەکان ئازاد بکرێن.

# ئەو دەریای خوێنەی قەت هەڵنەچۆڕا





و: ڕەسووڵ سوڵتانی

منداڵ لەملاولا وێستاون و بە چاوی جوان و بێگەرد و ترساویان سەیری تەرمەکان دەکەن. جگە لە ژاندارمەیەک کەس لە دەوروبەر نییە. دیارە ساواک حەز ناکا ناسنامەیان ئاشکرا بێ. ژنەکان لە دوورەوە، لەبەر دەرگای ماڵانەوە لە سینگی خۆیان دەدەن و دەڵێن: "دایکی بمرێ. دایکت بمرێ". پیاو تاک و تەرا، هەر بۆ ئەوەی بزانن چ بووە، لادەدەن و بەوێدا ڕادەبرن، خۆیان بەلای تەرمەکاندا خوار دەکەنەوە و ئاوڕ لە تەرمەکان دەدەنەوە. وەک چناری بەردەم ڕەشەبا، سەر دەچەمێننەوە و سەر دەچەمێنن و سەر و سینگیان بەرەو تەرمەکان دەچەمێننەوە.

وەکوو فەرمانبەرێکی پلەنزم کە بەلای سەرۆکەکەیدا ڕادەبرێ. کە قۆپچەی چاکەتەکەی دادەخا و بە ترسێکی تێکەڵ بە ڕێزەوە خۆی بەرەو لای وەردەسووڕێنێ. لە ژێرەوە سەیریان دەکرد. وەک شەرمەزار بن و بەو سیمایەوە داوای لێبوردن بکەن. بەڵام چار چییە. ڕاستیی ژیان -کردەوە نەک خەیاڵ- ناچاری کردوون، کە تەنانەت لەگەڵ خۆشیان ڕاستگۆ نەبن. لێرە، ئێمەی بەپێچەوانەی ڕووناکبیران بەشوێن ڕووداوەکانەوەین. وەشوێن مەنتق ناکەوین. بیرکردنەوە؟ نەخێر، بیرکردنەوەیەک نەبوو ڕێنوێن بێ. ئەوەی وا ئەو، ئەوان ئێستا لە دەم حەوزی مزگەوتەکە خەوتبوون، بۆخۆیان، بۆخۆیانیان دروست کردبوو. لە هزر و خەیاڵیاندا نەبوو، نەیاندەدی. ئەگەر بیرێکی ڕێنوێن هەبوایە، کاریان لە چاو و گوێیان دەکرد. هزر نەبوو، کردەوە بوو. بەڵام ئەی ئێستا کە بۆخۆیان دەیاندی؟ هەڵبەت ئەو شتانە، یانی لەڕاستیدا نەبوونیان پێویست بوو، چونکە ئەگەر تەرمی ئەوانە و کەسانی وەک ئەوانە نەبوایە، لەبیریان دەچۆوە کە زیندوون، هێندە لەگەڵ ئەو ڕەوتە ڕاهاتبوون.

ڕاوەستاوم. چاوم لەسەر چاوە خێڵەکەی عەوڵا و ڕوخساری گەنج و خەولێکەوتووی مامە ئاوارەیە. نازانم. یانی فەلسەفەی دەزانی؟ لەوانەشە زانیبێی، چووزانم. یانی دەیزانی کە بنیادەمەکان هۆگری یەکن و لە ناخەوە وابەستەی یەکترن و هەر کەسە و لەوی دیکەدا دەژی و ئەوانی دی لەودا دەژین؟ پێم وا نییە. بەڵام باشە ئەگەر نەیدەزانی، ئەی بۆچی خۆی بۆ خەڵکەکەی تەرخان کرد و ئەگەر ئەوە ڕاست بوو کە خەڵک لەودا دەژیان، ئەی بۆچی هەمووان لەگەڵ ئەو وەڕێ نەکەوتن و ئەو بۆچی بەڕواڵەت لەنێو دەگمەن هەڤاڵەکاندا تەنیا بوو؟ بەڵام ئەگەر تەنیا بوو، ئەی چ شتێک بوو کە ئەوی بەرەو پێشەوە پاڵ دەنا؟ هەر ئەو تاک و تەرا هاوڕێیانە؟ دەی خۆ ئەوە بەس نییە. بەڵام ئەگەر ئەو خەڵکە بوون وا ئەویان بەرەو پێشەوە دەبرد، ئەی بۆچی لەگەڵی نەبوون. بۆچی ئاوا خۆیان لار دەکردەوە و خێرا خێرا، وەک بڵێی لە ترسی لۆمە، دوور دەکەوتنەوە؟

بەڵام مەگەر پێویست بوو، پێ بەپێی لەگەڵی بن؟ هەم لەگەڵی بوون و هەم لەگەڵی نەبوون... بوون. چونکە ئەویش ئەوانی لە ناخی خۆیدا دەدی، هەبوون، چونکە هەر جارێکی تووشی دەبوون، لەخۆیاندا باوەشیان بۆ دەکردەوە. کەچی هەر کام لەگەڵ خۆیەکانی دیکە بوو. لەگەڵ هەزارانی وەک وی. بە دەردی دەڵێن، هەر بزنەی بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیشت، کەچی هەر لەگەڵ مێگەلیش بوو. ئەگەر جووڵەیەک هەبوو، کە بە دڵنیاییشەوە هەبوو، هەستپێنەکراو بوو، بەڵام ئەو هەر دەڕۆیشت، بەو هەستەوە کە تەنیا نییە. جوان لێم ڕوون نییە، لەوانەشە نەیزانیبێ. لەوانەشە نەیزانیبێ کە چ کارێکی گرینگ دەکا، بەو هەنگاوەی بەرەو نەمان دەینێ. دیارە لەبەر ئەوەی دایمە بەو خەیاڵەوە دەژیا، هەستی پێ نەکردووە و نەیدیتووە. بە دەردی پیاوچاکە مەسیحییەکە، ماسی لە دەریادا بوو و دەریا لە ماسیدا و ماسی ئاوەکەی نەدەدی. لەوانەیە چۆنایەتیی "سرووشتی" ڕەوتەکە لە سیمای سروشتی و ڕاستەقینەی خۆیدا پاساوی ئەو شتە بووبێ. ئا هەر کەسە و هەر شتە، دەیەوێ و دەبێ بەگوێرەی هەلومەرجەکانی خۆی بژی. وەختێک ئەو مەرجانە نەبن، ناژی. نەک بڵێی ناژی، ژیان لەگەڵی نایە و دەمرێ. ئەو دەیەوێ ژیان لەگەڵ خۆی پەلکێش بکا، لەحاڵێکدا ژیان دەبێ ڕێی خۆی ببڕێ، ئەرک و مەبەستێکی دیکەی هەیە، بەڵام دوایی، بەپێچەوانەی هێندێکان، کە بەواتایەک، بنەمای هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەک دەبەنەوە سەر ناتەبایی لەگەڵ ڕاستی و باوەڕیان وایە ئەو شۆڕش و سەرهەڵدانانە بەرهەمی لاوازبوونی بیروباوەڕن. بەڵام من باوەڕم وایە شۆڕش و ڕاپەڕینی عەبدوڵڵاکان و شەریفزادەکان، بەرهەمی ئەوپەڕی باوەڕمەندییە بە بەها و بایەخەکانی بیروباوەڕیان. شەریفزادە باش ناناسم، بەڵام تا ڕادەیەک ئاشنای بنەماڵەی عەبدوڵڵام. دەزانم بەها و بایەخەکانی ژیانی چین. باپیرەیان کوشتبوو. براکەیان پاش ساڵانێک ئاوارەیی کوشتبوو، باوکی لە عێراق حوکمی سێدارەی بۆ دەرچووبوو، لە ئێران چووبووە بەر سێدارە، لەژێر چاودێریدا بوو، بۆخۆی بەرچاو بوو.

هەست و ئەخلاق چیی لێی دەویست؟ ئەخلاقی مەڵبەند و بنەماڵەکەی چیی لێ دەویست؟ هەر ئەوەندە، ئەگەر منداڵ و نانخۆرێکی هەیە، تێریان بکا و دوایی تۆڵەی خوێنی کوژراوان و مردووەکانی بکاتەوە و نەریتی بنەماڵەکەی بەزیندوویی ڕاگرێ. بە دەردی خەڵکی ئێستا خستبوویانە دۆخێکەوە، کە دەبوو بەرگری لە کوردبوونی بنەماڵەکەی بکا. ڕێگەی دیکەی نەبوو. ئەو وەشوێن بیروباوەڕی خەڵک نەکەوتبوو. بیروباوەڕی خەڵکی هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نەبوو. هەوساری بیروباوەڕی بەدەست خەڵکییەوە نەبوو و چاویلکەی خەڵکی لە چاوی نەکردبوو. دەیویست کورد بێ و کورد بمێنێ. یانی دەبوو بمێنێ.

جەنازەکان خەوتبوون. مێش و مەگەز لە دەوری زارە نێوەداپچڕاوەکەیان دەهاتن و دەچوون و من نوقمی ئەو خەیاڵانە بووم، کە زریکەیەک دڕی بە هەواکە دا. ڕاچڵەکیم. ژاندەرمەی پاسەوانیش ڕاچڵەکیبوو. منداڵ بێدەنگ بوون. پشووەبایەک دەنگی زریکەکەی پێش کەسەکە گەیاندبووە کۆڵانەکەی بەر مزگەوتێ. پوورە ڕابیی ژنی مامەقالە بوو. منداڵ ڕێیان بۆ کردەوە. ژنە بە شین و گریان خۆی بەسەر تەرمەکان کێشا. پرچ و ڕوومەتی خۆی دەڕنی و بە بانگی بەرز دەیگوت: "ڕووڕەش خۆم کە بەتەنێم جێ هێشتی پوورێ. پوورت مرێ. پوورت ئاوارەی چۆڵ و چیایان بێ. ئەی ڕۆ، وەی ڕۆ."

ئای چ شینێک، چ فوغانێک. قوڕی وەسەر کردبوو. دادە شیوای کچی و یەک دوو ژنی دیکەی لەگەڵ بوون. هەمووان بە بانگ و سەڵا دەگریان. لە سەر پلیکانەکانی بەرانبەر کۆڵانی مزگەوتەوە دەنگی شینی ژنێکی دی دەهات. خزمی مامە ئاوارە بوو. مامە ئاوارە لە ئەسڵدا خەڵکی شارۆچکەکەی ئێمە بوو. ئەو ژنانەی لە بەر دەرگای ماڵەکانی دەوروبەرەوە تازییەیان داگرتبوو و لە سینگی خۆیان دەدا، بە هەڵەداوان هاتن. پیاو و لاو وردە وردە گەیشتنێ. پوورە ڕابی شینی دەگێڕا و هەوری سینگی دایکان خەمی دەباراند.

پیاوان قۆڵیان هەڵماڵی. یەک دوو ڕیشسپی چوون ئیزنیان لە سەرۆکی ساواک وەرگرت بیاننێژن. تەرمەکانیان لەسەر کورسییە لاکێشەکەی دەم حەوزی مزگەوتەکە شوشت و بردیاننە گۆڕستان. پوورە ڕابی پێداگر بوو لە پیرسلێمان بیاننێژن. لە تەنیشت گۆڕی دایکی، دایکی خۆی. زۆربەی خەڵکی شاری لە ناشتنیاندا بەشدار بوون. ژن و پیاو. دەتگوت پێشتر تاقە کەمایەسییەکی هەبوو، ئەوە بوو کەس نەبوو خۆیان لێ بەخاوەن بکا. ئێستا کە مردوو خاوەنی بۆ پەیدا ببوو، هەموان کێبەرکێیان بوو شان وەبەر تابووتەکانیان بدەن و دەریاندەخست دژی حوکەمتن. وەکوو ئێمە، لە تاران.

من سەرم سووڕ مابوو. بەڕاستی بنیادەم دەبوو تا دەمرێ هەموو ڕۆژێ شت فێر بێ. سەرم لێی دەرنەدەچوو. وێدەچوو ئەوە قەڵغانێک بێ، کە بە ئیلهاموەرگرتن لە سروشت بۆ پاراستنی غروور و حەیا و هەستی خۆیان، دروستیان کردبوو. پێم وایە دەیانویست بەبێ زمان، بە ئێمەی منداڵ بڵێن، خۆ هەموو شتێکیان لەبیر نەکردووە. پێم وایە دەیانویست بەوان بڵێن، ژیان جاری وایە وا دەخوازێ کەسەکە وەکوو شلکەگیا چۆن لە هەمبەر هرووژمی ڕەشەبادا دەچەمێ و بە عەرزەوە دەنووسێ، سەر دانەوێنێ و وەختێک ڕەشەبا تێپەڕی، سەر هەڵبڕێتەوە. لەوانەبوو بۆخۆشیان نەیانزانیبێ، ئەودەم بۆچی وایان دەکرد و ئێستاش ئاوا.

***

*** بەشێک لە ڕۆمانی « تا فردا خدا نگهدار» لە نووسینی برایم یونسی کە بە ناوی «برایمۆک» چاپ بووە و ڕەسووڵ سوڵتانی کردوویە بە کوردی. ئەم بەرهەمە هێشتا چاپ نەبووە.**

# پۆلێکی دی لە لاوانی نیشتمان هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە

به تەواوبوونی دەورەی ٢٤٤ی سەرەتایی پێشمەرگە پۆلێکی دی لە کچان و کوڕانی بەهەڵوێستی کوردستان بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشی.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی ئەم دەورەیەی پێگەیاندنی پێشمەرگەدا مەنسوور مروەتی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی سیاسیی پێشکێش کرد.

بەڕێزیان لە قسەکانیدا باسێکی لەسەر شوناسخوازیی نەتەوەی کورد و گرینگیی زمان و کولتووری نەتەوەی کوردی کرد و گوتی: کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی مێژوو هەوڵی لەنێوبردنی زمان و کولتوور و شوناسی نەتەوەیی گەلی کوردی داوە، بەڵام نەتەوەی کورد قەت ئەو مەیدانەی بۆ پیلانەکانی ڕێژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی چۆڵ نەکردووە و لاوانی نیشتمانپەروەری کورد بەردەوام لە مەیدانی خەباتدان و زمان و ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان دەپارێزن.

ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی لە درێژە قسەکانیدا گوتی: هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە لە مەیدانی بەرگریدان بەدژی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی و ناهێڵن شوناسی گەلی کورد بسڕێتەوە و هاتنی پۆلێکی دیکە لە لاوانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی نەتەوەی کورد، وڵامێکە بۆ سیاسەتی داپڵۆسینی کۆماری ئیسلامی کە ناتوانێ زمان و کولتووری کورد بسڕێتەوە و هێزی پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە لە مەیدانی خەباتدا بەرگری لە ماف و شوناسی نەتەوەی کورد لە ڕۆأهەڵاتی کوردستان دەکا.



ئەم ڕێوڕەسمە بە گۆرانی، سروود، خوێندنەوەی پەیامی بەشدارانی دەورە و ڕێزلێنان و بەخشینی خەڵات بە چەند پێشمەرگەیەکی سەرکەوتووی دەورەکە درێژەی پێ درا.

کوردستان
• ژمارە: ٨١١
٣٠ی گەڵاڕێزانی ١٤٠٠ _ ٢١ی نوامبری ٢٠٢١

# گراوی چیایی



ناسر سادقی

سەلیم موعەلیمی ئاوایی ( )یە. ماوەی سێ ساڵە لەسەر حەز و ویستی خۆی لەوێ ماوەتەوە، لەو چەند ساڵە ئەوندە هۆگری سروشت و خەڵکی ئەو دێیە بووە، گەورە و چووکە خۆشیان دویست، دڵسۆز و دووربین و بە هەڵسوکەوتە، سروشتی دڵڕفێن و تایبەتمەندی و ژیریی منداڵان تابلۆیەکی هێند کاریگەریان لە بیر و زینیدا وێنا کردبوو، ڕۆژانــی پشـووش لـە دەرسـەکانی ئەدەبیات و مێژوو یارمەتیی دەکـردن، بــەردەوام بیری لە داهاتوویان دەکردەوە.

دێیەکە چەشنی بەهەشتی خوایی جـوان و دڵگرە. زنجیرە کێوێک لای ڕۆژئاوا هەتا بەرەو ژوورتر هەڵدەکشا، لێرەوار و چڕ و بژوێنە، کانیی ئەو سەرانە ساردیی بەفراویان هەر ماوە، زۆر جار مامۆستا گوێی بۆ دەنگی بلاوێنی شمشاڵی شوانە ڕادەگـرت کە لـەو بەندەنانە هەتا نزیک ئاوەدانی دەهاتە گوێ، هەستی بە مۆسیقایەکی سروشتی دەکرد، دەنگ و جریوەی هیچ مەلێکی ئێسکسووک لەو ناوە غایب نییە، دوور دەڕوانی و بیر لـە خەونەکانی نیشتمان دەکاتــەوە ئەو شێعرەی هێدی لەسەر زارە:

«حەیفە کوێستان بەو سەرە بەرزانەوە هەر تەم نەبێ
ئەو تەمە پیرۆزە سایەیی لەو سەرانە کەم نەبێ
خۆ بە زێڕ نایگۆڕمەوە دەشتی وڵاتـی خۆم بەڵام،
من سـەرم تێدا دەچـێ جێگام ئەگەر ئەستەم نەبێ“

ئەوە عادەتی شوانە بوو، هەواڵی بەسەرچوونی شەوێن و بەپیرەوە هاتنی بێری بۆ دۆشینی ڕانەکەی لە گردەکەی بەر ئاوەدانی دەدا.

شوان چاو لە ڕێی جێژوانە. بێری وەک ئاسکی ناسک، وەخۆ دەکەون هەنگاوەکانیان توند دەکەن، نەرمە شەماڵێک فێنکایی دەخاتە لەشی ماندووی جوتیار و وەرزێــران، ڕۆژ ڕوو لە هەڵکشانە، بەڵام ئەورۆ پێچەوانەی ڕۆژانی ئارامی پێشووە، بۆنی سووتمان و باڕووت ئەو ناوەی داگرتووە، چەند ماشێنێک هێشتا گڕیان لێ هەڵدەستێ. پۆلێک لـە پێشمەرگەکان سـەنگەرەکانیـان لە بەرزاییەکان جێی نەهشتووە، ئەوە بڕیاڕ و پلانی فەرمەندەکەیانە. تەرمی زیاتر لە بیست کەسی نامۆ لە گۆڕەپانێ شـەڕەکە وەک ڕەوە بەراز لمبۆزیان لەو شێوەردەی وا ڕۆژی پێشوو ئاوئاژن کرابوو، لە قوڕ و لیتە ڕۆچووە.

پێشمەرگەکان بـەر لـە دەستپێکی شـەڕەکە بەسەر سێ پەلدا دابەش بوون، پەلێک لە دوور دێ بۆ لەداوخستن و بۆسەی هەر هێزێک ئەگەر هاتن، پەلی دووهەم ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی هێزی دوژمن و بەرپەرچدانەویان. لایەنی سێیەم، یارمەتیدەرە لە هەر حاڵەتێکی پێویست و باڵانسی هێزی پێشمەرگە و پێڕاگەیشتن بە بریندار و پێویستیی لەناکاو.

سەرەتا پێشمەرگەکان زۆریان هەوڵدا خۆیان لە تەنگەژە و تێکهەڵچوون بپارێزن، بە چەند هـۆیـەک، یـەکـەم لـەبـەر ئـەوەی خەڵکی ئاوایی زەرەرمـەنـد نەبن. چونکە وەرزی پێڕاگەیشتنی حاسڵات و هەڵگرتنەوەی بەروبوومی وەرزی ساڵە. دووهەم، ڕێژەی ئەوان زۆر کەمتر لە جاش و پاسدارەکان بوو، پاشان چەندین ڕۆژ لەوە پێش لە ئاواییەکانی سەروو تووشی بۆسەیەکی دژوار هاتبوون و ماندوو بوون، دوو هاوڕێی بەوەجیشیان لەدەست دابـوو کە هێشتا خوێن لە زام و برینیان دەچۆڕا و، هەست و ڕوحیانی دەرزیئـاژن دەکـرد. تاکەشوێنی ستراتیژی و چارەنووسساز گردەبەرزەکەی دوور ئاوەدانی بـوو کـە مـەودایـەکی زیـاتر لـە پێشمەرگەکان دوورترە، بەڵام هەرچۆنێک بوایە دەبوو نەکەوێتە دەست هێزی بەرامبەر. ڕۆژ ڕۆژی وەستان نییە، بوونی دوژمـن لەو بەندەنە بێزارکەرە. دەست لەسەر ماشە سێرەیان لەسەر جووڵەیانە.

چـووکـەڵـی زۆر خـەمـبـارە، بـیـری لای دوو هاوڕێ شەهیدەکەیەتی، ڕقێکی پیرۆز لە سینگیدا شـەپـۆل دەدا. سـەیـرێـکی نـامـە و وێـنـەکـانی شەهید ئەبووبەکری کرد. بۆ تروسکەی کچی و هاوسەرەکەی نووسیبوو، بێسیمەکەی وەرگرت، پێچەکەی سـووڕانـد، گـوتـی: شـەمـاڵ ئاگرەکە هەڵکە، دەبا ئێسک و پرووسکیان هەپروون بە هەپروون بێ. شەماڵ هەڵی کرد، ئاگری بیکەیسی و قـەنـنـاس وەک بـرووسـک و هەوری بەهار چەخماخەی دا، دوژمن قەت پێی وانەبوو، وای بەسەر دێ. سەریان لێ شێوا و گلۆڵەیان کەوتە لێژی. دەستەیەک لە پێشمەرگەکان وەک بەوری بەیان خۆیان گەیاندە دوندی بەرزایی و گردەکە. ”ڕاوچی“ گوتەنی؛ ”کوردستان بە کەس ناخورێ، بەشی کوردە کورد، نامرێ“. بۆ نازانن پێشمەرگە پێش ئەوەی بیر لە پاراستنی گیانی بکاتەوە بیری لای پاراستن وکەرامەتی نیشتمانە؟ بۆ نازانن ئەو ڕاز و نەهێنییە کە وا پێشمەرگەی بەکردەوە لـە مەیدانی خەباتدا هێشتۆتەوە؟ ئەو تەڵقین و بـاوەڕەیـە کە وا پێی وایـە ئـەورۆ یان سبەی هەر سەردەکەون؟ بۆ نازانن ئەوان ڕیشەیان لە قوڵایی ڕۆژهەڵات و خاک و دڵی خەڵکدایە، کەڵ بە مەوتەن شەڕ دەکا، ئەو سنوورانە دوژمن چێی کـردوون، بۆ نازانن ئـەوان بە بـاوەڕ و پەیامی پێشەوای مەزن فرچکیانگرتووە و ڕێی ئاسۆ و هیوایان ڕوونە؟

دیلەکان سەریان وەک مەڕی مردەلۆخ شۆڕ کردوونەوە، سەریان لەبەر یەک ناوە و گوێیان بۆ قسەی فەرمەندەی پێشمەرگەکان شل کردووە. پێشمەرگەکان بۆنی باڕووتیان لێ دێ، ماندوویی و ئارەقەی زیاتر لە دە ڕۆژ بە ڕوخسار و جلە خاکییەکانیانەوە دیارە، بەڵام هەیبەت و ورەیان وەک بـەوری چنگ بەگرە، چاویان وەک هەڵۆ لەسەر هەموو گۆڕەپانەکەیە، شێر لە شەڕگەیە، هیچ جووڵەیەک لە چاویان ون نییە.



فەرمەندەکەیان بە زمانی فارسی قسە بۆ دیلەکان دەکـا، لەهجەی هەیە، بـەڵام لە زاری خۆشە. باس لە ماف و ئازادییە ئینسانی و زمانی و داوا ڕەواکانی گەلێک دەکا کە دوژمنانی حاشای لێ دەکەن و پێملی بچووکترین ویست و داخوازی ئـەو نـەتـەوەیە نابـن، ئـەو دوژمـنـەی پـەلامـاری هێناوەتە سەر و دەسووتێنێ و دەرووخێنێ، تاڵان دەکا... ئەوان دەسەڵاتخوازی پاشکەوتوون و ئێوە نابێ فریوی داو و دهۆی سیستمێکی هەلپەرەست و پیلانە نگریسەکانی وان بخۆن... لە داویـان مەکەون، لە قاویان دەن و دەست بۆ چەک بەدژی کورد مەبەن، ئەهلی چەپڵە و چەلاو مەبن...

دیلەکان وەک مەر یەک لەدووی یەک سەریان لـەدووی یەک نـاوە، خەڵکی ئاوایی سەرسام و شاگەشکەبوون، بزەیان دێتێ، بزەی سەرکەوتنە. کچە لاوێکی ڕەنگگەنم ئاگر لە دەروونی داییسا، چاوەکانی پڕ لە ئـاوە، تنۆکی فرمێسک لەسەر گۆنای دەخزێ. تای زولف وکەزیەکانی بەدەم باوە پەریشان و ئاڵۆسکاوە. جامانەیەکی خوێناویی لـە دەستەکانی توند دەگوشیـن، منداڵی گوند دیلەکان بە پەنجەکانیان دژمێرن. لە نەود، نەود و یەک لێیان تێک دەچێ، دیسانەکە لەسەرڕاوە... ژمارەیان سێ هێندەی پێشمەرگەکانە. ئاخ ئەگەر بڕیار و ڕاسپاردەی ڕێبەران و ئوسوولی ئەخلاقی و شۆڕشگێری نەبوایە، ئێستا هەمووان دەبوو تاوانی کـردەوەی خۆیان بە زیـادەوە وەرگـرن، بەڵام چار نییە.

دەستەیەک لە پێشمەرگەکان دیلەکان و ئەوانی دیکەی دەسکەوت و چەکوچۆڵێکی زۆریان لە چەند تەراکتۆر بار کردون و لەگەڵ چەندکەس لە بریندارەکانیان پاش برینپێچی و دەرمانکردەن بۆ سـەرووی بەرزاییەکانی قەندیل و شوێنی بڕیار بـەڕێ کـران. خەڵکی ئـاوەدانـی و شەش کەس لە پێشمەرگەکان سێ لەو شەهیدە تازانە و دووانەکەی وا لە شەوانی ڕابردوودا گلابوون، بە سرووودی ئەی شەهیدان و حورمەتەوە لە داوێنی بەرزاییەکان ئەسپاردەی خاکی پیرۆزی نیشتمان دەکەن. کات کاتی ڕۆیشتنە، بزووتنەوە نابێ بوەستێ، وەک ئاو وایە گەر بوەستێ یا بۆن دەگرێ، یان لێڵ دەبێ...

زەردەی ئـێـواری بـوو. پێشمەرگەکان، لە تـوولـەڕێـی هـەورازەکـانـەوە یـەک یـەک و دوو دوو دوور لە ئاوایی و ڕوو لە ئاسۆ و شوێنی مەبەست وەڕێ کەوتن. فەرمەندەی پێشمەرگەکان باڵی خەیاڵی بـەرەو ئاسمانی ئاواتەکانی لێک کـردوونـەوە، خـۆی لەگەڵ ئـەوانـە، بـەڵام بیری بــەرەو یـەکـەم جـێـژوان باڵـی گـرتـووە. خەمی لەدەستدانی هاوڕێکانی هەنگاوەکانی قورس کـردوون، بەڵام ژیان ناوەستێ. دەرنگانی شەو گەیشتنە ئاوایی سەیفئاوا. شەوە و ئاسمانێکی پڕ ئەستێرە ئاوەدانی و هەر دوو گراوی تازەلاوی لە سینگی خۆیدا حەشار داوە. لەژێر ڕووناکایی مانگەشەو و تریفەی زێوینی ئەستێرەکان ئارەقی ڕووخسـاریـان وەک ئاوەنگی دەم کـازیـوە و چاوەکانیان وەک پشکۆی ئاگر دەبریقایەوە. یەکەم دیداریانە، بـەڵام هەر ئەو یەکەم دیدارە مێژوویی وچارەنووسسازە کە لەسۆنگەی ئیقباڵی هاوڕێی پێکهاتبوو. کڵپەی گڕی ئەوین و بەڵێنی هەتاسـەرە. دەرفـەت زۆر لەوە کەمترە بۆ ژوان و چرپەی دڵـداری و ڕازونـیـاز. نوقمی نیگا و کەشی بێدەنگی و سریوەی ئەستێرە و ئاسمانی ئـاواتـەکـانـیـانـن. دەنگێک بەئەسپایی وەخـۆی هێنانەوە، دەنگی هاوڕێکەی بـوو. لەسەرەخۆ گوتی: ”هەڤاڵان ئەوینتان بەردەوام بێ“. گوڵاڵە هـەرکـات چـاوی بـە ئیقاڵ دەکـەوت کـوانـووی خـەمەکانی دەگەشایەوە، گریان ئەوکی توند دەکرد و فرمێسک لە چاوکانیدا شەپۆلی دەدا. ئاخر ئەو ڕەفیق و هەڤاڵی لەمێژینەی براگەورەکەی بوو.

سەرەتای مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٠ بوو. کاتێک خەڵک هەواڵیان زانی بە جۆش و خرۆشەوە بەپیر ڕۆڵەکانیانەوە چوون و لە ئامێزیان گرتن. ئاوایی و ئاسمان وێکرا پڕ بوو لە بزە و شایی و شادی و ماچ و گریان، وەرشـەورشـی مانگ و تریفەی ئەستێران و، تریقەی پێکەنین لە دڵی ئاسماندا شەپۆلی دەدا و دەنگی دەدایەوە. دایک و کـوڕ، خوشک و بـرا و هـەڤـاڵان کە وەرزی دوورییـان کۆتـایی هـاتـبوو، مەستی دیـدار و لەئامێزگرتن بـوون. گوڵاڵە هـەر کە چـاوی بە ئیقباڵ کەوت مچورکێک هەموو جەستەی هەژاند. خورپە کەوتە دڵی، ناسۆری کولانەوە، ئەویش زوو هەستی بە نیگەرانی و چاوە بەپرسیارەکانی گوڵاڵە کرد. ئاخر کەم وابوو کاکی لەگەڵ نەبێ...

بەئەسپایی بەجێی هێشتن. چوکەڵی کورتیلە نووسراوێکی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا، دەمـانـچـەکـەی بـە ڕەخـت و فیشەکدانەکەشی توند لە دەستی گرتبوو، سەیرێکی چاوە پڕ لە فرمێسک و ڕووخسارە هەڵبزرکاوەکەی گوڵاڵە کرد، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا. سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕێ. سەیرێکی کاروانکووژەی کرد. هاتە قسە و گوتی ئەوانە دیاریی منن بۆ تۆ و ڕەسووڵ، بیر لە ڕابردوو مەکەوە، دڵنیابە هەرگیز ڕێباز و میراتی شەهید تۆفیق لەبیر ناکەین... نیگایان لە قووڵایی هەست و ناخی یەکتر ڕۆ چوو. لەسەرەخۆ گوتی گوڵاڵە کاتی ڕۆیشتنە... تا دیدار و شەوێکی پڕ ئەستێرەی دی...

دوو دڵدار ڕۆمانێکی سەربەمۆریان لەو ماوە کـورتـەدا لە نیگای یەکتر خـوێـنـدەوە، نهێنی و ڕازەکـانـیـان بە ئەستێرە و تریفەی مانگەشەو سپاردن، بۆوەی لە سینگی خۆیاندا بە ئەمانەتەوە هـەڵـیـانـگـرن و شـایـەتـی ئـەو ئـەوێـنـە پـاک و ئەفسووناوییە بن، هەتا سەفەری داهاتوویان و گەڕانەوەیان بۆ سەروو بەزراییەکانی قەندیل و ڕۆژی گۆڤەندەکەیان لە کۆڕی هەواڵانیاندا.. .

درێژەی لاپەڕەی ٤

# زانکۆ مەکۆی بەرخۆدان و بەستێنی تێکۆشان

کورد و هەروەها ڕوونکردنەوەی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردی بوو. ”کۆمەڵەی زانستیی خوێندکارانی کورد لە ئوروووپا“ ڕێکخراوێکی دیکەی خوێندکاری بـوو کە ساڵی ١٩٥٦ لەسەر دەستی هەندێک بژاردەی کورد وەک دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دامەزرا. ئامانج و چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لە:

– هـەوڵـەکـان بۆ پاراستن و پتەوکردنی بناغەی بزووتـنـەوەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا و بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشە جۆراوجۆرەکان.
– هەوڵەکان بۆ پاراستنی ئەدەب و کولتووری نەتەوەیی کوردستان و بەهێزکردنی بیرکردنەوەی زانستی و فکری.
– پـتـەوکـردن و چەسپاندنی پـەیـوەنـدیی نـێـوان بـزووتـنـەوەی خوێندکارانی کوردی لەسەرتاسەری جیهاندا.
– هەوڵەکان بۆ پتەوکردن و چەسپاندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوە حکومییەکان.
– پشتیوانی لە خوێندکارانی کورد و هەوڵدان بۆ ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بزووتنەوەی ئـازادی و کوردانـی هـەر چـوار پارچەی کوردستان
– بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی ”کوردستان“ و هەروەها کۆمەڵێک وتار و گۆڤار بە زمانی کوردی و زمانی دیکە لەسەر نەتەوەی کورد.

ساڵی ١٩٥٩ ”یەکیەتی خوێندکارانی کـورد“ لە زانکۆی تـاران“ دامەزرا. مەبەست لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە یەکەم ڕێکخستنی خوێندکارانی کورد بوو بۆ چالاکییە سیاسییەکانیان و دووەمیان ئاشناکردنی خوێندکارانی وڵاتانی دیکە بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

ساڵی ١٩٦٠ بە چوونی پۆلێک خوێندکاری نوێی کورد بۆ زانکۆکانی تاران، ئەسفەهان و تەبرێز، ناوی یەکیەتیەکە گۆڕدرا بە ”یەکیەتیی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران“. دوایە خوێندکارانی ڕادیکاڵی ئەندامی حیزبی دێموکرات (سماعیل شەریفزادە، سولێمان موعینی، محەمەدئەمین سیراجی و سالار حەیدەری و... ) بڕیاریان دا دەست بە خەباتی چەکداری لەدژی ڕێژیمی پەهلەوی بکرێ کە ئەم جووڵانەوەیە پاش ١٨ مانگ لە ساڵی ١٩٦٩ تێک شکا و بە شەهیدبوونی ڕێبەرانی بزووتنەوەکە، کۆتایی بە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی هات.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، بە بەڕێوەبردنی کۆڕی یادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە لە زانکۆی تاران لە ساڵی ١٣٦٨ یەکەمین گزینگی چالاکیی خوێندکارانی کورد تروسکایەوە. دوای دەیەیەک و ساڵی ١٣٧٨ یەکەمین بڵاوکراوەکانی خوێندکارانی کورد بڵاو بوونەوە و گەشەی ئەو بڵاوکراوانە بە شێوەیەک بوو کە لە ماوەی چەند ساڵدا نزیکەی ٧٠ بڵاوکراوەی خوێندکارانی کورد بە نێوەرۆکی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە زانکۆکانی سەرانسەری ئێران بڵاو کرانەوە.

دامەزراندنی یەکیەتیی دێموکراتی خوێندکارانی کورد لە ساڵی ١٣٨٣ هەوڵێکی بەنرخ بۆ ڕێکخستنی چالاکیی خوێندکارانی کورد بـوو، هـەروەهـا ڕۆژی ١٢ی بـانـەمـەڕ وەک ڕۆژی خوێندکاری کـورد کە ڕۆژی شەهید بوونـی سمایلی شـەریفزادەیە لـە لایـەن ئەم ڕێکخراوەیەوە دیـاری کـراوە. بەشداریی کاریگەری چالاکانی خوێندکاریی کورد لە خۆپێشاندانەکانی هاوینی ١٣٨٨ی تاران –کە تێیدا کیانوش ئاسا و سانع ژاڵە، شەهید بوون– و پاشان بەڕێوەبردنی یادی خوێندکارە لە سێدارەدراوەکەی کورد –ئیبراهیم لوتفوڵاهی–، ناڕەزایەتی لەدژی لەسێدارەدانی ئیحسان فەتاحیان و مانگرتنی ٢٣ی گوڵانی ساڵی ١٣٨٩ هەموو ئاماژە بە زیندوویەتی و بەرپرسایەتیی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد دەکەن. دواتریش بە دەسبەسەرکرانی تالب بەساتیوەند، خوێندکاری کوردی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی ئیلام –ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان– لەکاتی خۆپێشاندانە جەماوەریەکانی ساڵی ٩٦ی هەتاوی و کوژرانی لەژێر ئەشکەنجەدا شوێنپێی خوێندکارانی کورد لەم ناڕەزایتییانەشدا ئاشکرا دەبێ.

### ئاکامگیری

بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد سەرەڕای هەموو فشار و سەرکوتی ڕێژیم لە جێگە و پێگەی خۆیدا دەتوانێ جارێکی دیکە ڕۆڵی ئاوانگارد و شۆڕشگێڕانەی خۆی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورددا پێشان بداتەوە و بەسەرنجدان بە چالاکییەکانی خوێندکارانی کورد لەم ساڵانەی دواییدا دەتوانین ڕۆڵی پێشەنگ و کاریگەریان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و ڕزگاریی کوردستان ببینین.

لە ئێستادا خوێندکاران توانای زیاتریان هەیە بۆ ڕاکێشان و تێگەیشتنی بیر و هەلومەرجی سیاسی لە کۆمەڵگەدا بەبۆنەی هۆشیاری و کردەوەی سیاسیانەوە و هەروەها بەهۆی پەیوەندی نزیکتریان لەگەڵ بازنە فکری و سیاسیەکاندا دەتوانن ئەم پرسانە بگوازنەوە بۆ فێربوونی بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان. ڕێژیمە دەسەڵاتخوازەکان بۆ ڕزگاربوون لە گوشاری سیاسی و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان ئازادییە سیاسیە دیاریکراوەکان سنووردار دەکەن، کە ئەمەش دەرفەتێکی باش بۆ خوێندکاران دروست دەکا کە لە هەلومەرجێکی وەهادا خۆپێشاندان بکەن. لەکاتێکدا ئەم وڵاتانە ڕووبەڕووی قەیرانێکی ئابووری دەبنەوە، ناڕەزایی سیاسی و ئابووری لە ناو خەڵکدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ، لە هەمان کاتدا ئەگەر خوێندکاران توانای فکری و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی دروستیان هەبێ، ئەوا ڕەنگە ئەو دەرفەتە بگرنە دەست بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتیی خوێندکارانە و گواستەوەی خێراتری ناڕەزاییەتییەکانی بۆ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بۆیە زانکۆ هەمیشە مەکۆی سەرهەڵدان و خەباتە و خەبات دژی سیاسەتی کۆنەپەرەست و جیاوازی لە کۆمەڵگە بە ناوی خوێندکارانەوە نێو نراوە، و خوێندکاران دەتوانن بە یەکخستنی چینەکانی کۆمەڵگە نیزامە کۆنەپەرەست و چەقبەستووەکان بۆ نیزامێکی دێموکرات بگۆڕن.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:811 21 November 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

## بەر لە ماڵاوایی

# تاڵاوەکانت لێ دیارە؟ ئەدی گامێشە تینووەکان چی؟


بابەک ناسری

کاپ ٢٦، گەورەترین کۆڕبەندی ژینگەیی دنیا کە بۆ مەبەستی پاراستنی پتری ژینگە بەڕێوە دەچێ، ئەمساڵ لە گلاسکۆی سکۆتلەند ڕێبەرانی وڵاتانی ئەندامی لە دەوری یەک کۆ کردەوە. مژاری سەرەکیی ئەم کۆڕبەندە تاوتوێی چەندی و چۆنیی کەمکردنەوەی تێکدان و پیسکردنی ژینگە و دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەکانی ئەم قەیرانەی سروشت بوو کە لە سۆنگەی پیشەسازیی مۆدێڕنەوە ڕۆژبەڕۆژ پتر یەخەی کۆمەڵگەی جیهانی دەگرێ.

کۆماری ئیسلامی یەک لەو وڵاتانەیە کە لە ڕیزی سەرەوەی وڵاتانی دژەژینگەدا جێ دەگرێ. لەو کۆبوونەوەیەشدا کە دەبوا سەرۆکی وڵاتان بەشدار بوایەن، ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ڕێژیم لە ترسی گیران و ڕاوەدوونانی نێونەتەوەیی سەبارەت بەو جینایەتانەی کردوونی؛ هەروەک کۆبوونەوەکەی نیویۆرک خۆی لێ دزییەوە و ئەمجارەیان سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەپارێزیی وڵاتی ناردە گلاسکۆ. خۆش ئەوە بوو کە سەرۆکەکەی ڕێکخراوی ژینگەپارێزیی ئێران لەبری ئەوەی قامک لەسەر بابەتی هەستیاری کۆبوونەوەکە دابنێ، جارێ هەلی بۆ هەڵکەوتبوو بکرووزێتەوە و سیلە لە گەمارۆکانی سەر ڕێژیمەکەی بگرێ و ئەموئەوی پێ خەتابار بکا.

عەلی سەلاجەقە لەو کۆڕبەندەدا گوتی «دەوڵەت و ڕێکخراوی ژینگەپارێزیی ئێران کە سەرۆکایەتییەکەی لە ئاستی بریکاری سەرۆککۆمارە، بەرنامەیەکی درێژخایەن و مەزنی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییە ئیقلیمییەکان هەیە، بەڵام کاتێک باس لە هاوکاریی نێودەوڵەتی و خاوەنبەرژەوەندییەکان لە جیهاندا دەکرێ، وڵاتەکەی من بەرگژەیەکی بەرەوڕوو دەکرێتەوە بە ناوی تێرۆریزمی ئابووری.» ئەو پاشان گوتی هەموو پێکهاتەی سیاسیی ئێران و لەسەروو هەمووان خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لە خەمی ژینگە و ژیواری جیهاندان. بەڵام با بزانین وایە؟

لەبیرمانە چەند ساڵ لەوەپێش لە کۆبوونەوەی مەجلیسدا کە باسی پێویستیی نۆژەنسازی و پڕکردنەوەی لایەی ئۆزۆن کرا، نوێنەرە بەڕێزەکەی مەجلیس فەرمایشتی فەرموو: «جا ئۆزون بە مە چی؟ ڕۆژئاواییەکان کونیان کردووە و با بۆخۆیشیان پینەوپەڕۆی کەن و بیدوورنەوە!» جا هەر لە بنەڕەتڕا یەک لەو بابەتانەی کە کۆماری ئیسلامی بە هیچ کلووجێک خۆی لە بەرامبەریدا بە بەرپرسیار نازانێ، ژینگەیە. لە سپاردنی مودیرییەتی ژینگە بە کەسانی ناشارەزا، لە سووتاندنی مازووت کە ژینگە پیس دەکا، لە سووتاندنی دارستان بۆ داگیرکاریی زەوی، نەهێشتنی بوورە و کەسنەکێڵ و کردنی بە زەویی خانووبەرە و فرۆشتنی، تەنانەت هەتا فرۆشتنی کێوی دەماوەند لەم دواییانەدا کە ئیدی دیارە ئەم ڕێژیمە چۆن لە ژینگە و ژیواری خەڵک دەڕوانێ. تەنانەت لەوە بەولاتر بینیمان کە ئەوەی لە خەمی ژینگەدا بێ و ڕەخنە لە کارنەزانی و سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بگرێ، گیران و خرانە بەندیخانەوە و تەنانەت زۆر لەوان وەک کاووس سەیدئیمامی تێداچوون و کوشتیانن.

ویشکبوونی گۆلی ورمێ، ویشککردنی تاڵاوە گەورەکانی وڵات لە «گاوخونی»یەوە بگرە هەتا دەگاتە «هورولعەزیم» بەشێک لە جینایەت و کارنامە ڕەشەی ڕێژیم بوو کە سەلاجەقە هەر نەپڕژایە سەری و، لای وابوو ئیدی کۆمەڵگەی جیهانی کەس بەوانە نازانێ. بەڵام نارەزایەتیی وەرزێڕان لە بووشێهر ڕا تا دەگاتە ئیسفەهان و ناوچەکانی دیکەی ئێران شتێک نین چاوی کۆمەڵگەی جیهانی سەرنجی نەدابێتێ. هەروەها کاتێکی زۆریش لە سووتمانەکانی زاگرۆس کە کۆمەڵێک ژینگەپارێزیش لەپێناو کوژاندنەوەیدا گیانیان دانا ڕانەبردووە، ڕێژیم هەروەها ناتوانێ حاشا لە فرۆشتنی ئاو و خاکی خۆی بە وڵاتانی عەرەبیی دراوسێی نەکا. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمیش کە بەدایمە خەریکی شەڕ لەگەڵ دوژمنی فەرزییە و لەو شەڕ و قرمەوقاڵەدا! و لە کاتێکدا مرۆڤ و گیانی خەڵک لای ئەو هیچ بایەخێکی نەبێ، سروشتییە کە ئەوەی بیری لێ نەکاتەوە پرسی ژینگە و ژینگەپارێزییە.

سەلاجقە مەئمووری حکوومەتێکە کە درۆکردن یەک لە تایبەتمەندییەکانیەتی و لای‌وایە دنیا نایناسێ و ئێستا بۆ لابردنی سزاکانی سەر خۆی فرمێسکی گوناحباری دەڕێژێ. لەحاڵێکدا سزا و گەمارۆکان دەرەنجام و لێکەوتەی ڕەفتار و کردەوەکانی خودی ئەو ڕێژیمەن کە لەپێناو مەزنیخوازیی خۆیدا گڕی شەڕ و بشێوی لە ناوچەدا خۆش دەکا. پێداگری لەسەر دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمییش کە لەو سۆنەگەیەوە بە سەدان میلیارد دۆلار لە سامانی وڵاتی بەهەدەر داوە و خەڵکی وڵاتی لە پێناویدا سەرکوت کردووە و چەوساندۆتەوە، هەر لەو بیرەوە سەرچاوە دەگرێ؛ بیر و بیرکردنەوەیەک کە بایەخ و گرینگیی ژینگە تێیدا جێی نابێتەوە.

لە کەس شاراوە نییە لەو چل و چەند ساڵەی نیزامی دیکتاتۆڕیی کۆماری ئیسلامیدا چ جینایەت و کارەساتێک کە ڕێژیم دەرحەق بە ئاو و خاکی ئەم وڵاتە نەیکردبێ. هەر ئەو ماوەیە بوو دیمەنەکانی ویشکبوونی هورەلعەزیم خەستەخەمی خستە سەر دڵی هەر کەسێکی بایەخ بە ژین و ژیان بدا، ئەو تاڵاوەی دوای ویشکبوونی قەڵشت قەڵشت ببوو و ئەو گامێشانەی لە تینوێتی دەیانبۆڕاند.

سەلاجەقە بۆ خۆی و ڕێبەری ڕێژیمەکەی دەبێ بزانێ ئەوان بەرپرسیاری هەموو ئەو تاوان و کارەساتەن و ئەگەر لە دەستیان دێ تاڵاوەکانی خۆیان ببووژێننەوە، گامێشەکان لە تینوێتی ڕزگار بکەن، و پاراستنی ژینگەی جیهان پێشکێشی خۆیان.

## «ئاوازی بێدەنگ» هەوڵێک بۆ دڕدانی شەوەزەنگ


شانۆی «ئاوازی بێ دەنگ» لە نووسین و دەرهێنانی «حوسێن بەلەدی» دوای ئەوەی کە لە شەوانی ١١ی خەزەڵوەر بۆ ماوەی ٨ شەو لە سالۆنی «مجتمع فرهنگی هنری»ی شاری شنۆ چووە سەر سێن و پێشوازییەکەی بەرفرەوانی لێکرا، لە هەوڵێکی سەرنجڕاکێشدا ئێستا لە ئاواییەکانی شنۆ پێشان دەدرێ.

تیمی سەرەکیی ئەو شانۆیە باس لە کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری شنۆ لە ساڵی ١٣٦٧ لەلایەن ڕێژیمی بەعسی عێراقەوە دەکا کە چۆن بێ‌بەزەییانە «سەدام» ژەهری خۆی بەسەر ژن و منداڵانی شاردا هەڵڕشت. ئەو شانۆیە هەتا ئێستا لە ئاواییەکانی «حەسەن نووران و سینگان» پێشانی خەڵک دراوە و بڕیارە لە بەشی هەرە زۆری ئاواییەکانی ئەو شارە پێشان بدرێ.

حوسێن بەلەدی، دەرهێنەر و شانۆکاری ناسراوی شاری شنۆ لەدایکبووی ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوییە. ناوبراو دوامین نەوەی شاعیری ناسراوی نەتەوەی کورد «میرزا محەممەدئەمین بەلەدی» (ئەمین ئوشنویی)»یە کە لە ساڵی ١٣٦٤ەوە هاتۆتە نێو دنیای هونەری شانۆ، و هەتا ئێستا چەندین شانۆ و بەڵگەفیلم و شانۆنامەی نووسیوە و چەندین خەڵات لە ئاستی پارێزگا و وڵاتی ئێراندا وەدەست هێناوە.

کەڵکەڵەی سەرجەم بەرهەمەکانی ئەو دەرهێنەرە کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکە.

## بەشێک لە بەرهەمەکانی وەحید کەماڵی چاپ و بڵاو کراونەوە

بەشێک لە بەرهەمەکانی وەحید کەماڵی، شاعێر و چیرۆکنووسی خەڵکی شاری ئیلام چاپ و بڵاو بوونەوە. ئەم بەرهەمانە کە لە چوار دیوانی شێعر و چوار کتێبی چیرۆکی منداڵان پێکهاتوون، بە شێوەزاری کەڵهوڕی و زمانی فارسی چاپ و بڵاو کراونەوە.

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی ئەو نووسەرە کوردە بریتین لە :

- دیوانی شێعری «آبی، زرد، صورتی سه رنگ نگاه تو» کە بە زمانی فارسی و سەبکی شێعری نوێ و سپی هۆنراوەتەوە.
- دیوانی شێعریی «زڵاڵ» کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی نووسراوە.
- وەرگێڕانی دیوانی شێعریی «کۆهبۆنگ» (لە هۆنراوەکانی حوسێن حەسەنزادە ڕەهدار) لە شێوەزاری لوڕیی بەختیارییەوە هەڵگەڕاوەتەوە بۆ سەر شێوەزاری سۆرانی .
- دیوانی شێعریی «نیاز» کە بە زمانی فارسی نووسراوە .
- کتێبی چیرۆکی منداڵان «ژن باوگ» کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی نووسراوە.



- کتێبی چیرۆکی منداڵان «خوێن نییەخەفێ» کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی خوارین نووسراوە.
- کتێبی چیرۆکی منداڵان «کەم بژی، کەڵ بژی» کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی نوسراوە.
- کتێبی چیرۆکی منداڵان «مەردی و نامەردی» کە بە شێوەزاری کەڵهوڕی نووسراوە.

## کرانەوەی دوازدەهەمین کتێبخانە لە گوندەکانی مەهاباد


سێ کتێبخانە لەلایەن گرووپی گەشە و پەرەپێدانی فەرهەنگی کتێبخوێنی موکریانی مەهاباد، بە هاوکاریی ئەنجومەنی حامیی تاران لە سێ گوند و شارۆچکەی سەر بەو شارستانە کرانەوە.

ڕۆژی هەینی، ٢١ی خەزەڵوەر لە ناوچەی شاروێران بە بەشداریی کتێبدارانی کتێبخانەکانی گوندەکانی دارەلەک، لەج و سەیداوا و خەڵکی فەرهەنگدۆستی شاروێران، دوازدەهەمین کتێبخانە لە ئاوایی «قەرەقشلاغ» بە فەرمی کرایەوە. هەروەها ڕۆژی پێنجشەممە کتێبخانەی ئاوایی «ئوزنتاش» و ڕۆژی هەینیش لە شارۆچکەیی «گۆکتەپە» بینای کتێبخانەی گشتیی ئەو شارە کە لەلایەن ئەنجومەنی حامییەوە و بە هاوکاریی خەڵکی کتێبدۆستی ئەو شارە ساز کراوە، کرایەوە.

شایانی باسە کە گرووپی گەشە و پەرەپێدانی فەرهەنگی کتێبخوێنی موکریانی مەهاباد بە هاوکاری ئەنجومەنی حامیی تاران، تا ئێستا توانیویەتی لە شار و دێهاتەکانی ناوچەی مەهاباد ١٢ کتێبخانەی گشتی بکاتەوە.

## خەڵاتی شانازیی «باواریا» درا بە پەنابەرێکی کورد

لە کۆڕێک بە بەشداری «مارکوس سوودێ» سەرۆک وەزیرانی ئاڵمان میداڵی شانازیی «باواریا» درا بە «چیا ڕەبیعی» پەنابەری کوردی خەڵکی مەهاباد. خەڵاتی «باواریا» بە کەسانێک دەدرێ کە بۆ پاراستنی ژیانی خەڵک گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە.

چیا ڕەبیعی کە بە جلوبەرگی کوردییەوە بەشداریی لەو ڕێوڕەسمەدا کردبوو، دوای وەرگرتنی خەڵاتەکەی گوتی: «وەرگرتنی ئەم خەڵاتە و ڕزگارکردنی گیانی مرۆڤەکان مایەی شانازییە و ئەم خەڵاتە دەبێ پێش ئەوەی بدرێ بە من، بەو دایکە بدرایە کە گیانی خۆی بەختی منداڵەکەی کرد.»

قسەکانی ناوبراو ئاماژەیە بە ڕووداوی ڕۆژی ٤ی پووشپەڕ لە شاری «ڤۆڕتسبورگ» لە ئاڵمان کە تێیدا پەنابەریکی خەڵکی وڵاتی سوومالی بە



چەقۆ ٣ ژنی کوشت و پاشان ٧ کەسی دیکەشی بریندار کرد کە دواتر «چیا ڕەبیعی» بە دەستی خاڵی پێشی پێ گرت و نەیهێشت پەلاماری خەڵکی زیاتر بدا.